

# 100... نزار



ناوەندی توێژینەوەی ئەدەبیی
عەبدولڕەحمان زەبیحی


بەڕێوەبەری دەزگا: سیروان حەمەسەعید

**ناوی کتێب: ١٠٠... نزار**
**ناوی نووسەر: نزار قبانی**
**لە عەرەبییەوە: پشکۆ ناکام**
**دیزاینی بەرگ:**
**دیزاینی ناوەوە: ئومێد محەمەد**
**زنجیرە (   )**
**تیراژ: ١٠٠٠**
**نۆرەی چاپ: ٢٠١٨**
**نرخ:      دینار**
**چاپ: چاپخانەی تاران**

**لەبەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (      )ی ساڵی ٢٠١٨ی پێدراوە**



Tel: 0533202936 07701549509
email: jamalerfan99@gmail.com
facebook: Jamal Erfan’s Library
www. jamalerfan.com

ناونیشان: سلێمانی- شەقامی سالم
بەرامبەر ماکسی مۆڵ



مافی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان، هیچ کەسێک مافی لەبەرگرتنەوەی نییە، جا گەر بەشێوەی ئەلیکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، دەنگی، یان هەر شێوازێکی تربێت.

نزار قبانی



# 100... نزار

به کوردی کردنی
پشکۆ ناکام

٢٠١٨

پێشکەشە بە:

**باوکم " سعید ناکام "**

# پێڕست


بۆچی «نزار قبانی»..؟........................................................... ٩

نزار قەبانی: شاعیرێکی بتشکێن.............................................. ١٣

«پشکۆ ناکام»قەڵەمێکی زمانڕەوان بۆ هونەری وەرگێڕان!................... ٣١

نزار قبانی لە زمانی « پشکۆ ناکام»وە..................................... ٣٥

من و ئەوان.......................................................................... ٣٧

بێ ووشە............................................................................ ٣٨

دادگای بەدواگەڕان.............................................................. ٣٩

تیمساح............................................................................. ٤٠

ڕووخسار............................................................................ ٤١

فێربوون............................................................................. ٤٢

جگەرە............................................................................... ٤٣

شانۆ.................................................................................. ٤٤

سەفەر............................................................................... ٤٥

ڕاوە چۆلەکە......................................................................... ٤٦

دەرگا................................................................................. ٤٧

دوو ساڵ............................................................................. ٤٨

پاڵتۆ.................................................................................. ٤٩

پروتۆکۆل............................................................................. ٥٠

پشووی جەنگاوەرێک............................................................. ٥١

پێخاوس.............................................................................. ٥٢

پەرستن.............................................................................. ٥٣

تاقی کردنەوەکان.................................................................. ٥٤

بژاردە................................................................................. ٥٥

جارانی شاعیر..!.................................................................... ٥٦

بۆ بیر هێنانەوە...................................................................... ٥٧

تۆ...................................................................................... ٥٨

بمخوێنەرەوە........................................................................ ٥٩

گلێنه........................................................ ٦٠
خۆر.......................................................... ٦١
بۆنی نووسراوەکان......................................... ٦٢
بەرنامە....................................................... ٦٣
بێ پرسیار.................................................... ٦٤
زەمەن......................................................... ٦٥
ووشەیەک..!.................................................. ٦٦
هەوڵێک....................................................... ٦٧
بانگردن بۆ ئاهەنگی کوشتن.............................. ٦٩
جەنگی من و چاوەکانت................................... ٧١
پێنج دەقیقە................................................. ٧٣
پێناسەکان.................................................... ٧٥
چادرەکەم..................................................... ٧٧
پول............................................................ ٧٩
حیزبی خەفەت.............................................. ٨١
دەفتەرە کۆنەکان........................................... ٨٣
دابەشکردن.................................................. ٨٥
سوپاس........................................................ ٨٧
لە ڕۆژ ژمێری (سەگێک)ی رۆشنبیر...................... ٨٩
شەڕ............................................................ ٩١
لێبوردن........................................................ ٩٣
لە لیستی ڕەشا.............................................. ٩٥
یاسا، خۆشەیستەکەمە..................................... ٩٧
نامەکان........................................................ ٩٩
ئاگری ڕۆما.................................................. ١٠١
ڕق............................................................. ١٠٣
ئەزانم.......................................................... ١٠٥
ووشە لە ناو دانیانا......................................... ١٠٧

شۆڕشی مریشک.......... ١٠٩
ماندوبوون.......... ١١١
دوا مەرگ.......... ١١٣
دایک.......... ١١٥
دارستانی ڕەش.......... ١١٧
دادگا.......... ١١٩
وولاّت و شووشەی « مەی».......... ١٢١
باڵندەکانی پایز.......... ١٢٣
درکانن.......... ١٢٥
ڕۆژ ژمێری جەنەراڵ.......... ١٢٧
دۆزینەوە.......... ١٢٩
سەفەر.......... ١٣٢
چونە ناو «هیرۆشیما»وە.......... ١٣٥
چیم بۆت نەکرد..!!.......... ١٣٨
خاڵی سەر پیتەکان.......... ١٤١
بۆ ئەنووسم..!.......... ١٤٣
رۆژانەی پیاوێکی دۆڕاو.......... ١٤٧
پیاوێکی تەنیا.......... ١٤٩
پاشای مەغۆل.......... ١٥٢
خۆشەویستم.......... ١٥٥
دڵنەوایی.......... ١٥٨
ماف.......... ١٦١
نامەیەک لە ژێر ئاوەوە.......... ١٦٣
شارەکەمان.......... ١٦٥
نیشتمان.......... ١٦٩
وولاّت وێنا ئەکەم.......... ١٧١
نەوت، وەک گورگ پەلاماری یاین.......... ١٧٤
درەخت.......... ١٧٨

خۆشەویستیت، باڵندەیەکی سەوزە........................................ ١٨١
خۆشم ئەوێیت..و ئەوەش ئیمزاکەم........................................ ١٨٥
تورە بە........................................................................ ١٨٩
حیزبی باران.................................................................. ١٩٣
تۆمارگای دۆڕاننەکان........................................................ ١٩٥
بەرەو کوێ.؟!................................................................ ١٩٩
دونیا لۆمەم ئەکا............................................................ ٢٠٤
سەرەگرتن.................................................................... ٢٠٩
ڕووباری غەمەکان.......................................................... ٢١٣
کێ فێری کردم.............................................................. ٢١٧
نەخشەی من، لەش ولاری تۆیە........................................... ٢٢٢
قەسیدەی غەم............................................................... ٢٢٦
ووڵات: شوقەیەکی بە کەل وپەلەوە...................................... ٢٣٣
ژنێک لە ناخما هات و چۆ ئەکا........................................... ٢٤٠
دوو خۆشەویستی............................................................ ٢٤٨
کەڵەشێر...................................................................... ٢٥٨
نووسینەکانی سەر دیوارەکانی مەنفا..................................... ٢٦٧
مردووەکانی نیشتمان بۆ کوێ ئەچن..!!................................. ٢٧٥
فایلی ئەتک کردنێکی سیاسی............................................. ٢٨٣
کەی وەفاتی «میللەت» ڕائەگەیەنن..!.................................... ٢٩٣
سولطان....................................................................... ٣٠٥

# بۆچی «نزار قبانی»...؟

هەڵبژاردنی هەر دەقێکی ئەدەبی بۆ وەرگێڕان یان بە کوردی کردن یان تەنها بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە ئەبێ مەبەست و بەرچاو ڕوونی خۆی هەبێ ، بەندەش دەمێکە خولیای ئەوەم بتوانم و جاروبار بە ئاسانی و جاروباریش بە ماندوو بوون و مەشەقەت «نزار قبانی»ی شاعیری ڕۆمانسی و بورکانی سۆزو دژە کۆنەپەرستی و دژە دەسەڵاتی دیکتاتۆری و خێڵەکی لە ڕێی بە کوردی کردنی شیعرەکانی بگەیەنم بە خوێنەرو ئەوەی پێی ئەووترێت «ئەهلی ئەدەب»، چونکە لە ئەجینداو بۆچوون و دەقەکانی ئەم شاعیرە مەزنە جگە لەخاوەنێتی قوتابخانەیەکی تایبەتی ڕۆمانسیەت و عەشق و یەکسانی نێرو مێ لەسەر هەموو ئاست و بوارەکان، چەن کۆڵەکەیەک هەن کە شیعرەکانی لەسەر هەڵچنیون و ڕایگرتوون و وا بە باشیش ڕایگرتوونکە نالەقێن، یەکەم کۆڵەکە بەلای منەوە ڕوون کردنەوەی ڕۆڵی نێگەتیڤی ئاینە لەچەقبەستنی کۆمەڵگاو بەربەستێکی بەهێزی هێنانەدی یەکسانی کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان بەتایبەتی یەسانی نێرومێ، دووەم کۆڵەکەش مانەوەی کۆمەڵگاو میللەتەکانی ناوچەکە وەک تەماشاکەر لە ئاست ئەو هەموو پێشکەوتنە ئینسانی و تەکنەلۆجی و سیاسییانەی بەسەر جیهانا هاتوون و

یەن تا ئاستی پەڕینەوە بۆ کەوکەبەکانی تر کە بوونی بیری خێڵەکی و نادیموکراسی لە سیستەمەکانی فەرمان ڕەوایی ناوچەکە (بە کوردستانیشەوە) کاریگەرییەکی گەورەو ڕوخێنەرییان هەیە، چونکە هەردەم خێڵەکایەتی و بەرەو پێشچوون دوو جەمسەری پرۆسەیەکن کە یەکێکیان دایئەتەپێنێ و ئەوی تریان گەشەی پێ ئەیا، کۆڵەکەی سێیەم کە نابێ بازی بەسەرا بەین ئەجینداکانی ئەم شاعیرەیە لە دژایەتیکردنی موتڵەقی فەرمانڕەوایی دیکتاتۆریی عەسکەری و دەسەڵاتی میلیشیا کە لای خۆمان  بەدەقیقەو ڕۆژو هەفتە لە گەڵیا ئەژین، لای «نزار» ووشەی ئازادو شیعری لەدایکبووی جورئەت و بەرگری لەخەڵک رۆڵی رابەرو ئەستێرە ئاسای لە ئاسمانی ئینسانی ئازادو کۆمەڵگەی ئینسان پەروەر هەیە... دەسەڵات و ئایین و خێڵەکایەتی هەردەم هۆکاری زبەلاحن لەبەدەم نەهێنانەدی کۆمەڵگەی مەدەنی و یەکسانی و دادپەرەوەری لەسەروو هەموویشیانەوە یەکسانی نێرومێ بێهیچ چەنوچوون  و ئاخرو ئەبێ و نابێیەک.... ئەوەشمان لە بیر نەچێ گەر بیرکردنەوەی ئەقڵانیمان نەبێ هەزاران بۆینباخ و وەنەوشەو ئوتێلی شەش حەوت ئەستێرە قسەی قۆڕن و ناچنە گیرفانی کەسەوە چونکە شەڕی کۆنەپەرستی و دیکتاتۆری و پیاوسالاری بەپەیڕەوکردنی ئەو  بیرو ئایدیانە ئەکرێت کە

دژایەتییان ئەکات، بیرو باوەڕی ئینسانیش وەک ئینسان چۆن لەدایک ئەبێ ئاوا هیچ بەرگێکی تایبەت بە خۆی نییە، بەڵام ئایا وەرگێڕانێک کە تەنها ووشە بەووشە بکرێ بەکوردی  مەبەست و ئەستێرە نادیارەکانی شیعرەکانی «نزار» ئەکەونەڕوو..؟ بێگومان نەخێر، بۆ ئەوەی ئەو تام و چێژە ئەدەبی و ئەو ریتم و مۆسیقایەی لە نێو دێڕە شیعرییەکانا هەیە، ئەبێت بە فۆرمێکی وا بکرێنە کوردی کە ئەیخوێنیتەوە وا بزانیت ئەو شیعرە لە سەرەتاوە بە کوردی نووسراوە، کە من ویستوومە شیعرێکی تایبەت بەکێشەی خێڵەکایەتی عەرەب بکەم بەم کوردی و بە حوکمی ئەوەی ئەو کێشەیە لای ئێمەش هەیە، پێم باشبووە فۆڕمێکی کوردییانەی بە بەراکەم لە ڕووی زمان و جوگرافیاشەوە، تا ئەو کەسەش کە عەرەبی نازانێ و بە «نزار» ئاشنا نییە لەشیعرەکە تێبگا کە باس لە چی ئەکا.... ئەم پرۆسەی بە کوردی کردنەش هەروا ئاسان نییە جگەلەوەی پێویستی بەوەیە زمانە ڕەسەنەکە واتا عەربی بزانرێت، خودی زمانی عەرەبیش زمانێکی زۆر دەوڵەمەندوچڕە، هەندێکجار بۆ یەک ووشەو لە بوونی پێنج شەش (مرادف) ماندووبوونێکی بەدواوەیە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو مردافەی کە پڕاوپڕ بەرامبەر ئەو وشەیەیە شاعیر مەبەستێتی، یان ڕێکئەکەوێت کە مەبەستی دێرێک، کۆپلەیەک لە کوردیا هەبێت بەمەش



له وەرگێڕانی ووشە بە ووشە قوتار ئەبین و پێکان و مەبەستی شاعیر بە بەرابەرە کوردییەکەی شیعرەکە هەمان چێژی شیعرەکە بە کوردی وەک وێنەو وەک ناوەڕۆک فۆرمی زمانی دووەم وەر ئەگرێت.

دیارە هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی ئەبێ دەرگای خۆی والا بکا بۆ ڕەخنە، ئەم بەرهەمەی بەندەش کلیلی هەر نییەو دەرگاکەی لەسەر پشتە، بەمەرجێ ئەوەی بە جانتای ڕەخنەوە خۆی ئەکا بەمدیوا چەقۆو مشارو پلایس و قەمەی پێ نەبێ بۆ سەرو پۆتەلاکی بەرهەمەکە پێش خۆم، چونکە لەو کاتەیا ناچارئەبم وەلامەکانم، تیژبن وەک چەکەکانی ئەوان، گەر کەسێکیش لە نەزانینەوە ڕەخنەی فڕێ یا، وازی لێ ئەهێنم، چونکە کاتم نییە فێریکەم ڕەخنە چییە...!!

لەوانەشە هەندێک هەڵەی زمانەوانی لێرە یان لەوێ بەرچاو بکەوێ، جگە لەداوای لێبوردن هیچ پاساوێکی ترم نییە، چونکە بەم بەرهەمەوە ماندووبووم و هەموو ماندووبوونێکیش، کاریگەری لەسەر سیحەتی ئەو کەسە بە گشتی ئەبێ، بەو هیوایەی بە سنگفراوانی و گەورەیی دڵتان بمانبەخشن.

**پشکۆ ناکام**

**تەمموز/ ٢٠١٨/سلێمانی**

# نزار قەبانی: شاعیرێکی بتشکێن

«بۆ هەمیشە خۆشەویستی و سۆزداری نێوان ‹مێ و نێر› چەقی بیرکردنەوەی مرۆڤ بووە لە هەموو سەردەمەکان و جوگرافیا جیاوازەکان، بە تایبەتیش پانتاییەکی گەورەی لە دونیای ئەدەبیات و شیعردا داگیر کردووە، دیارە لە کۆنەوە تاوەکو ئێستا شاعیرانی ئەوینداری کاریگەری خۆیان لەسە ملیۆنەها کەس داناوە، بۆ هەمیشە خودی ئەوین و شیعرەکانی ئەویندار‌ی بەردەبازێکن کە لە جیهانی وشک و برینگی واقیعی دەمانگوێزنەوە بۆ ناو ئەفسوون و جاویدانی شانشینی خۆشەویستی و جوانی و هارمۆنیا و ئاشتیەوانی کە تەنها لەوێدا دەگەینەوە بە کەماڵی مرۆییانەی خۆمان. لە راستیدا شیعری عەرەبی بە چەندین وێستگەدا تێپەڕیوە کە گوزارشت بووە لە دژواری و نالۆکییەک کە پەیوەست بووە بە روانینی کۆمەڵگای خۆرهەڵاتی بە گشتی و عەرەبی وئیسلامی بە تایبەتی، دیارە سەبارەت بە شیعری ئەویندار‌ی پتر بووەتە جێگەی مشت و مڕ، گەر دان بەو راستییەدا بنێین کە دەگوترێت خودی ژانری شیعر «دیوانی عەرەب» بووە، واتا بۆتەی مێژوو و هەر هەموو رووداو و ماجەرای خەڵکانی عەرەبستان بووە.

زۆر ئاسانیشە لەوە تێبگەین کە لە شیعری کلاسیکەوە تاوەکو شیعری تازە کە دوا فۆرمی بە شیعری ئازاد یان پەخشانە شیعر ناسراوە، بە قەد مێژووی خۆی هەڵگری گرفت و کێشە و ململانێ و رەتکردنەوە و یان پێشوازیش بووە، چونکە پەیوەست بووە بەو گرێ و ناکۆکی و پشێوییەی کە لە نیوان می و نێردا هەبووە، کولتووری کۆمەڵگایەکی کۆنەپارێز لەم دەڤەرەدا هەرگیز وا تەندروست و ساغڵەم نەبووە لە بەرامبەر پەیوەندی نێوان کچان و کوڕان یان ژنان و پیاواندا کە پەیوەست بووە بە هەڵوێست و بەرخوردی کۆی کۆمەڵگای عەرەبی و ئیسلامی بەرامبەر چەمکی خۆشەویستی و ئەویندارى، گەرچی بە گشتی رۆژهەڵات بە گشتی و مێژووی ئەدەبیاتی عەرەبی بێبەش نەبووە لە ئەدەبێکی ئیرۆتیکی کە سیخناخە لەو میراتەی کە سەبارەت بە سێکس و خۆشەویستی ئەوەندە دەوڵەمەند بووە کە برێکی زۆر لە خەڵکی وڵاتانی «خۆرئاوا» هەم پێی سەرسام بوون و هەم سوودیان لێ بینیوە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیات و کولتووری خۆیان، بۆ نموونە: داستانی «هەزار و یەک شەوە» ، بگرە لاسایی کردۆتەوە، چ لە ناورۆکدا و چ لە هونەر و تەکنیک و فۆرمدا.

هەڵبەتە ئەوەشمان بیر نەچیت کە سەبارەت بە خۆشەویستی وەک دوا خەونی مرۆڤ بە مێ و نێرەوە

رووباری خوێن و بارانی فرمێسک وشکیان نەکردۆتەوە، نە لە کۆن و نە لە هەنووکەدا، بگرە ئەوەیان لە شیعرەکانی ناو ستران و گۆرانییەکان بەشی شێری بەر دەکەوێت. بگرە لە داستانەکانی ئەوینداری هەمان دابڕان و بێبەشی و نائومێدی دڵدارەکان دەبینین، هاوکات لە سینەما و شانۆ و دراماکاندا رەنگی داوەتەوە. رێک وەک ئەوە وایە کە مەرجە چارەنووسی دڵدار و دڵخوازەکانیان هەر دەبێت مەرگ یان دابڕان بێت، وەک ئەوەی خودی خۆشەویستی گوناهێکی گەورە بێت. بگرە داستاانەکانی ئەوینداری لە خۆرئاواشدا هە مان چارەنووسی رەشی هەبووە، بە ئەندازەیەک کە مرۆڤی هۆشمەند گومانی ئەوە بکات کە بە گشتی مرۆڤایەتی دژ و دڕدۆنگ بووبێت بەرامبەر بە خۆشەویستی، لە راستیشدا کولتووری کۆنەباو کە فۆبیای لە بەرامبەر تێکەڵبوونی مێ و نێر هەبێت، لەو لاوەش ئیسلامی سیاسی بڕوای بە ئەندازەسازییەکی کۆمەڵایەتی و دیزانێکی زیندان ئاسا هەیە بۆ جیاکردنەوەی ژنان و

پیاوان، گەرەکییەتی کە هەرێمێک هی پیاوان و کوڕگەل بێت و هەرێمێک هی ژنان و کچان، تەلبەندکراو بن.. ئیدی خۆشەویستی وەک درەختێک لە کوێدا سەوز بێت کە خۆر و هەتاوی ئازادی بەری نەکەوێت؟

هەر بە راستی ئەوینداری یان عیشق ڕەگێکی وا لە ناو شەیدایی و شێتبووندا، کە پیاوانی سمێڵ بابڕ دەگرین و





شیوەن دەکەن بۆ گەیشتن بە دیداری دڵخوازەکانیان کە لەو دیو دیوارەکان و پەردە و ناو دەوار و کۆشکەکاندا وەک مەلی ناو قەفەز بەند کراون و گیریان خواردووە، بە تایبەتی لە سەردەمە دێرینەکاندا کە زۆرینەیان بە مەرگەسات کۆتایی هاتووە. هەڵبەتە کۆمەڵگای خۆرهەڵاتی و عەرەبی بۆ هەمیشە دوژمنی جۆرەها شێوازی عیشق و سۆزداری و هۆگربوون و نزیکبوونەوەی ژنان و کچان بوون لە پیاوان و کوڕگەل، هۆکارەکەشی ئاسانە بۆ تێگەیشتن، چونکە سەرۆک خێڵەکان و شێخەکان و مەلاکان و باوکەکان بڕیار لەسەر زەماوەند وشووکردن و ژنهێنان دەدەن، دووەمیان لەو جۆرە کۆمەڵگا کۆنەباوو و ترادیشناڵانە نە کچەکان و نە کوڕەکانیش کەسانی ئازاد بوێرو سەربەخۆ و تاکڕەو نین، بەڵکو لە دۆخێکی مێگەلی و گاڕانیدا دەژین، وەک بزن و مەڕ و شمەک و کوتاڵ و کەلوپەل مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە و دەکرێت، بە تایبەتی کچەکان و ژنەکان، روانینی باوکسالارییانە کە نێرینەکان تیایدا زاڵ و سەردارن بەسەر کچەکان و ژنەکاندا وەک لەکەدارکردنی شەرەف و ئابڕووچوون وئەتک کردنی هەر هەموو بنماڵەکە و خێڵەکان سەیری خۆشەویستی دەکەن.

کە ئەوینداری بەر لە زەماوەند مایەی نەنگی و شوورەیی بێت، پیاوان وژنان یان کچەکان و کوڕەکان

زۆر بە دەگمەن دەوێرن لە دەرەوەی دەزگای خانەوادە و هاوسەرگیری بچنە ناو پەیوەندی سۆزدارییەوە. دیارە کە خۆشەویستی و عیشق لە واقیعدا حەرام و قەدەغە و تابوو بووە، ئیدی شاعیری غەزەلخوان و عاشقیش لە ناو خێڵەکاندا کابرایەکی یان خانمێکی سەنگین و رێزدار نییە، چونکە خۆی لە قەرەی حەرام دەدات، هەر لە پای ئەو روانینەیە کە ( نزار قەبانی) وەک شاعیرێکی نەگریس و ژنانی چاوی لێدەکرا، نەک لە چاوی پیاونی ئاییندار و کۆنەپارێز و خێڵەکی و دوژمن بە ژن و و ئەویندارى، بەڵکو لە لایەن خودی شاعیرانی تازەی ناو «عەرەبستان». نموونەی: «ئەدونیس» ، بگرە کار گەیشتۆتە قێز و بێزکردنەوە لە خودی»نزار» وەک کەسایەتی و شآعیریش، بە تایبەتیش کە لە قۆناغێکی درەنگتردا کە هەجووی پیاوانی دەستەڵاتداری عەرەبی دەکات، بە تایبەتیش وڵاتانی دەوڵەمەند بە نەوت لەسەر ئاستی هەموو عەرەبستان، هەڵبەتە دەکرێت وەک لەم شیعرانەش بەرجەستە بوون کە «پشکۆ ناکام» کوردانـدوویەتی یان کردوونی بە کوردی بە ئاشکرا دیارە کە جیهانی ئەم شاعیرە بەسەر دوو خانەدا دابەش بوون: بازنەی عیشق بە رۆحێکی ئیرۆتیکی و بازنەی رامیاری بە مانای داشۆرینی ئەو پیاوە بەتاڵ و گەندەڵ و کێرچڵێسانەی ناو کایەی سیاسی لە عەرەبستاندا، بە

تایبەتیش لە وڵاتانی «کەنداو»دا، هەڵبەتە شیعرەکانی بەدەر نین لە هێرش و پەلاماردان بە زمانێکی تاڵ و هەم کۆمیدی و سیخناخ لە بەزمگێڕی و لاقرتێ و قەشمەری پێکردن بەو کەڵەگایانەی کە نوقمی هەوا و هەوەس و دزی تاڵانین، کەچی دژی شیعرە رۆمانسی و ئیرۆتیکییەکانی «نزار قەبانی»ن، نەوتدز و لەش-پەرست بە دیوە نامرۆییەکەی وهەم لەش-کڕ و گەڕۆک و گەشتیار بە ناو هەر حەوت کێشوەردا بۆ کڕینی «کۆیلەی سپی» بە مانای کڕینی ئافرەتە بەدبەختەکانی سەرزەمین.

ئەو جۆرە لە شیعری سۆزداری کە رووی لە وەسفکردنی ژنان و کچان بووە وەک ستایشی مێیینەیی بوون بە دیوە ئیرۆتیکی و هەم سێکسواڵییەکەی لە لایەن ژمارەیەکی بێ شوومار لە شەیدایانی شیعر و ئەدەبیات رەت کراوەتەوە، تا ئاستی سەرزەنشتکردن و رەخنەکاری بە نیازی سڕینەوەی شاعیرەکە و بگرە بێڕێزی و سووک کردنی شاعیرەکانیش، کە دیارە « نزار قەبانی» بەشی شێری بەر دەکەوێت، ئاسانیشە لەوە تێبگەین کە خودی لەش یان جەستە تەنێکی پیس و و قێزەون کراوە و جووەتە ناو نائاگاهی و نەستی و ئاوەز و عەقڵی پەنهانی پیاوانی

کۆنەپاریز و ئاییندار تووندڕۆ، بگرە سەرچاوە و کانگای چەپەڵی و فسق و فجور و فەساد و فاحیشە

و فیتنەیە، بە تایبەتیش لەش و جەستەی ژن، کە رەگ و ریشەی ئەم قێزکردنەوە و بە نەگریس کردنەی ژن وەک بوونەوەرێک دەگەڕێتەوە بۆ چیرۆک و ئەفسانەی «ئادەم و حەوا» کە گوایە کەتنکەر و گوناهباری یەکەمین خودی «حەوا»یە کە دایە گەورەی هەموومانە، دیارە تاوانەکەش پەیوەستە بە خواردنی میوەی درەختی حەرامکراو کە یەزدان هەڕەشەی لە باوە ئادەم و دایکە حەوا کردووە کە نزیک و توخنی ئەو درەختە نەکەون کە بە «درەختی مەعریفە» ناسراوە، واتا ئاگاهی و زانیاری و خۆ ناسین و ئاشنا بوون بە جەستەیەکی هەوەسباز و و شەهوەتهێن کە دوای خواردنی میوەکە ئادەم و حەوا وەک هەوەس بۆ یەکتری دەبزوێن، کە دیارە لە پای «یەکەمین گوناە»دا ئێمەش کە گوایە لە «ئادەم و حەوا» داخزاوین و کەوتووینەتەوە بەر نەفرەتی ئاسمان دەکەوین و بەهەشت دەدۆڕێنین و دەکەوینە سەر ئەم ئەستێرەیەی کە مرۆڤ گوایە خەلیفەی خودایە لەسەر زەمین کە ئاو و هەوا و خاکی پیس کردووە و ژینگەپارێزەکان بڕوایان وایە کە ئەم ئەستێرە نازدارە بە دەستی ئێمە دەکوژێتەوە.

ئەفسووس کە لە لای زۆرینەی خەڵکانی ئەم دەڤەرە عیشق یان خۆشەویستی کارێکە کە لێی دەترسێن، بێزی لێ دەکەینەوە، سووکی دەکەین و بە کەم و نەنگی




دەزانین، گاڵتەی پێدەکەین، جۆک و نوکتە و مەزاقی ئێمە ە ناو بازنەی «سێکس»دا دەسوڕێتەوە، کەچی بەهەشت وەک تیاترۆخانەیەکی گەورە و بەربەرین وێنا دەکەین، کەچی لە ژیانی خۆماندا وەکو تاوان و گوناە سەیری دەکەین، گەر بۆمان بکرێت تێکی دەدەین، هەر هیچمان بۆ نەکرێت خۆمانی لێ گێل دەکەین و فەرامۆشی دەکەین یان هەر کەسانێک باسی بکەن ئێمە دەمکوتیان دەکەین. هەر بە راست لە ناو ژیان و زیندگی ئێمەشدا هەم لە ناو شیعریشدا راونینمان بۆ خۆشەویستی و عیشق و سێکس زێدە قێزەون و ترسناکە کە جوانترین پەیوەندی نێوان دوو بوونەوەری هۆشمەند و میراتگری جوانی و کۆی سەرزەمینە.. بەڵام تا هەنووکە نازانێت بژی.

هەر لە پای ئەو روانینە چەوت و چەوێڵەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێداوە: شاعیرێکی وەک «نزار قەبانی» خراوەتە ناو دوو خانەی جیاواز لە یەکتری کە یەکێکیان وەک یاخی و رابەر و بگرە شۆرشگێڕ لە ناو کایە و و جیهانی شیعردا حیسابی بۆ کراوە، دووەمیان وەک کەسێکی سنووربەزێن و بێ ئابڕوو و لە ڕێگا-لادەرو بێ پەردە و شوورە و بانگخوازی عیشقی حەرام و تێکدەری رەوشتی کچان و کوڕانی لاو. سەرباری ئەوەی کە شاعیر لە ناو عەرەبستاندا بە شێت و سەرگەردان و وێڵ حیسابی بۆ کراوە وەک «مەجنوون و لەیلا» یان «قەیس

و لەیلا». هەر دوای ئەم دوو عاشقە بە سەدەها شاعیری عاشق بە « مەجنوون» ناودێر کراون. دەبوو وا بوترێت چونکە لە نێو کولتوورێکی کۆنەباودا خۆشەویستی بڕیار و هەڵبژاردنێکی تاکڕەوانەی دوو کەس بووە، کە دیارە لە کۆمەڵگای ترادیشناڵ و کۆنەپارێز و خێڵەکیدا کە ئەو جۆرە روانینە کۆنە لە شارە گەورەکانیشدا ماون کە پابەندی رۆحی «مێگەلیزم»ن. واتا کەسەکان بە مێ و نێرەوە ناچارن گوێ لە خانەوادە و بنەماڵە و سەرۆک هۆز و تیرە و خێڵەکانی خۆیان بگرن، شیعری عەرەبی پڕە لە ناڵە و سووتان و برژان و تلانەوە لە تاو دووری دڵدارەکان لە یەکتری، یان ترس لە سیخوڕ و چاودێر و مێردەزمە بەسەر ئەوینەوە.

«نزار قەبانی» پێشەنگ بووە لەوەدا کە دڵدارەکەی بە شازادە و هاوڕێ و هاودەم و گەورەم بانگ کردووە، لە هەمان ئەو کات و ساتەدا کە خانمان و کچۆڵەکان لە پشت پەردە و دیوارەکانی کۆشک و کەلاوەکاندا زیندانی بوون، بە واتا ئەم شاعیرە لە وێنەی کەنیزەک و کارەکەر و هاوسەرین و بووکەشووشەی سێکس و ئاشپەز و کەیبانووی دەستڕەنگین بە گومانە کە وەک مرۆڤ چاوی لێبکەن، بۆیە لە شیعرەکانیدا پێگەیەکی بەرزتری دەداتێ، هەر هەموو وەسفەکانیشی سەبارەت بە جوانی دڵدارەکەی کە دەکرێت لای هەندێک هەوەسبزوێن بێت، لە بنەڕەتدا

گەڕاندنەوەی ئەو ڕێز و جوانییەیە بۆ لەش کە بەر نەفرەتی ئاسمان و خەڵکانی سەر زەوی کەوتووە، ڕەتکردنەوەی ئەو ترس و تۆقین و فۆبیایە کە هەم ئایین و هەم کولتووری کۆنەپارێز بەرامبەر بە خودی ئافرەت و جەستەی و هەم ئەوین و سێکس هەیانبووە. ئەم شاعیرە توانی خوێنەرانێکی زۆر بە خۆیەوە سەرقاڵ بکات، ئەم توانی ئەو شەرم و ترسە بڕەوێنێتەوە کە شیعری عەرەبی پێوەی دەتلایەوە.

نزار قەبانی لەسەر ئاستی رامیاری و کۆمەڵایەتی و دیپلۆماتیکیش پێگە و هەڵوێستی خۆی هەبوو، یەکێک بوو لەو شاعیرە پێشەنگ و رابەرانەی کە توانی چەمک و مانای ناسیونالیزمی عەرەبی و نیشتنمانپەروەری بە درۆ بخاتەوە، لەم دیوانەدا «پشکۆ ناکام» ژمارەیەکی دانسقەی لەو شیعرانەی هەڵبژاردووە کە ئازایەتی و فەرهەنگی هەجووی ئەم شاعیرە بە مانای ئەرێنی و پۆزەتیڤەکەی بۆ ئێمە کردووە بە نموونە و دیاری. دیارە بە هۆی پەلامار و هێرشەکانی بۆ سەر رەمزە ناودارەکانی عەرەب لە بواری سیاسەت و ناو کایەی ئایین و سەرمایەگوزاریدا لە هەندێک وڵاتی عەرەبیدا شیعر و پەخشانەکانی سانسۆر و قەدەغە دەکران، ئەفسوونی زمانی شاعیرانەی دەگەیشتە هەر هەموو چین و توێژەکانی عەرەبستان، بە چاوپۆشی لە پاشخانی

فیکری و ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەم توانی دیوار و بەربەستی زمان لە نێوان شیعرەکانی و خەڵکانی شەیدا بە ئەدەب و شیعر لاببات، سەرباری ئەو هەموو هێرش و پەلامار و ڕەخنە توندەی بەشێک لە ڕۆشنبیران و ڕەخنەگرانی عەرەب نزار هەر بەردەوام بوو و بگرە بەرەنگاری ناحەزانی خۆی بوویەوە بە بەردەوامبوونی لە نووسینی شیعردا. ژن لای ئەم شاعیرە لە کوتاڵ و بە شتبوون و شمەک و بووکەشووشەی گەمە پێکرا و کەنیزەک گۆڕا و ببوو بە مرۆڤ و بوونەوەرێکی هاوشان بە پیاو بە مەرجی سەربەخۆیی بە بەڵگەی ئەوەی ژن وەک مێ و مرۆڤ گەورەترین پانتایی لەسەر نەخشەی شیعری عەرەبی داگیر کرد. شیعرە ئیرۆتیکییەکانی نزار هاوشان بوو بە کردنەوەی دەروازەی ئازادی بە بەرجەستەکردنی ئەوین و خۆشەویستی لە نێوان مێ و نێرێکی هاوشاندا.

شیعرەکانی «قەبانی» پیاوە ئایینداره‌کانیشی تووڕە کرد لە سۆنگە ئەوەی کە شیعرەکانی هێرش و پەلاماردان و گومانکردن بووە لە کۆی کولتووری کۆنەپارێز و دژ بە ڕەگەزی مێ و ئازادییەکانی، کولتوورێک کە جیاوازی نێوان مێ و نێر تۆخ دەکاتەوە و سەردەستەیی پیاوەکان بەسەر ژنان و کچاندا دەسەپێنێت و زاڵی دەکات. گوایە نزار داوای ئازادی لەش و سێکس دەکات، کە دیارە لای





ئەم شاعیرە دووانەی یان دوالیزمی رۆح و لەش وەک دوو بەشی جیاواز و لەتبوو درۆیەکی گەورەیە، بەو مانایەی کە مەرجە رۆح و لەش پێکەوە ئازاد بکرێن لە بەند و باو و تەپکە و تەڵە و فاقەی کولتوورێک کە ژنی کردووە بە سەرچاوەی فیتنە و هاتن و نزیکبوونەوەی قیامەت.

بۆ یەکەمجاریش بوو کە شاعیرێکی نێر وا بکات کچان و ژنانی خامۆشکردووی عەرەبستان خۆیان بدوێن و گوزارشت لە هەست و نەستی شاراوە و پەنگخواردووی خۆیان بکەن، هاوکات هەقایەتی ئەو ستەمە بگێڕنەوە کە پیاوە ستەمکارەکان بە ناوی سۆز و ئەوینەوە ژیانی کچان و خانمانی پێ ژەهراوی دەکەن.

شیعرەکانی ئەم تەم و مژاوی نین کە دیارە پانتاییەکی زۆری لە شیعری عەرەبی داگیر کردووە، نزار چونکە سەرەتا بە رەسم دەستی پێکردووە، بۆ هەمیشە شیعرەکانی پڕن لە نیگار و تابلۆ و ئیماژ و و وێنەی بەرجەستە و دوور لە تێکشکاندنی زمان و گەمەی تەکنیکبازی و فۆرمی گران و زیهنیاتێک کە خوێنەارن و شەیدایانی شێعر

وێڵ بکات. بە بێ شیعرەکانی نزار ئاسان نەبووە عآشقەکان لە نهێنی و ماناکانی عیشق تێبگەن. نزار واتەنی: خۆشەویستی لە عەرەبستان بەندەوار و زیندانییە و من دەخوازم رزگاری بکەم.

ئەم دوای کۆست و نسکۆ و شکستی عەرەب لە حوزەیرانی / ١٩٦٧ لە بەرامبەر «ئیسرائیل»دا توانی ستایل و فەرهەنگی شیعری خۆی بگۆڕێت و دیسانەوە لە بری ستایشی درۆزنانەی رۆحی نارسیستانەی سیاسەتبازەکان و ژەنەراڵەکان و سەرانی دەوڵەتی کارتۆنی عەرەبی بریندار کردەوە، کە لەم هەڵبژاردەیەی «پشکۆ ناکام»دا نموونەیەکی بەرچاومان دەخاتە بەردەست، کە دیارە لەوەشدا بە دانپێدانانی رەخنەگران و خوێنەرانی عەرەبستان رابەر و پێشەنگ بووە. هەر هەمان ئەم وەرچەرخانەی نزار لە حوزەیرانی (١٩٦٧) بۆ چەشنێک لە هەجووی سیاسەتبازان و فەرمانڕەوا ستەمکارەکان و پرۆسەی خەساندنی نەوە دوای نەوەی عەرەبستان وای کردووە ژمارەیەک لە رەخنەگران و پسپۆرانی ناو جیهانی ئەدەبیات شیعرەکانی «قەبانی» بەسەر دوو خانەدا دابەش بکەن: ئیرۆتیکی و رامیاری، گەرچی میراتی شاعیرانەی ئەم پتر رووی لە پەیوندی ناڕێک و پڕ گرێ و جار و باریش رۆمانتیک و هارمۆنیاداری نێوان عاشقەکانە، واتا شیعرە ئیرۆتیکییەکان بەشی شیریان بەر دەکەوێت، بەڵام سەبارەت بە کاریگەری شیعرە رامیارییەکانی هەرگیز کەمتر نەبووە لە نێوەندی ئەدەبیات و بگرە سیاسی و کۆمەڵایەتی، هاوکاتیش کاردانەوەی خوێنەران و رەخنەگرانیش هەرا و هەنگامەی زۆری لێکەوتەوە.



ئەوەیان راستە کە ستایشی ژن وەک یار و دڵخواز خولیای یەکەمی بووە، بە تایبەتی لە سەرەتای ئەزموونی شیعریدا، رەخنەگران و بگرە ژمارەیەکی بەرچاو لە شەیدایانی شیعر مەزەندەیان وا بووە کە «نزار قەبانی» بایەخی بۆ خۆشی و ناخۆشی وڵاتەکەی نییە، بەڵام دواتر، بە تایبەتی دوای نسکۆی حوزەیرانی /١٩٦٧ خەمی نیشتمان و کارەسات و ماجەراکانی دەبن بە رەنگی زاڵ و سیمای ئەزموونی نزار، کە بە هۆی ئیش و اری دیبلۆماسی لە «شام» دوور دەکەوێتەوە و سۆز و نۆستالژیای بۆ نیشتمان لە ناوئاخنی شیعرەکانیدا رەنگ دەداتەوە. گەرچی ئەم هەر لە سەرەتای تەمەنی گەنجی و ئەزموونی خۆیەوە بە خۆشەویستییەوە بەسەر جوانی نیشتمانەکەیدا هەڵدەڵێت، بەڵام هۆکاری رەخنەکردنی ئەم شاعیرە لەوەوە هات کە لە ساڵی (١٩٤٤) دیوانێکی عاشقانە بڵاو دەکاتەوە بە ناوی « رەش-ئەسمەر وای پێگوتم» کە دیارە لە هەمان ساڵ «فرەنسا» وڵاتی «شام» چۆل دەکات، کەچی لە دیوانەکەیدا هیچ ئاماژەیەکی تێدا نابێ سەبارەت بە رزگاری و سربەخۆیی (سوریا)، کە دبێتە مایەی رەخنە و گلەیی.

دواتر شیعر و چامەکانی ئەم شاعیرە باوەش بۆ هەموو خەمەکانی نیشتمان دەکاتەوە و ئاسۆیەکی بەربەرین لە ئەزموونی ئەودا رۆشن دەکاتەوە، کێشەی فەلەستین و تێکۆشانی خەڵکەکەی و کۆی مەرگەساتەکانی پانتاییەکی فراوان لە شیعرەکانیٔ داگیر دەکات، ئەم پتر گومانی لە وڵاتانی عەرەبیش هەبوو کە وای کرد نائومێدانە ئاماژە بەوە بکات کە عەرەبستان هەموو ململانێ گەورە و چارەنووس – سازەکانی دۆڕاندووە، بەڵام هاوکاتیش لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆرشی منداڵانی بەردهاوێژدا لە «فەلەستین» هیوایەکی بۆ دەگەڕێتەوە کە لە شیعرەکانیدا رەنگ دەداتەوە، سەرباری ئاوڕدانەوە لە هێرش و پەلاماری سێقۆڵی فرەنسا و بریتانیا و ئیسرائیل بۆ سەر میسر لە پای خۆماڵیکردنی «کەناڵی سوێس» لە ساڵی (١٩٥٦)دا، وێڕای ستایشی پاڵەوانبازی و بەرگری «پۆرسەعید» و شۆرشی جەزائیر.

لە هەمان کاتدا بێ هیوایی خۆی نەشاردەوە، بەڵام خەم و تووڕەیی نزار بە تەنها هەڵچوون و داچوون نەبوو، بەڵکو توانی لە شیعرەکانیدا بەرجەستەی هۆکارەکانی شکست و نسکۆ و هەرەس و مەرگەساتەکان بکات، کە خۆ

بەستنەوە و بە پیرۆزکردنی رابردوو یەکێک لەو هۆکارانە بوو، کڕکەوتن لەسەر میراتێکی کۆنەباو و



دواکەوتوو، بڕوا هێنان بە درۆی سەردەستەیی عەرەب و ئیسلام بەسەر نەتەوەکان و ئایینەکانی دیکەدا، باوەشکردن بە خورافاتی سەدە تاریکەکان، بانگەشەی خۆ بە زلزان و سەرزەمینی پاکزادی پەیامبەرەکان و رۆحی نارسیست و خۆویستانە کە پرسیار و گومان رەتکردنەوە ببێت بە یاسا و رێسای هەر هەموو دەزگا پەروەردەییەکان، نوقمبوون لە رەهاگەری و یەقینگەرایی کە هەر رۆحی رەخنەگرانە لە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بسەنێتەوە، نزار شاعیرێک بوو کە هەستی ئەو دەستەڵاتدار و ستەمکارانەی عەرەبستانی بریندار دەکرد بە ئەندازەیەک کە چەندین وڵاتی عەرەبی بڕیار بدەن خۆی و دیوانەکان و کتێبەکانی بایکۆت بکرێن و قەدەغە و قاچاغ بن و رێگریان لێ بکرێت و هاوردە نەکرێن.

من وەک کارەکتەرێکی ناو ئەدەبیات ستایشی ئەو هەوڵەی «پشکۆ ناکام»ی هاوڕێم دەکەم سەبارەت بە وەرگێڕانی شیعرەکانی ئەم شاعیرە کە تا دوا قۆناغی ئەزموونی خۆی یاخی و هەڵگەڕاوە بوو، ببڕای ببڕ سازشی لەسەر پەیام و پرنسیپەکانی خۆی نەکرد، هەڵبژاردنی ئەو شیعرانەش تابلۆیەکی رەنگینمان پێدەبەخشێت سەبارەت بە ئەزموونی ئەم شاعیرە کە ئێمەی کوردیش

وەک نەتەوەیەکی نیشتەجێ لە رۆژهەڵاتی ناوەراست یان «ڕەشهەڵاتی ناوەراست»، کەم و زۆر تلاوەی هەمان کارەسات و داڕووخانی مۆڕاڵی رامیاری و بێدادی و ستەم و سێگۆشەی حەرامی ئایین و سێکس و رامیاری، سەرباری دڕان و هەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی لەسەر هەموو ئاستەکاندا، داخستنی ئاوەز بە ناوی پیرۆزییەکانەوە تا ڕادەی تەڵاقدانی عەقڵ، باوەشکردن بە «تاناتۆس» کە خوداوەندی مەرگە و کوشتنی «ئیرۆس» کە خوداوەندی خۆشەویستی و جوانییە.

من دەشزانم کە ئێوە «پشکۆ ناکام» وەک فیگەر و کارەکتەرێکی ناو دراما و شانۆ دەناسن، بەڵام نابێت لە یادمان بچێت کە شانۆ و شیعر دووانەی هەمان سکن، هەر لە سەردەمی سەرهەڵدان و رابوونی فیکر و فەلسەفە و ئەدەبیات لە «یۆنان» ەوە تا سەردەمی تازە، دەکرێت هەر کارێکی ئەدەبی بۆ خۆی سەرکێشی بێت لە لایەن هەر یەکێک لە ئێمە، خودی وەرگێڕان بۆ خۆی دەچێتە خانەی داهێنانەوە، بەو مەرجەی کە رۆحی دەقەکە بە ئێمە بگات، گەرچی بۆ وەرگێڕانی شیعر هەمیشە وا مەزەندە کراوە کە کارێکی گران و بگرە مەحاڵە، چونکە هەر زمانێک خاوەنی مانا و ئاماژەی پەنهان و ئەفسوون و مۆسیقا و خوازە و هارمۆنیای خۆیەتی کە رەنگە

لە کاتی وەرگێڕاندا بدۆڕێن، هەر لە سۆنگەی ئەم بیر بۆچوونەوە ژمارەیەک لە شاعیران و کارەکتەرەکانی ناو ئەدەبیات بڕوایان وایە کە وەرگێڕانی شیعر بۆ خۆی «خیانەت» و جۆرێکە لە ناپاکی، بەڵام ژمارەیەکی بێ شوماریش وای دەبینن کە ئەوەیان جوانترین خیانەتە.

ئێستاش ئێوە و خیانەتە جوانەکەی «پشکۆ ناکام».

**شێرزاد حەسەن**

## «پشکۆ ناکام»
## قەڵەمێکی زمانڕەوان بۆ هونەری وەرگێڕان!

پاش ساڵانێکی زۆر بەهۆی چوونەوە دەرەوەی بۆ ئەورۆپا و ژیانکردن لە تاراوگە «پشکۆ ناکام» و بەندە وەک هەموو کەسێک و هاوڕێیەکی تر بە دیداری یەکتر شادبووینەوە. ماوەیەک پێش نووسینە، بە ڕێکەوت یەکمان بینی و دونیایەک یادەوەریم کەوتەوە یاد. پشکۆ ناکام، بە ڕووخسار و سەروسیمایدا گۆڕابوو، هەستم کرد کە ڕۆژگار هیچ لەگەڵ خواستەکانی ئەودا نەسووڕاوەتەوەو ژیانی تاراوگە و خەباتی پێشمەرگانەی سەربەرز هەموو گیانی تەزاندووە. ژیان وایە مرۆڤ لەو ڕووخسارە دادەماڵێ و بەرەو جۆرێک لە ژیان دەیبات، ئەو سیمای جوانەی کە هەمیشە مرۆڤێکی دەمبەخەندە بوو نەگۆڕابوو! تەنیا شێوەیەکی بە کامڵ بوونی پێوە دیار بوو. ئەمەش مانایەکی تری دەبەخشی کە کورد وتەنی: قاڵبووی ژیان بووە. بەرککەوتنی بەندە و پشکۆ ناکام، بەرککەوتنێکی سادە و ساکار نییە. بەڵکو هەر

لەیەکەم بینینەوە، دەستبەجێ و بە خێرایی ئەندێشەم پەلی گرتموو منی گەڕاندەوە بۆ سەرەتای ساڵانی حەفتاکان. ئەو دەمانەی تیپی هونەرو وێژەی کوردی ئەو سەردەمە کە کۆمەڵێک کاری شانۆیی و درامی تێدا کراوەو تاکو ئێستا لە یادەوەرییمدا زیندوون و هەرگیز بیر ناچنەوە. بەتایبەتی: درامای ژیان و هەڵەی دکتۆر. کە دوو کاری زۆر بەئەزموون بوون و بڕواناکەم جارەکی دیی کارێکی لەم جۆرە بکرێتەوە. هەر ئەو یەکیتر بینینە دەنگی شاخ و پێشمەرگە و شۆڕشی هێنایەوە یادم کە لەڕادیۆی دەنگی شۆڕشی ئێراق، گوێم لە پشکۆ ناکام دەگرت و بەدەنگە بەسۆزەکەی چالاکییەکانی پێشمەرگە و ژیانی شەهیدانی سەربەرزی دەخوێندەوە. وەهەروەها وتارە پڕ لە ڕەخنە و تەنئامێزەکانی کارێکی وایکردبوو کە هەموومان بە دڵێکی پڕ لە جۆشەوە گوێمان لێ دەگرت. لێرەوە بۆم ئاشکرا بوو پشکۆ ناکام، مرۆڤێکە دەبێت گوێی لێ بگریت و سوود لە ئەزموونەکانی وەربگرین. لەدوای یەکەم بینین و یەکەم دانیشتین، بۆم مەعلووم بوو، کە ئەم ئەقڵە جگە لە خەباتی شاخ و هونەری شانۆو دراما، ئەزموونێکی تری بێ وێنەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، ئەویش ئەزموونی نووسین و

وەرگێرانە. بەتایبەتی وەرگێران، لە زمانەکانی» عەرەبی و فارسی»دا ئیتر لێرەوە بۆم ئاشکرا بوو کە پشکۆ ناکام، سەرقاڵی وەرگێرانی شیعرەکانی شاعیریی نێوداری عەرەب و مرۆڤایەتی» نزار قبانی»یە. لەدڵەوە پیرۆزباییم لێکردو زۆرم پێمخۆش بوو قەڵەم و هونەر، جێگەیان بە چەک چۆڵکردووە! هەرچەندە ئەو هەروابوو، لەبەرایی ژیانیدا هەمیشە فکر بوونی هەبووەو بەردەوام لەگەڵ ئەقڵی خێڵدا لەجەنگدا بووە. لەدوایدا هاورِێ ئازیزەکەی جاران و ئێستام داوای لێکردم چەند دێڕێک بنووسم بۆ ئەم هێشوە شیعرانە کە بەرگێکی کوردییان بە بەردا کراوە. ئەویش لەدڵەوە خۆشحاڵ بوو کە ئەم کوورتە نووسینە بخاتە ناو کتێبەکەیەوە. جارێکیتر پیرۆزبایی لە هاورِێی ئازیزم پشکۆ ناکام دەکەم بۆ ئەم خزمەت جوانەی کە پێشکەش بۆ ئەدەب و زمان و کتێبخانەی کوردیی دەکات. هیوادارم بۆ هەمیشە شادومان بێت و داواش لە هونەرمەندان و نووسەران دەکەم ئەم کتێبە بخوێننەوە تاکو سوود لە زمانە پاراوەکەی پشکۆ ناکام ببینن. هەربژێت هاورِێ.

**قادر جەلال**

**٢٠١٨/٩/١ سلێمانی**




## نزار قبانی له زمانی « پشکۆ ناکام»وه

گەر بە ووردی ئاوڕێک لە مێژووی وەرگێڕان لە بواری ئەدەبدا بدەینەوە ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە لە بەرەبەیانی مێژووی داهێنانی ئەدەبیەوە نووسەرانی کورد باسکی داهێنانیان لێ هەڵماڵیوە و خوێنەری کوردیان بە دەقە جیهانیەکان ناساندوە کە بەشێکی زۆریان خۆیان لە چوارچێوەی داهێنانەکان بە گشتی و ئەدەب بە تایبەتی بینیوەتەوە کە دەکرێت بڵێین شوێنی ئەدەب لە ڕووی وەرگێڕانەوە جێ پەنجەی بە کتێبخانەی کوردییەوە زۆر دیارە ، هەر چەندە وەرگێڕانی شیعر زمانزانی و سەلیقەی زمانەوانی دەوێت کە ئەمەش مەرجێکی گرنگی نێو داهێنانی ئەدەبیە ، نمونەش زۆرن ، لەدواە خوێندنەوەی دیوانی (نزار قبانی) کە لە لایەن نووسەر و وەرگێڕ (پشکۆ ناکام) وە کراوەتە کوردی بۆ خۆی تام و چێژێکی تایبەتی زمانەوانی و ئیستاتیکی هونەری وەرگێڕانی تیادا جێگیر کردوە ، ئەمەش پەیوەندی بە زمانە پاراوەکەی (پشکۆ ناکام) ە وە هەیە کە توانیوێتی لێزانانە زاڵ بێت بەسەر هەردوو زمانەکەدا کە ئەمەش مەرجی گرنگ و سەرەکی دونیای وەرگێڕانە ... لە کاتی خوێندنەوەی دەقە شیعرییەکانی( نزار قبانی)دا ئەوفمان

بۆ ئاشکرا دەبێت کە (پشکۆ ناکام) دەقە شیعرییەکانی بد زمانێکی پوخت و پاراو  کوردواندوە.................

هیوادارم چی دی خوێنەری کورد بێ بەش نەکات لەو زمانە دروست و مانادارەی کە خوێنەری کورد و کتێبخانەی کوردی پێویستیان پێیەتی ، لە دوو خاڵی گرنگدا (پشکۆ ناکام ) و (نزار قبانی) یەک دەگرنەوە ، یەکەمیان یاخی بوون لە عەقڵی خێڵ و خێڵەکایەتی و سیستەمی حوکمڕانی خێڵەکی ، دووەمیان جوان کردنی ژیان بە دیوی جوانیەکەی سروشت و ژنانی ئازادی خواز و یەکسانی ژن وپیاو و مرۆڤایەتی کە هەردووکیان تەواوکەری ئەو ڕێگا دوور و درێژەن کە دەیانەوێت( شیعر) لە ناخی مێ» ژن « ڕەگ داکوتێ و بگات بە لوتکە...

لە دواینی ئەم پێشەکیە کورتەدا لە ناخی دڵەوە سوپاسی نووسەر و وەرگێڕ

« پشکۆ ناکام « دەکەم لەسەر ئەم دەقە شیعریانە بە کوردییەکی تا ئاستێکی بەرز لەناو کتێبخانەی کوردی ڕووناکی خۆی دەداتەوە و دەدروشێتەوە...

سوپاس بۆ نزار ..سوپاس بۆ پشکۆ..سوپاس بۆ خوێنەر...

**د. چیا زەنگەنە**

**٢٠١٨/٩/١٥**

# من و ئەوان

لەبەر ئەوەی
من پێڵاوی گەورەکان پاک ناکەمەوە
لەبەرئەوەی
من بەرنگاری تاعون
لە شارە ئابڵۆقە دراوەکەم ئەبمەوە
لەبەر ئەوەی
هەموو شیعرەکانم شەڕە
دژی مەغۆل و تەتەر
و
هەموو شمشێر بەدەستەکانەوە
قەزەم و قاچاخچیەکان
خوویان گرتوە بە جوێننان بە منەوە....





# بێ ووشە ..

لەبەر ئەوەی قسەی فەرهەنگەکان

مردن،

قسەی پەرتوکخانەکان

مردن،

قسەی داستانەکان

مردن،

ئەمەوێ شێوازە عەشقێک بدۆزمەوە

تیایا « بێ ووشە « خۆشم بوێیت

بە هەموو مانای خۆشویستن

# دادگای بەدواگەڕان

کەس ناتوانێ لە قەسیدە

بپرسێتەوە :

لە کوێ بووی...؟

لەگەڵ کێ بووی ..؟

کەی بۆماڵەوە، گەڕایتەوە..!

قەسیدە خۆی پرسیار ئەکا

و

لێکۆڵینەوە لە لێکۆڵەرەوەکەی ئەکا





# تیمساح...

له وو‌ڵاتانی لای ئێمه
فه‌رمانڕه‌وا
هه‌زار ساڵ ئه‌ژی
کاتێ به‌ ناچاری
ئه‌یبه‌ن بۆ گۆڕه‌که‌ی
ته‌عزێ باره‌کان
پیرۆز بایی له‌ یه‌کتر ئه‌که‌ن
و
گوڵ و ئه‌سپه‌کان
له‌ پشت جه‌نازه‌که‌یا
سه‌ما ئه‌که‌ن

# ڕووخسار...

ڕووخسارت و شیعرم

دوو پارچە ئاڵتونن

و

دوو کۆتر....دوو وەنەوشە

لەبەر دەمتانا

سەرم سوڕماوە

کامتان لەوی ترتان، جوانترن..!!

# فێر بوون...

مامۆستایەک نیم

فێرت کەم، خۆشەویستی

....چۆن بکەی

ماسی پێویستی بە مامۆستا نیە

تا فێری مەلە بێ

چۆلەکە پێویستی بە مامۆستا نیە

تا فێری فڕین بێ

بە تەنها مەلە بکە

بە تەنها بفڕە

خۆشەویستی هیچ دەفتەرێکی نیە

و

مەزنترین عاشقانی مێژوو

.....خوێنەوارییان نەبوو

# جگەرە ...

ڕۆژی سەد جگەرەم

ئەکێشا

و

توانیم خۆم ڕاگرم

و

وازی لێ بێنم

ئێستا بە دەست کێشانی

« یەک » ژنەوە

گیرم خواردوە

و

ناتوانم وازی لێ بێنم..!!





## شانۆ..

ژن بە سروشتی خۆی

حەزی لە پیاوێکە قسە بکا بێ وەستان

......درۆ بکا بێ وەستان

بۆیە ئەو  پیاوانەی هونەری دراما

و

ڕیتمی ووتنی شانۆیی نازانن

هەر ئەدۆڕێن........بێ وەستان

# سەفەر ...

ئەپرسیت

لە دووریتا، چیم کرد..؟

نە دوور بویت ...

و

نە سەفەریشت کرد....

خۆت و جانتاکانت

هەر لەسەر شۆستەی بیرما

ما بوون.........

پاسپۆرتەکەت لای خۆم

و

بلیتی تەیارەکەشت

لە ناو گیرفانما بوو......

لای خۆم..!!





# ڕاوە چۆلەکە..

**شاعیر**

**ئەیەوێ ببێ بە چۆلەکە**

**بەڵام چۆلەکە، نایەوێ**

**ببێ بە شاعیر**

**تا لە لایەن دەسەڵاتەوە**

**ڕاو نەکرێ........**

# دەرگا...

گەر سولطان شمشێری داپڵۆسینی

بەرز  کردەوە

خۆم ئەخەمە  شووشەیەک

مەرەکەبەوە...

یان گەر   فەرمانی کوشتنمی

بە یاساوڵەکەی دا

لە دەرگایەکەوە

کە وا لەژێر کۆشکەوە

ئەچمە دەرەوە

بۆ دەرچون لە زەبر و زەنگی

فیرعەون

هەمیشە دەرگایەک هەیە

کە بە « شیعر «

ناوبراوە......





# دوو ساڵ .....

ئەو دوو ساڵەی
خۆشەویستم بوویت ..،
گرنگترین دوو پەڕەی
خۆشەویستی هاوچەرخن
هەموو پەڕەکانی پێشوو تر، سپین
هەموو پەڕەکانی دواتر ، سپین
ئەو دوو ساڵە
هێڵی « ئیستیوا « یە
کە لە نێوان لێوم  و لێوتا
تێئەپەڕێ....
ئەو پێوانە زەمەنیەیە
کە هەموو کاتەکانی جیهانی
لەسەر دائەنرێ....

# پاڵتۆ ....

که بڕیارت یا
لەگەڵ کەسێکی تر بڕۆیت
پاڵتۆی بارانییەکەت
لە بیر نەچێت
ئاسمان تەرزە...و
باکەی ساردە
ئەترسم هاوڕێ تازەکەت
لە بیری بچێت
بتخاتە گیرفانی پاڵتۆکەیەوە
وەک ئەوەی من ئەمکرد....!!

# پرۆتۆکۆڵ

ئەتوانی لە هەچ کوێ بتەوێ

دانیشیت......

بەڵام وریا بە لە شوێنی قەسیدە

دانەنیشیت......

ڕاستە زۆرم خۆشئەوێیت

بەڵام

لەسەر جێگەی سۆزا

وورد کاری لەش و لارت لەبیر ئەکەم

و

لەش و لاری قەسیدە

هەڵئەبژێرم.....

# پشووی جەنگاوەرێك

**لە شیعرا**

**شتێک نیە بە ناوی**

**پشووی جەنگاوەر...**

**نە پشووی هاوینە**

**و**

**نە پشووی نەخۆشی**

**و**

**نە پشووی کاری خانەوادەیی**

**یان ئەبێ لە یارییەکە بێیتە دەرەوە**

**یان :**

**تا دوا دڵۆپی خوێنت**

**تێوە گلا بی...**





# پێخاوس...

بێ دەنگیت........

ئەزانی کە هەردوو دەستە بێ دەنگەکەت

دوو کتێبی. شیعرن..!!

پێخاوسیت.......

ئەزانی کە ژنێکی  پێخاوس

ڕیتمی  مێژوو  ئەگۆڕێ

و

نەخشەی دونیا  هەڵئەگێڕێتەوە

و

تەمەنیش درێژ ئەکاتەوە

# پەرستن.....

خۆشەویستیت، ئەی چاو قوڵ

توندڕەوییە .....

تەسەوفە........

پەرستنە.........

خۆشەویستیت وەک. :

مەرگ  و لەدایک بوون

دووبارە بوونەوەی،

ئاستەمە .......





# تاقی کردنەوەکان

بە گەڕان،

بەدوای تاقیکردنەوەکانی ڕابردووم

خۆت هیلاک مەکە، خۆشەویستم

هەموو ئافرەتانی دونیا

لە مستێک ...و

تۆش لە مستەکەی ترا

# بژاردە....

یاری کردن بە ووشە ناکرێ
شاعیر
ئەبێ شەڕەکانی هەڵبژێرێ
یان
دانیشتن لەماڵی مردووەکانی
...................پێ چاکتر بێ

# جارانی شاعیر..!

جاران شاعیر، لە پەڕی گوڵی ئەخوارد

و

لە سەر گەڵا گەورەکانی

درەختەکانی کەنار دەریا

ئەنووست

سەردەمێکی کوردی نوێ

هاتوە کە شاعیر تیایا

لەناو باوەشی چەک بە دەستا

ئەنوێ..............

# بۆ بیر هێنانەوە

بۆ وا ئەکەیت، بۆ..؟

هەزاران چۆلەکە

و

ڕەنگی ئاسمانت لێ بردم

و

هەوای سییەکانت لێ گرتم

ئەمەوێ کەمێک کاتم بەیتێ

تا ئافرەتەکانی تر

بێنە بیرم....



# تۆ....

ئەمەوێ گەنجینەیەک

ووشەت بەمێ

پێش تۆ پێشکەش بە هیچ

ژنێک نەکرا بێ

و

دوای تۆ پێشکەش بە هیچ

ژنێک نەکرێ...

تۆ : ئەو خانمەی

کە پێش تۆ  پێشتر

و

دوای تۆ، دواتر

بەرچاو  ناکەوێ

# بمخوێنەرەوە...

هەر جارێک لە بیابان،

بە دوای دڵۆپێک ئاوا گەڕایت

....بمخوێنەرەوە

هەر جارێک دەرگای تکایان

لەسەر عاشقان داخست،

....بمخوێنەرەوە

من غەمی ژنێک بە تەنیا

نانووسمەوە....

من مێژووی ئافرەت،

ئەنووسمەوە....

## گلێنە....

لە ژیانتا، دوا پیاو نابم

بەڵام دوا قەسیدەم

بە ئاوی ئاڵتون نووسرا بێ

و

بە دیواری مەمکەکانتا هەڵواسرا بێ

و

دوا پەیام بەرم

بڕوا بە خەڵک بێنم

کە لە پشت گلێنەی چاوەکانتەوە

بەهەشتێکی تر، ئەبینرێ.........

# خۆر

شیعر و کەڵەشێر

تووشی دەردی

خۆ بە زل زان بوون

پێیان وایە

خۆری بەیانی

بێ قوڕگی ئەوان ، هەڵنایە



# بۆنی نووسراوەکان

ئەو ، ژنەی

خۆشم ئەوێ

دوو پێی زۆر بچکۆلانەی

هەیە.........

هەر وەک بچوکی قسەی مناڵان،،

و

لەش و لاری  بۆنێکی

زۆر نهێنی هەیە

وەک بۆنی :

نووسراوە قەدەغە کراوەکان

# بەرنامە....

بەرنامەم نەبوو

بچمە عەشقەوە ،،

مێژووی ئافرەت  لە ژیانما

قەزا و قەدەرە

چەن سەرم سووڕما

خۆشەویستی، ژنێک

لەبەردەوە........

کردمی بە گوڵێک

# بێ پرسیار

مەپرسە من کێم
بۆ بەرنگار بوونەوەی
مەرگ و ڕۆژگار،
خەریکی چیم !!
هەزاران
دەوڵەتم ڕوخانوە
تا دەوڵەتی ئینسان
دروستکەم..........

# زەمەن....

ڕوخسارت

لەسەر سەعاتەکەم، هەڵکەنراوە

لەسەر پیلی دەقیقە

لەسەر پیلی سانیە

...لەسەر هەفتە

و

مانگ

و

ساڵەکان، هەڵکەنراوە

زەمەنێکی تایبەت بە خۆمم نیە

تۆ بوویت بە زەمەن





# ووشەیەك...!

بۆچی هەموو زەمەنەکان ئەسڕیتەوە

و

جوڵەی سەردەمەکان ڕا ئەگری

و

لە ناخما یەک بە یەک

هەموو ئافرەتانی شار ئەکوژی

بێ ئەوەی

ووشەیەک لە من ببیستی...!!

# هەوڵێك....

سەدان ساڵە :

لە کوێین..!

لە سەردابایین

ڕیش درێژ

سەروەت نادیار

چاومان بەندەری مێش

هاوڕێیان :

هەوڵێک، دەرگاکان بشکێنن

کراسەکان بشۆن

بیر و ڕاکان بشۆن





کتێب بخوێننەوە

کتێب بنووسنەوە

پیت و هەنار و ترێ

بڕوێنن...............

سەفەرکەن بۆ وولاتی

بەفر و تەم

لەدەرەوەی سەردابەکە

کەس ناتانناسێ

خەڵک بە جۆرێک لە گورگ

.....ئەتانژمێرێ

# بانگردن بۆ ئاهەنگی کوشتن

چاوکانت لەسەر ئەرزا
بێ جێگرەوەن
جگە لە خۆشەویستیم بۆت
هەر خۆشەویستیەکی تر، مەحاڵە
خانمەکەم:
بۆچی وا سارد و سڕیت..!!
کە لە ئەسپ ئەترسیت
بۆ دەستی بۆ ئەبەیت..!!
زۆر گەڕام
بەدوای تاقیکردنەوەیەکا
کە بمکوژێت



دوا جار ئەی مەرگە جوانەکەم
هاتیت........
بە نووستویی یان بێداری
بمکوژە.......
بە پێکەنین یان بەدەم گریانەوە
بمکوژە.......
بە ڕووتی یان پۆشتەیی
بمکوژە.......
کوشتن وەک «والی» یەکان
گەورەم ئەکات
ئەمکات بە چڵێکی سەوز
یان جۆگەیەک ئاو
یان کۆترێک
‹‹‹‹‹‹‹›
ئێستا بمکوژە
شەو درێژ و دەیجورە
بە بێ مەرج بمکوژە
کاتێک یارییەکە دەست پێ ئەکا
چ جیاوازی هەیە، خانمەکەم
لە نێوان :
ئەوەی ئەکوژێ
و
ئەوەی ئەکوژرێ...!!

# جەنگی من و چاوەکانت

لە گەڵتا

هەموو چەکە کۆن

و

تازەکانم بە کار هێنا

تیر و کەوان

خەنجەر

ڕم

تا موشەکی کیشوەر بڕ

هەموویانم بەکار هێنا

تەنانەت بۆ ڕوخانی





لوت بەرزیت
هەموو پەنجەکانم
بەکار هێنا
-----
دوای لە دەست دانی
ئەسپ
و
سەرباز
و
خەڵاتەکانم
بە گریانەوە..
گەڕامەوە بۆ لای بۆ تۆپەکانم
چونکە بۆم دەرکەوت
هەموو نەخشەکانم
دزراوون
و
هەموو بروسکە نهێنییەکان
ئاشکرا کراوون
و
هەموو پیاوە ئازاکانم
جێیان هێشتووم..و
پەنا هەندەی
چاوە ڕەشەکانتن...

# پێنج دەقیقە..

پێنج دەقیقە دانیشە

شیعر تەنیا

پێنج دەقیقەی ئەوێ

تا وەک دەروێشەکان

حاڵی لێ بێ

بۆ کون کردنی پەڕەکان

شیعر تەنیا

پێنج دەقیقەی ئەوێ

بۆ چەند دەقیقەیەک

عاشقم بە

دوای چەند دەقیقەیەک

لەبەر چاوم وون بە....

بۆ هەزاران ئاگر نانەوە

جگە لە شقارتەیەک

ئەبێ پێویستیم بە چی بێ..!!

هەموو شاکاری چیرۆکەکانی خۆشەویستی

کە من ئەیزانم

بەردەوام نەبوە

زیاتر لە :

پێنج دەقیقە

خانمەکەم،، دانیشە

# پێناسەکان..

من دژی هەموو پێناسەکانی

خۆشەویستیم ،

چوار چێوەن هەموویان

و

دژی وسیەتە کۆنەکان

دژی هەموو دەقەکان

و

دژی مەزهەبەکانم...

بێ ئەزموون





خۆشەویستی دروست ناکرێ

بێ ڕەشەبا و پاپۆڕ

دەریا پێک نایە

تەنیا قەمەیە

ئەتوانێ لە جەنگ بدوێ

ئەوە منم خۆشەویستی ئەکەم

بەڵام کە لەو بارەیەوە

پرسیاریان لێکردم

پێم باشترە

بێدەنگی هەڵبژێرم

# چادرەکەم،،،

پێش تۆ،

خێڵێک ئافرەتم هەبوو

کامیانم بویستایە، لەگەڵی ئەبووم

کامیانم بویستایە، ئازادم ئەکرد

چادرەکەم، بێستانێکی

کل و بازن بوو

و

ویژدانم گۆڕستانی

مەمکە پێکراوەکان بوو

بە پەڕپووتی دەوڵەمەنێکی ڕۆژهەڵاتی

هەڵس و کەوتم ئەکرد

و

به ئەقڵی سەرۆکی چەتە

خۆشەویستیم ئەکرد

دوای ئەوەی لەپڕ

لە خۆشەویستیتا خۆم،

بینییەوە.......

ئاگر لە چادرەکەم  بەربوو،

هەموو نینۆکەکانم کەوت،

هەموو کەنیزەکان ئازادکران،

و

سیمای خودام

دۆزییەوە.......

# پول...

خانمەکەم

باش ئەزانم

هەموو پیاوەکان

لای تۆ،

وەک «پول » وان

کۆمەڵێک پولی

سەیر و سەمەرە ودەگمەن

کە بە دیواری دڵتا

هەڵیان ئەواسی

و



که ماندوو  بویت

له دەفتەری لەبیر کردنا

لێیان ئەکەیتەوە...

ئەشزانم، کە من

تەنها« پول» ێکی

ناو ئەو هەموو پولانە

ـ......بووم

# حیزبی خەفەت

گەر نیشتمان دوور خرابێتەوە

وەکو من

و

بیرلە چەرچەفە سپی یەکەی

دایکی بکاتەوە

وەکو من

و

بیر لە پشیلە ڕەشەکەی

ماڵەوە بکاتەوە





وەکو من

و

گەر قەدەغە بێ  نیشتمان

نووسین بگرێتە بەر

وەکو من

و

فەرهەنگ و ئەقڵ بگرێتە بەر

وەکو من

ئیتر بۆ ناخرێتە

ئەو خەستەخانەیەی

هەمووومانی تیاین....!

بۆ نابێتە ئەندامی حیزبی خەفەت

کە بە هەزاران

کوردی لە خۆ گرتووە

وەکو من.....!

# دەفتەرە کۆنەکان ...

ئەی جوان پەروەردەکراوی

کۆنەپەرست

و

ئەی ئەو ژنەی ئەتەوێ

بکەویتە نێوان ئەرز و ئاسمان

ڕەنگە بێ ئەقڵی بێ

دەفتەرە کۆنەکان بکەینەوە...و

سەعات بەرینە دواوە..........

لەوانەشە دەبەنگی ولووت بەرزی بێ

بڵێین..:





ئەرز ناسوڕێتەوە

و

خۆشەویستی ناسوڕێتەوە

و

ژوورە قەرەباڵغەکانی ئاشقان

ناسوڕێتەوە

و

لەوانەیە بێ ئەقڵی بێ

بەرامبەر سوڕانەوەی وەرزەکان...و

لۆجیک بوونی شتەکان

بوەستینەوە

و

گوڵاڵە سوورە

لە زستانا بهێنینە دەرێ

و

لەوانەشە هەر بێ ئەقڵی بێ

ئەی جوان پەروەردە کراوی

کۆنە پەرست

دوای سی ساڵ

گفت و گۆکان لە سەرەتاوە

دەست پێ بکەینەوە

ئاخر باڵندەی زیرەک

گۆرانی

دووبارە ناڵێتەوە....

# دابەشکردن

کاتێ خودا ئافرەتی بەسەر

پیاوانا دابەشکرد

و

تۆی یا بە من

هەستم کرد بە ئاشکرا

بەلای منا

دایشکانوە

و

سەرپێچی  هەموو کتێبە ئاسمانییەکانی

کردوە کە خۆی دایناوون

گەنمی یا بەوان

مەی بۆ من

لۆکەی لەبەر ئەوان کرد

ئاوریشمیش بۆ من

چڵی پێشکەش بەوان کرد

و

گۆڵی پێشکەش

بە من کرد....

# سوپاس ..

کاتێ خودا تۆی پێ ناسانم

و

گەڕایەوە ماڵی خۆی

بیرم کردەوە کە لەسەر

کاغەزێکی شین

نامەیەکی بۆ بنووسم

و

بیخەمە زەرفێکی شین

و

بە فرمێسکی شین تەڕی کەم





وا دەستنپێ بکەم : هاوڕێم...

ئەمویست سوپاسی بکەم

کە تۆی بۆ هەڵبژاردم.........

چونکە خودا « وەک ئەووترێت « :

تەنها نامەی خۆشەویستی وەرئەگرێ

و

هەر وەڵامی نامەی

خۆشەویستی ، دەرئەبڕێ

# له ڕۆژ ژمێری (سەگێك) ی ڕۆشنبیر

گەورەم....

نە ئاڵتون و نە یاقوتم

لێت ئەوێ....

نە بەرگی ئاوریشم

و

نە کراسی بە زێڕ دووراوم

لێت ئەوێ

هەموو تکایەکم ئەوەیە

**کە گوێم لێ بگری**

**چونکە لە شیعرەکانما**

**دەنگی هەموو کورد**

**دەنگی هەموو زاراوەی**

**کوردیت ئەگەیەنمێ**

«««««««

**گەورەم....**

**کە شیعر و دەنگی**

**بەرزت ناوێ**

**بە تفەنگ بەدەستەکەت بڵێ :**

**ئازادی (وەڕین ) م باتێ...**

# شەڕ...

هیچ سەیر نیە شەڕ بدۆڕێنین
چونکە وەک هەموو ڕۆژهەڵاتیەک
بە بەهرەی خوتبەیان
چوینەتە شەڕەوە ..!
بە هەموو عەنتەریاتیەک
کە مێشێکی نەکوشتوە
چونکە بە مەنتیقی
دەهۆڵ و زوڕنا
چوینەتە شەڕەوە

«««

نهێنی کارەساتەکانمان :

هاوارمان لە دەنگمان

...گەورەترە

خەنجەرەکانمان

لە باڵامان

درێژترە

«‹‹‹»

ئێمە:

توێکڵی شارستانیمان

لەبەر کردوە

و

ڕۆحی نەزانینمان

هەڵگرتوە

# لێبوردن....

بۆ ڕووخساره غەمبارەکەت

کە وەک خۆر ئاوا بوونە

.....داوای لێبوردن ئەکەم

لەو نووسینانەی بۆم

.....نووسیبویت

لە بێ ئەقڵییەکانی  کردم

لە هەموو ئەو  وێرانکارییەی

لە لەش ولارە بێ گەردەکەت کردم

و



ئەو تەپ و تۆزەی چواردەورتی گرت

داوای لێبوردن ئەکەم...

لە نووسینی ئەو هەموو شیعرە شەڕانگیزانە

لە ساتی ڕووخانم

هاوڕێکەم، شیعر :

مەنفا و حزور

پاکێتی و ئابڕووی منە،

هەرگیز نامەوێ لە ئابڕووی منەوە بگلێیت

بۆیە هاتووم

داوای لێبوردن بکەم

..............هاوڕێکەم

# لە لیستی ڕەشا...

لە پاسپۆرتەکەم

لەسەر پیشەکەم

ڕستەیەکی بچوک

زۆر بچوک....ئەڵێ :

من نووسەر و شاعیرم...!

سەرەتا وامزانی

ئەمە دەربڕنێکی سیحراوییە

دەروازەی ڕێگاکانم  بۆ ئەکاتەوە

و

پاسەوانەکان وا لێ ئەکا



سوجدەم بۆ بەرن ..،،،

و

ئەفسەر و چەکدارەکان

پێی سەرخۆش ئەبن

«،،،،،

دواتر  زانیم

ئەوە ئابڕووبردنە  گەورەکە

و

تاوانە مەترسیدارەکەمە

و

ئەو شمشێرەیە، کەی ویستم

سەفەرکەم

وا  لەسەر سەرم

# یاسا، خۆشەویستەکەمە

ئەی ئەو ژنەی بە دەنگی

زیو تێکەڵ بە مەی ئەبێ

و

لە ئاوێنەی ئەژنۆکانیەوە

خۆر هەڵدێ

و

تەمەن بۆ سەفەری

دەریاکان ئامادە ئەبێ

ئەی ئەو ژنەی....بە چاوەکانی

دەریا تێکەڵ بەزەیتون، ئەبێ

گوڵەکەم..........



ئەستێرەکەم.......

تاجی سەرم........

لەوانەیە. ...:

تێکدەر بم....یان ئەنارشیست

یان شێت بم...!!

گەر شێت بم،،،

« کە ڕێی تێ ئەچێ «

تۆ، خانمەکەم

بەرپرسی لە شێت بوونم

یان گەر نەفرەت لێکراوو بم

« کە ڕێی تێ ئەچێ ..»

چونکە لای ئێمە، هەچ کەس

بێ مۆڵەت، خۆشەیستی بکا

خانمەکەم : نەفرەت لێکراوە

تۆ بەرپرسی لە نەفرەت لێکردنم

بۆ یەک جار لێم ببورە

گەر لە پیشە بوونی یاسا

چوبێتمە دەرێ

چی بکەم، گوڵەکەم

هەر ژنێکم خۆشبوێ

ئەو

ئەبێ بە یاسا

# نامەکان

ئەو نامانەی بۆ تۆم
ناردوون
تۆی تێپەڕانوە
منی تێپەڕانوە
چونکە :
ڕووناکی لە چرا
گرنگترە...
قەسیدە لە دیوان
گرنگترە...

ماچ لە لێو

گرنگترە...

نامەکانم

لە من و لە تۆ

گرنگترن

تاکە بەڵگە نامەن

کە خەڵک جوانی تۆ

و

شێتێتی منی تیا

بدۆزنەوە......

# ئاگری ڕۆما

زۆر بڵێ،

قسە کردن بەسە

هات و چۆ بەسەر مێشکی داڕوخاووم

بەسە.....

هەموو ئەوانەی کردت

چییان ناو بنێم..؟

سادی....؟

بەرژەوەندخوازی..؟

چەتە گەریی...؟

هیچ و پووچی....؟



هەموو ئەوانەی کردت

چییان ناو بنێم..

تۆیەک کە :

خۆشەویستی بە بازرگانی

پاکێتی بە پۆرنۆگرافی

تێکەڵ کرد

هەموو ئەوانەی کردت

چییان ناو بنێم

قسەیەکم نیە...

بۆ ئەوەی جگەرەیەک داگیرسێنی،

هەموو» ڕۆما» ت سووتان

# ڕق ...

له نووسینی شیعر
لەسەر لەش و لاری ئافرەتەکانم
ڕقم هەستاوە..
له سەرکەوتن بۆ گۆی مەمکەکان
هەر بەیانی و ئێوارەیەک
ڕقم هەستاوە..
ئەمەوێ شیعر له ژێر پێی
هات و چۆکەرەکان
دەرهێنم

ئەمەوێ بچمە زمانێکەوە

بێ زمان بێ

باوەشێکم ئەوێ : بێ ووشە

سێکسێکم ئەوێ : بێ ووشە

مەرگێکم ئەوێ : بێ ووشە

ئەمەوێ وەک ڕووخساری نوێژ

ڕووخساری « بێ تاوانی»م بگێڕمەوە

ئەمەوێ بۆ سەر سنگی دایکم

بگەڕێمەوە

ژیانم ئەوێ ..

# ئەزانم...

ئەزانم،،،

لەسەر شۆستەی وێستگەکە

چاوەڕێی

پیاوێکی تری....................

جانتاکانت هەڵئەگرم

و

ئەزانم لەگەڵ پیاوێکی دیکە

بە نیازی سەفەری

و





ئەزانم :

من، جگە لە پانکەیەکی چینی

کە گەرمای هاوینی بۆ فێنک کردی و

دوای هاوین فڕێت یا،

چی تر نەبووم..!؟

ئەشزانم :

ئەو شیعرانەی بۆم نووسیبویت

جگە لە ئاوێنەیەک، بۆ خۆ بینین

چی تر نەبوون..!!

بەڵام جانتاکانت

و

جانتاکانی خۆشەویستەکەت، هەڵئەگرم

چونکە :

شەرم ئەمگرێ

زللە لە ژنێک بەم

لە جانتای دەستە سپییەکەی

خۆشترین ڕۆژانی تەمەنمی

هەڵگرتبێ .....

# ووشه له ناو دانیانا..

دوا جار

ڕایانگەیان، لێرە بوون

بۆچی  ڕایانگەیان

و

بۆچی لێرە بوون..؟

من بە سەلیقە

دەنگی پۆستاڵ ئەناسمەوە

هەر بە سەلیقە





شێوە و قەوارە و ناوی

خەنجەر ئەزانم

سوپایەکی خەیاڵاوییان دروست کرد

تا هەڵکوتنە سەر، شاعیرێک

« ڕۆم « یان جێهێشت

تا

دژ بە پەڕی باڵندەیەک

جەنگ ڕاگەیەنن

لەوسەری دەنیاوە هاتن

تا

چەن دەفتەرێک بدزن

ئای ئەوانە چەن دەبەنگن

کە وایانزانی، بە کوشتنی من

شیعر ئەکوژن

گەورەیی و بچوکی خۆمم نەئەزانی

تا ئەو شەوەی

هێرشیان کردە سەرم

.....

دڵنیا بووم

لەوەی شاعیرێکم

دەسەڵاتی هەرێمێک

ئەترسێنم

# شۆڕشی مریشك

ئێمە مریشکی قەیسەرین
گەنمی ترس ئەخۆین
و
بارانی خوێ ئەخۆینەوە
هەموو ڕۆژێک
پێش نوێژی شەبەق
پۆلیس یەنە لامان





پرسیارمان لێ ئەکەن

و

هەڕەشەمان لێ ئەکەن

و

لە نێوان شمشێر و ڕما

هەڵمانئەواسن

‹‹‹‹«‹»

ئێمە مریشکی قەیسەرین

هاوینان : تۆومان ئەیاتێ

و

جەژنی قوربان : سەرمان ئەبڕێ

# ماندوبوون ...

لەسەر ئەسپیئ ئازادی

ماندو بوویت

ئەسپی ئازادی، فڕێی یایت

لە دارستانەکانی سنگم

و

سیمفۆنیای شەوانەی

سیسرکەکان

ماندو بوویت

لە نووستن بە ڕووتی

لەسەر چەرچەفی مانگ

ماندو بوویت

.....دارستانت جێ هێشت

.........تا گورگ بتخوا

و

گەورەی خێڵ

لەسەر سونەتی  خوا

..و  پێغەمبەر

پەلامارت با

# دوا مەرگ

چی تر ناتوانم

زیاترم خۆش بوێیت

ئەمە دوا سنووری

« شێتیّ» تیمە....

چی تر ناتوانم

باوەشت بۆ بکەمەوە

چونکە قۆڵەکانم

لەوە زیاتر ناکرێنەوە

ئەمە دوا بەرزایی

داپۆشراوی بەفر و ئاڵتونی



مەمكەكانتە

كە بتوانم بیگەمێ

و

چی تر ناتوانم بەسەریا

سەركەوم...

...بۆ گەیشتن بە تاڤگەكانی قەندیل

ئەمە دوا جەنگمە،،

چی تر توانای شەڕكردنم نیە

.....

لەگەڵ ژنێكا

و

لە پێناو ژنێكا

ئەمە دوا مەرگمە

و

چی تر ناتوانم

لەمە زیاتر...بمرم

# دایك

به مەرگی دایکم

دوا کراسی خوریم لەبەر نەما

کە خۆم پێ دائەپۆشی

دوا کراسی میهرەبانی

دوا چەتری باران

زستانەکانی داهاتوو، بەسەر جادەکان

پیاسە ئەکەم بە ڕووتی

‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹»



هەموو ئەو ئافرەتانەی

ناسیومن

بە ئاگاوە خۆشیان ویستوم

تەنیا دایکم نەبێ

بەسەرخۆشی

خۆشی ویستوم

خۆشەویستی ڕاستەقینە ئەوەیە

کە سەرخۆش بی

و

نەزانی بۆ سەرخۆشی...!!!

# دارستانی ڕەش

چاوەکانت ،

دوو نەناسراوی ناو عەبایەکی

نەناسراوە.....

و

دارستانێکی داخراوە،

کەس نازانێ

لە ناویا، چی ئەگوزەرێ

ئەووترێت :

نەتەوەی لەبیرکراوی تیایە..!



ئەشووترێت :

لە قوڵاییەکانی، جنۆکەیەکی لێیە..!

و

هەندێک ئەڵێن : دێوی تیایە

کەس نازانێ

چی سەیر و سەمەرە

لەو دارستانە، ئەگوزەرێ..!

کەس ناوێرێ هیچ بڵێ

.......شەوی تیا وونە

........و گورگ تیا برسیە

و

پیاوە سپییەکەش بەسەر ڕمەکەیەوە

بە کوژراوی

..........بەدی ئەکرێ.........

# دادگا...

ڕۆژهەڵات باوەش

بەشیعرەکانما ئەکا

و

نەفرەتیشی لێ ئەکا..!!

سوپاس بۆ ئەوەی چەپڵەی بۆ لێیا

و

ئەوەش کە بردی بە نەفرەتا

هەموو سەربڕاوێک

بەرگری لە خۆی ئەکا



وولاتێکم پێشکەش بە هەر
ترسنۆکێک کرد
و
پشتگیریی شۆڕشی هەر
خۆڕاگرێکم کرد
و
سڵم لە باجەکەی نەکرد
چونکە من لەگەڵ خۆشەویستیام
تەنانەت کاتێ کە ئەمکوژێ
گەر من وازم لە « عەشق « م هێنا
دیارە ئەوە من، من نیم............

# وولآت و شووشەی « مەی»...

کاتێک بیری وولآت ئەکەم

بۆ مەیخانەی شار

لەگەڵ خۆم ئەیبەم

و

لەسەر مێزەکەم دایئەنێم

لەگەڵیا ئەخۆمەوە

تا بەرە بەیانی...

لەگەڵیا قسە ئەکەم

تا بەرە بەیانی...





لەناو شووشە بەتاڵەکەیا

بەسەر سوورِمانەوە دائەنیشین

تا بەرە بەیانی...

و

کاتێک ووڵات درەنگانێ

ئەویش سەرخۆش ئەبێ

و

باس لە بێ ووڵاتی خۆی ئەکا

دەسەسرِەکەم دەرئەهێنم

و

فرمێسکەکانی ئەسرِم ...

# باڵندەکانی پایز

حەز ئەکەم،
وەک باڵندەی پایز
جار و بار، وون بم
ئەمەوێ بە دوای وولاتێکی
تازەیا بگەڕێم
کەسی تیا نەبێ
بەدوای خودایەکا  بگەڕێم
ڕاوم نەنێ..
بە دوای خاکێکا بگەڕێم
دژایەتیم نەکا ..
ئەمەوێ لە پێستم
و
لە دەنگم
و



لە زمانم، هەڵبێم

و

وەک بۆنی ڕەزەکان

ئاوارە بم

ئەمەوێ لە سێبەری خۆم، ڕا بکەم

و

لە ئادرەسەکانم، هەڵبێم

«««««««««

ئەمەوێ لە ڕۆژهەڵاتی

خورافات و مار، هەڵبێم

لە خەلیفەکان..

لە شازادەکان..

لە هەموو سولطانەکان، هەڵبێم

ئەمەوێ وەک باڵندەکانی پایز

خۆشەویستی بکەم

لە ڕۆژهەڵاتی سێدارە

و

چەقۆ

لە شازادەکان

لە هەموو سولطانەکان، هەڵبێم

ئەی ڕۆژهەڵاتی سێدارە و

چەقۆ

ئەمەوێ وەک باڵندەکانی پایز

خۆشەویستی بکەم

# درکانن...

که پێم ووتیت :
خۆشم ئەوێیت
ئەمزانی کە دڕندەکان
بە ڕم و تیر و کەوانی زەهراوییەوە
دوام ئەکەون
و
وێنەکەشم بە هەموو دیوارەکان
هەڵئەواسرێت..
پەنجە مۆرەکەشم
ئەگاتە هەموو مەخفەرەکان
و
خەڵاتێکی گەورەش
ئەدرێ بەو کەسەی





« سەر «م وەک هەنارێکی شارەبان
لە دەروازەی شارا
هەڵبواسێت..
کە « ناو «تم لەسەر پەڕەی گوڵ نووسی
زانیم، هەموو نەخوێنەوارەکان
دژم ئەبن
و
هەموو « ئالی عوسمان «
دژم ئەبن
و
هەموو دەروێش و « بێری « بەسەرەکان
دژم ئەبن
و
هەموو ئەوانەی بە میرات ناتوانن
خۆشەویستی بکەن
دژم ئەبن
و
هەموو نەخۆشەکانی سێکس، دژم ئەبن
کاتێ بڕیاری کوشتنی دوا خەلیفە
و
دەوڵەتی « خۆشەویستی « م ڕاگەیان
کە تیایا تۆ ببیتە شاژن
ئەمزانی تەنیا چۆلەکەکان
...لە گەڵما
دژی ئەو شۆڕشە نابن

# ڕۆژ ژمێری جەنەراڵ ...

بە دان شەڕم کرد
تا ئاو بۆ شارەکەم بێنم
و
شاخ بکەم
بە بێستانی ڕەنگەکان
و
قسە بکەم بە وەنەوشە
پێکەننی ژن بە وەنەوشە
و
مەمکەکان بە لوتکەی پاکێتی
بە شمشێر و قەسیدە شەڕم کرد
....تا خۆشەویستی
بێنم بۆ شارەکەم ...
و
ناشرینی لە سیما و دیوارەکان
بسڕمەوە،،،،،
و
سەردەم لە زەبر و زەنگ
کەم بکەمەوە
و
لە شینایی دەریا  کەم بکەمەوە و





وا لە خەڵک بکەم
لەسەر چەرچەفی ئارامی
خەو بیان باتەوە
«««»
بۆ ئەوەی ئاگر بەردەمە
بیرەوەریم
و
پاشماوەی جل بەرگی
ڕابردووم
و
پیاوەکان لە داپڵۆسین بوەستێنم
و
ئافرەتان لە گومەزەکانی سولطان
ڕزگار بکەم،
«گەورەیی» ووشەم پاراست و
بۆ یەک جاریش
بۆ ستایش کردنی ئەم
خەلیفە ......یان ئەو
سەفەرم نەکرد
««««««»
پەنجا ساڵ
بۆ دەوڵەتی ئینسان، شەڕم کرد
بەڵام بۆم دەرکەوت
ئەوانەی نووسیومن
جگە لەیەک چاڵ
لە شاخێکی بەرد
چی تر........نەبوو

# دۆزینەوە....

ڕۆژێک، پیاوێک

ئەتدۆزێتەوە..

بتوانێ بست بە بستت

بکا بە شیعر

و

بتهۆنێتەوە..

هەر تاڵە موویەکت

بکا بە قەسیدە..

ڕۆژێک، پیاوێک

ئەتدۆزێتەوە..



« هەر وەک من کردم « :

وا بکا بە شیعر خۆت بشۆی

بە شیعر چاوت ڕەشکەی

بە شیعر قژ داهێنی

تکات لێ ئەکەم

بیرمەکەرەوە، بێ دوو دڵی

لەگەڵیا بڕۆ..

گرنگ نیە بۆ من بی

گرنگیش نیە بۆ ئەو بی

گرنگە :

بۆ شیعر بی

«»»»

ئارەزوویەک پڕە لە مەترسی

کە :

دەربارەی تۆ

بۆ ژنان بدوێم..

چێژێکی گەورەیە

لە چاوی ژنانا

لە سەرەڕۆییانا

لە سەرسام بوونیانا

...بتچێنم

چێژ بە دوای چێژ

کە ئاگر بەرئەیەمە کراسی

شۆخ و شەنگەکان

بە خۆشییەکی شەیتانیانەوە

تەماشای ئاگرەکەی

تێیان بەربوە، بکەم

چاوی ژنان،

ئەو ئاوێنە سەرسامکارەن

دڵنەوایم ئەیەنێ،

کە خۆشەویستیمان بەوانی تر

بەراورد ناکرێ..

و

تۆش ژنێکی دووبارە نابێتەوە

بمبورە کە وا ڕەفتار ئەکەم

من بەرگەی ئازار دانی

خەڵکانی تر ناگرم،

بەڵام ویستم

لە کوپی ژنانا

وێناتکەم، تا بزانم

چەن گەورەتر

ئەتبینم..




# سەفەر...

جگە لە ناو سنوورەکانی دڵما
بۆت نیە سەفەرکەی...
لە دەرەوەی نەخشەی هەست
و
بۆچونەکانما
بۆت نیە سەفەرکەی...
مناڵێکیت،
ناتوانێ بە تەنیا، سەفەر کا
ناتوانێ بە تەنیا

لەسەر شۆستەکانی

شارەکانی خۆشەویستی

پیاسە بکا..

ناتوانێ

لە ئوتێلی خەوەکان

بە تەنیا دابەزێ

بێ من،،سەفەرت پێ ناکرێ

لە گەڵما نان نەخۆی

و

لە شەقامە قەرەباڵغەکانا

لەسەر شانم نەبی

هەر وون و برسی ئەبی...

««««««««««««««»

نامەکەت لە گیرفانما

دوورگەیەکی یاقووتە

و

تیایا پرسیاری « سلێمانی» ئەکەی

شەقامەکانی

فولکەکانی

چاخانەکانی

کۆڵانەکانی

**هەموویان ئەڕژێنە چاوەکانت**

**کە چاو دائەخەی**

**سلێمانی، وون ئەبێ**

**لەو بڕوایە نەبووم**

**ژنێک، ئاوەدانی شارێک بێ**

**شارێک داهێنێ**

**خۆر و شارستانی**

**ببەخشێتە شارێ**

**بۆ باسی شار و وولاتەکەم**

**تۆ : وولاتمی**

**ڕووخسارت : وولاتمە**

**دەنگت : وولاتمە**

**لەپی دەستە بچوکەکانت وولاتمە**

**و**

**لەم وولاتەیا لە دایک بووم**

**و**

**ئەمەوێ هەر لەم**

**وولاتەیا، بمرم**

# چونە ناو «هیرۆشیما»وە...

تەڕ...تەڕ

وەک دستەسڕی سەفەر

وەک باڵندەیەکی،

وون بوی چەن سەدەی

...ژێر باران

شووشەیەک، شەپۆلەکان

لە دەریای قەدەر

یاری پێ ئەکەن..

پاپۆڕێکی کون تێ بوو





بۆ ڕزگار بوونی،،

خۆی ئەگەڕێ

بۆ ئەو کەنارانەی

چاوەڕوانیان، نیە

ئەگەڕێ

‹‹‹‹‹‹‹‹‹»

هاوڕێم. :

دڵم شارێکی داخراوە

ڕۆشنایی مانگ

ئەترسێ بچێتە ناوی

بێتاقەتی تیایا،

بێتاقەتە لە خۆی

عەمودی شکاو...

شۆستەی چۆڵکراو...

داپۆشراو بە بەفر

و

گەڵای دار

پێش تۆ، هاوڕێم

لەشکری فارس و سوپای تەتەر

و

دەیان سەرەڕۆی تر

هاتنە شارەکەم

و

خۆیان کوشت،،

وریا بە، دەست نەیەی

لە دیوارەکانی

نزیک نەبیتەوە

لە بتەکانی

ئەوەی دەستی لێ یابێ

بوە بە  بەرد

«‹‹‹‹‹‹‹‹شارەکەم ...!!

چیت یاوە لە شارەکەم

فولکەکانی

پڕە لە مێش و چاڵایی

تەنیا یەک هاوڕێی هەیە

ئەویش  :

...بێتاقەتی




# چیم بۆت نەکرد..!!

مناڵانی دونیام  فێرکرد

ناوت بڵێنەوە

دەمیان بوو بە ڕەزی شاتوو

خۆشەویستم...

چویتە کتێبی خوێنن

و

تورەکەی شیرینی ئێستا و داهاتوو

لە ناو، ووتەی پەیام بەران

و

شەرابی عەمامە بەسەران

و

دەسەسڕی ماڵ ئاوایی

شاردمیتەوە...

لەسەر پەنجەرەی مزگەوتەکان

و

ئاوێنەی خەو

و

تەختەی پاپۆڕەکانی سەفەر

وێنەم کێشای...

ئادرەسی چاوەکانتم یا

بە ماسییەکانی دەریا

هەرچی ئادرەسی کۆنە

لەیادیان کرد

باسی گەنجینەی لەش و لارتم

بۆ بازرگانە ڕۆژهەڵاتییەکان کرد

کاراوانەکانی « هیندستان «

کەوتنە بازرگانی

لە بازاڕی مەمکەکانت...

بە « با « م ووت :

قژە خەڵوز ئاساکەت،



دابێنێ

داوای لێبوردنی کرد

کە ئەو کاتی کەمە

و

قژی تۆش درێژە

فریا ناکەوێ

# خاڵی سەر پیتەکان...

تورِه مەبه
بەو ووشه بەڕبەڕیانه
کارم لێ ناکەی
گفت و گۆم لەگەڵ بکه
بە کراوەیی و هێمنانه
بێ ئەقڵ :
کامان بێ ئەقڵ بووین..!؟
جلەکانی شانۆ داکەنه
و
وەڵامم بەرەوه
کامان دەبەنگ بووین..!
کێ بەرپرسیارە لەمەرگی
خۆشەویستیمان...!؟
کامان کۆشکی قاقەزیی فرۆشت بەوی تر...إ؟
کێ بکوژە و کێ قوربانی...!!



کاممان لە شەو و ڕۆژێکا
پاڵەوانی لێ دەرچوو ...!!
«‹‹‹‹‹‹‹‹
زۆر
دوو ڕوو بویت
زۆر
بەزەبر بوویت
و
ئاگرت نا بە هەموو
پردە ئاڵتونیەکانەوە
خانمەکەم. :
تۆ هەر لەسەرەتاوە
بۆ یەک ڕۆژیش، بۆ خۆشەویستی
وەک مەسەلەیەک نەژیاویت..
هەردەم لە پەڕاوێزیا بوویت
خاڵێکی سەرلێشێواوی
پیتەکان بوویت
پوشێکی سەر ئاو کەوتووی
ڕۆخ بوویت...
وەک ئەوەی
نە ناسنامە،
نە مێژوومان هەبوو بێت..
توڕە مەبە
تەنها ئەمەوێ بپرسم :
کاممان بێ ئەقڵ بووین
....بێ ئەقڵ

# بۆ ئەنووسم..!

ئەنووسم
تا شتەکان بتەقننەوە و
نووسین تەقینەوەیە
ئەنووسم
تا رووناکی لە تاریکی بباتەوە و
نووسین سەرکەوتنە
ئەنووسم
تا گوڵە گەنم و
درەختەکان بمخوێننەوە
تا گوڵ ..و ئەستێرە ..و چۆلەکە




پشیله ..و ماسی ..و نەهەنگەکان

....لێم تێبگەن

«‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹

ئەنووسم

تا دونیا لە کەڵپەی هۆلاکۆ  تازەکان

و

حوکمی میلیشیا

و

شێتێتی سەرۆکە شەلاتییەکان

ڕزگار بکەم....

ئەنووسم

تا ئافرەت

لە گومەزی زۆردارەکان

لە باخچەکانی مەرگ

لە فرە  ژنی

لە  لەیەک چوونی ڕۆژەکان

لە سەهۆڵ گرتن  و

وەڕس بوون

....ڕزگار بکەم

ئەنووسم

تا ووشە لە دادگاکانی بەدوا چوونا

و

مشەمشی بۆنکردنی سەگ

و

لە لەسێدارەی چاودێری کردن

...ڕزگار بکەم

‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹»

ئەنووسم

تا ئەو کەسەی خۆشم ئەوێ

لە :

شاری نا شیعری

و نا خۆشەویستی

و ڕووخان

ئومێد لەدەست یان

....ڕزگار بکەم

ئەنووسم تا بیکەم

بە پەیامبەر

بە نووسینی پیرۆز

بە هەور...

‹‹‹‹‹‹‹‹»

جگە لە ژن و نووسین

هیچی تر لەمەرگ نامانپارێزێ

جگە لە ژن و نووسین

.........نامانپارێزێ..........

# ڕۆژانەی پیاوێکی دۆڕاو..

قەت رووی نەیاوە

بەم قوڵاییە

خۆشەویستیم کرد بێ

ڕووی نەیاوە ..قەت ڕووی نەیاوە

لەگەڵ ژنێکا

سەفەری ووڵاتی تامەزرۆیم

کردبێ

و

وەک بروسکە

وەک هەورەتریشقەی تورە
لە مەمکەکانیم دابێ...
من لە ڕابردووا عەشقم نەکردوە
تەنها رۆڵی عاشقم دیوە..
قەت ڕووی نەیاوە
خۆشەویستی ژنێک
تا « پەتەکە « ی گەیانبم
پێش تۆ کەسم نەناسیوە
بمبەزێنێ
و...چەکەکانم بەرێ
لەناو وولاتەکەی خۆما
لێم بباتەوە
دەمامکەکانی،  دەم و چاوم
لێبکاتەوە....
خانمەکەم
قەت ڕووی نەیاوە
ئاوا تامی ئاگر ئاسنم
کردبێ....
دڵنیابە خانمەکەم
بێ لە من
هەزارانی تر خۆشیان ئەوێیت




و

نامەی بیر کردن وەر ئەگریت

بەڵام دوای من

پیاوێک نابینی

قەت نابینی

نە لەم لا

نە لەو لا

بەم راستگۆییە

تۆی بۆی

تۆی خۆش بوی

# پیاوێکی تەنیا...

گەر بمزانیایە

چیم ئەوێت

وەک پشیلەیەکی ترساو

پەنام بۆ نەئەهێنایت...

گەر بمزانیایە

چیم ئەوێت

گەر بمزانیایە

لە کوێ شەوم





بەسەر بەرم

گەر بمزانیایە

لە کوێ پشتی سەنگەرم بگرم

بەرەو لای تۆم

هەڵنەئەبژارد،،،

لێم مەپرسە لە کوێوە هاتووم

چۆن هاتووم

و

چیم ئەوێت......

وەڵامی ئەو پرسیارە

هیچ و پوچانەم نیە،،

جگەرە و چەرخت لایە ؟

هیچ رۆژنامەیەکت هەیە ؟

مێژووەکەی گرنگ نیە

هەموو رۆژنامەکان

هیچی تازەیان پێ نیە

،،،،،،،،،،،

خانمەکەم......

جێگەیەکی زیایەت هەیە...!

من هەمیشە پیاوێکی تەنیام

تۆ بڕۆ بنوو،،

من خۆم قاوەکەم دروست ئەکەم

چونکە من هەمیشە تەنیام

ڕێگاکان ئەمکوژن..

نەخشە و سنورەکان قبوڵم ناکەن

چەن سەدەیەکە

پۆستیشم بۆ نایە

جگەرەکانم بەرێ  و  وون بە

هەر ئەوەم  پێویستە

ئەوە بۆ من هەموو شتێکە

کە پیاوی تەنیا پێویستی بێ...

دوای خۆت دەرگاکان دامەخە

مێشکم بەفر گرتوویەتی

هیچ شوێنێک

دامەخە......

سێکس، دوا شتە

کە ئەمەوێت

دوا شتە....

# پاشای مەغۆل ..

پاشای مەغۆل
میراتگری جزمە و قامچی
لە « ئەرتغۆل » ی باپیر،
تۆ کە هەمووان بە ئەسپ
ئەبینی...
لە پەنجەرەکانی کۆشکەوە
جیاوازی نێوان خەڵک و ئەسپ
نابینی...
پاشای مەغۆل

ئەی تووڕە لە ئەسپەکان،

ئەی ترسنۆک بەرامبەر

چەکەرەکردنی بێستانەکان

پێش ئەوەی  دڵی خۆشبێ

یاساوڵەکەتان،

و

بمکوژێ...

و

پێش ئەوەی شایەتە علوجەکان بێن،

ئەمەوێ. ،

بە ژنە سک پڕەکەم

و

هەموو هاوڕێکانم

و

گەلە ژێر دەستەکەم، دوو ووشە بڵێم

ئەمەوێ بڵێم  :

من شاعیرێکم

لە قوڕگما، چۆلەکەیکم هەڵگرتوە

نایفرۆشم.......

و

تۆش ئەتەوێ



چۆلەکە لە قوڕگما، دوور خەیتەوە

پاشای مەغۆل. :

کەللە ڕەقی بەزێنەری لەشکرەکان

تێکدەری دەریاکان

دروستکەری هەویری ئاسن

تێک شکێنەری بەرد

مناڵ خۆر

ئەتککەری « کچێنی « یەکان

عەتر خۆر

چەن سەرنجی ڕاکێشام

تۆ

و

پۆلیس

و

سوپا

و......یەک چۆلەکە

# خۆشەویستم ...

خۆشەویستم، گەر ڕۆژێک

دەربارەی من پرسیاریان لێت کرد

زۆر بیر مەکەرەوە

بە هەموو گەورەییەک

وەڵامیان بەرەوە : p

« خۆشی ئەوێم....زۆری خۆش ئەوێم..»

گەر ڕۆژێک گلەییان لێت کرد :

بۆ ئەو قژە ئاوریشمییەت بڕیوە

و

چۆن دوای چەن مانگ گەورە کردن

ئەو گوڵدانەت شکان

کە وەک هاوینی ووڵات

بۆنی خۆش و سێبەری بڵاو ئەکردەوە...!

پێیان بڵێ :

من قژم بڕی

ئەوەی خۆشم ئەوێ

خۆشی ئەوێ بە کورتی

شازادەکەم.............

گەر لەسەر مۆم

بە ئاوازەکەی هەردوکمان

دانسمان کرد

و

بۆ چەن سانییەک پیانۆکە،

کردینی بە ڕووناکی و ڕۆشنایی

و

هەموو وایان زانی

تۆ لە ناو قۆڵما ..وەک پەپولەیەک

ئەتەوێ بفڕی

لە دانسەکەت، بەردەوام بە

بە هێمنی

قۆڵم بکە بە جێگەی نووستن

زۆر بە گەورەییەوە، پێیان بڵێ. :

« خۆشی ئەوێم...زۆری خۆش ئەوێم..»

.........خۆشەویستەکەم :

گەر پێیان ووتیت،

من کۆیلە و کۆشکم نیە

و

لە دستما ئەڵماسێک نیە

گەردنتی پێ بڕازێنمەوە

ئەی یەکەم و دوا خۆشەویستم ..

پێیان بڵێ :

«..ئیتر بەسە...ئەو زۆری خۆش ئەوێم..»

هەزاران جار خۆشەویستەکەم،،،

خۆشەویستیم بۆ چاوەکانت

.......................گەوریە

و

هەردەم بە گەورەیی

....لێی ئەدوێم



# دڵنەوایی...

گەر یەکێک دڵنەوایم باتێ

کە بتوانم سولطان

ببینم جارێ

ئەڵێم گەورەم سولطان

سەگە هارەکانت

جلەکانمیان دڕان

و

سیخوڕەکانت، هەردەم

بە دوامەوەن،

چاویان..

لووتیان..

قاچیان ..

بە دوامەوەیە !

وەک قەدەری ناوچەوان

وەک دادگا

لە ژنەکەم ئەکۆڵنەوە

و

ناوی هاوڕێکانم ئەنووسن

....گەورەم سولطان

چونکە ویستم لە پەرژینە کەڕەکانت

نزیک ببمەوە

چونکە ویستم دەردی دڵ

و

نەهامەتییەکانم بڵێمەوە

پاسەوانەکانت ناچاریان کردم

پێڵاوەکانم بخۆم

‹‹‹‹‹»

گەورەم سولطان...

چونکە نیوەی گەل بێ زمانە

دوو جار شەڕت دۆڕان

ئەو گەلەی زمانی نەبێ

ئەبێ چ نرخێکی  هەبێ...؟

چونکە نیوەی  گەلەکەمان

وەک مشک و مێرووولە

لە ناو دیوارا

چواردەوری گیراوە

بۆیە شەڕت دۆڕان

گەر یەکێک بەرامبەر

پاسەوانەکانی سولطان

دڵنەوایم باتێ، ئەڵێم. :

دوو جار شەڕت دۆڕان

چونکە جیابوویتەوە

لە مەسەلەی « ئینسان «

# ماف...

پێش ئەوەی ،
فەرمانێکی فاشیستانە دەرچێت
ئەمەوێ خۆشم بوێیت
و
ئەمەوێ کوپێ قاوەت لەگەڵا
بخۆمەوە
و
ئەمەوێ دوو دەقیقە
دانیشم لەگەڵتا
پێش ئەوەی پۆلیسی نهێنی
کورسییەکان لە ژێرمانا
ڕاکێشێ...
و
ئەمەوێ پێش ئەوەی
دەم و قۆڵم بگرن،
باوەشت پیاکەم...
و
ئەمەوێ پێش ئەوەی

گومرگ بخەنە سەر فرمێسکەکانم
لە ناو دەستەکانتا...بگریم
ئەمەوێ خانمەکەم
خۆشم بوێیت
و
ڕۆژ ژمێر بگۆڕم
و
ناوی مانگ و ڕۆژەکان بگێڕمەوە
ئەمەوێ لەسەر ریتمی هەنگاوەکانت
و
بۆنی عەترەکەت
کە پێش خۆت ئەگاتە قاوەخانەکە
سەعاتەکانی دونیا رێک بخەم
بۆ داکۆکی لە مافی ئەسپ سواریی
خۆشم ئەوێیت، خانمەکەم
و
بۆ مافی ژن کە « سوارەکەی « خۆی
بەدڵی خۆی هەڵبژێرێ
و
بۆ مافی درەخت
کە گەڵاکانی بگۆڕێ
و
بۆ مافی گەل کەی ویستی
فەرمانڕەواکان بگۆڕێ
خۆشم ئەوێیت...خانمەکەم

# نامەیەك لە ژێر ئاوەوە

فێرم کە چۆن بیرت نەکەم..!
فێرم کە......
چۆن ڕەگی عەشقت بن بڕکەم
فێرم کە
چۆن « فرمێسک» لە « پێک» ێکا
ئەمرێ
و......فێرم کە
چۆن خۆشەویستی لەناو ئەچێ
و
چۆن» بیر کردن» خۆی
ئەکوژێ..!
دونیات وەک تابلۆیەکی شیعری
هێنایە پێش چاوم
و
ئازاری خۆشەویستیت
لە ناو دڵما چاند
و

لە «ئارام گرتن»یش بێ بەشت
کردم....
گەر منت خش ئەوێ
دەستم بگرە...
دەستم بگرە، من سەرتاپا گیرۆدەی
خۆشەویستی تۆم
گەر خۆشەویستی منی
یارمەتیم بە لێت دوور بم
گەر تیمارکەری منی
یارمەتیم بە
لە دەردی «ئالودە» بوونم پێت
ڕزگار بم...
گەر دەردە سەرییەکانی
خۆشەویستیم بزانیایە
خۆشم نە ئەویستی
گەر قوڵایی
دەریام بزانیایە
هەرگیز مەلەم نەئەکرد
گەر عاقیبەتی
خۆم بزانیایە
ئەم ڕێگایەم
دەست پێ نەئەکرد
............
فێرم کە
چۆن بیرت نەکەم...!

# شارەکەمان...

سەرەڕای چی تیا هەیە،

شارەکەم هەر خۆشەویستە

هاواری بەقاڵەکانم

خۆشئەوێ

کۆڵانەکانی..

گۆرانییەکانی...

مەنارەکانی..

کلێسەکانی..





سەرخۆشەکانی..

نوێژکەرەکانی..

لێبوردەیی و توندڕەوییەکەی

پەرستنی ڕابردوەکەی

شارەکەمان « خۆشبەختانە «

قایلە : بەوەی هەیە

و

بەوەی تیایە

لە هەزاران مردوو

کە چاخانەکانی

نەخۆشی خستوون

لەگەڵ ڕۆژگارا

بوون بە بەشێک لە کورسییەکان

بوون بە سیسارەکەی

ووشک بوو..

تیشکی خۆر کوێری کردوون

شارەکەمان

بە دوای ڕۆژنامەیەکی تەمەڵەوە

و

لەپشتی تاوڵەوە

شەوەکانی سەرفئەکا

...چی ئەبێ با ببێ...

نە ڕووداوەکان ئەیجوڵێنێ

و

نە مێژوویی یە بەخەیاڵا،

شارەکەمان

بێ « خۆشەویستی « یەکە، کە

ڕووخسارە تۆزاوویەکەی تەڕ کا

یان

دەشتاییەکانی ئاو با

شارەکەمان بێ « ژن « ێکە

سەهۆڵ بەنگانی گۆشەگیرییەکەی

بتوێنێتەوە

و

مانا جوانەکانی

«سلێمانی «

بگێڕێتەوە

# نیشتمان ...

کاتێک نیشتمانەکەم

ئەگەڕێم

جگە لە دەفتەرێک

چی ترم پێ نیە

ئەم بازگەیە  ئەمنێرێتە

ئەو بازگەیە

لەم سەربازگەیە

بۆ ئەوەی   ئەوبەر ...!

منیش   جگە لە چۆلەکەیەک

چی ترم

لە گیرفانا نیە..

بەڵام«ئەفسەر» ڕام ئەگرێ

و

داوای پاسپۆرتی

چۆلەکەکەم لێ ئەکا..!!

لەم نیشتمانە

«..ووشە..»

پێویستی بە مۆڵەتی

تێپەڕ بوونە..

لە چاوەڕێی فەرمانی

کار بەدەست

فڕێ ئەدرێمە

سەر ئەرز

سەیری ئەو هەموو

فەردە « لم «ە ئەکەم

و

فرمێسکی چاوم

وەک دەریا وایە

.. و...

لەبەر دەمما لافیتەیەک

لە یەک

« نیشتمان»ی ئەدوێ

لە یەک

«میللەت» ی ئەدوێ...!!

منیش وەک « مشک « ێکی

بێ دەستەڵات

هەر دانیشتووم

هێڵنجی غەمەکانم، ئەیەم..

و

هەموو دروشمەکان

ئەسڕمەوە

و

لەبەر دەم دەروازەی

نیشتمانم

وەک پەرداخێکی شکاو

هەر...فڕێ دراوم !!!

# وولاّت وێنا ئەکەم

یەکەم پێک

کە یەکەم پێک ئەخۆمەوە

وولاّت وەک فرمێسکێکی سەوز

وێنا ئەکەم

خۆم دائەکەنم....و

تیایا مەلە ئەکەم

«««««««

دووەم پێک

کە دووەم پێک ئەخۆمەوە

وولاّت وەک ژنێکی جوان

وێنا ئەکەم



و

له نێوان مەمکەکانیا

خۆم هەڵئەواسم

«««««««

سێیەم پێك

کە پێکی سێیەم ئەخۆمەوە

ووڵات وەک بەندیخانەیک

وێنا ئەکەم

سزای هەتا هەتایی بۆ شیعر

تیا بەسەر ئەبەم

««««««

چوارەم پێک

کە شووشە مەیەکەم

تووشی لە بیر چونەوە ئەبێ

ووڵات وەک سێ دارەیەک

وێنا ئەکەم

بە ئامادە بوونی

فەرماندەی گەورە

و

سەگە ڕاوچیەکەی

و

ڕاوێژکارە ڕاوچیەکەی

و

بەڕێوەبەری فەرمانگەی ناشتنی مردووەکان

و

وەزیری خوێندنی باڵا

و

سەرۆکی نووسەران

و

ئەمینداری ئەوقاف

و

گەورەی هەموو قازییەکان

و

هەموو ئەو وەزیرانەی

بە بڕیارێکی ( بە پەلە ) دامەزراوون

لە ئاهەنگێکی شکۆداری

خوێنەنەوەی شیعریا

بۆ ئەوەی شاعیر بکوژن

و

لەگەڵ جەنازەکەیا

بڕۆن بە ڕێ یا......





# نەوت، وەك گورگ
# پەلاماری یاین

لە دەریاکانی خوێن تکانەوە

هاتە لاتان

دڵی لەسەر لەپی دەستی

خەنجەری ئابڕوو بردن و شیعری

لێ هەڵکێشا بوو

ئاگری گۆڕانکاری لە

چاویا بوو،،

پاڵتۆی کوردایەتی

وەلا نابوو

له ویژدانیا بکوژی

دایک و باوکی بوو،،

کافر به هه‌موو ده‌قه‌کان

پرسیاری لێ مه‌که‌ن

که چۆن مێژوو

له گلێنه‌کانیا مرد..!!

سلێمانی وه‌ک گوڵانێک شکانی

بۆیه به‌سه‌ر پێڵۆکانیا هات ..و

هه‌موو نه‌خشه‌کان وون بوون.....

بۆ کوێ بچێ...؟

له کوێ لابا......؟

له هه‌موو گه‌ڕه‌کا

کاسبێک نیه،،

خوا ده‌ستی له کاسب

پاککردۆته‌وه

نه‌وت، وه‌ک گورگ په‌لاماری یاین

به کوژراوی که‌وتین به‌سه‌ر نه‌عله‌کانیا

نوێژمان بڕی و بڕوامان هێنا که :

شانازی ده‌وڵه‌ت له گونیایه‌تی،،

ده‌ره‌وه‌مان، قامچیمان له‌سه‌ر

تاقی ئه‌که‌نه‌وه

گوێی گەورەکانمان ڕائەکێشن ..

دەرەوەمان خوایەکە و

هەزاران دەبەنگ لە ناومانا

لەسەر ئەژنۆ دانیشتوە،،،،

لە وێرانەی وێرانیا

هاتە لاتان

مەرگی خۆی لەسەر شان بوو

کە هێشتا بزمار وا لە مەچەکیا

ئاخۆ کام شیعرتان لێ ئەوێ..؟

ئەی وولاتێک بێ میللەت

بە ئاگا بەرەوە

و

زۆردار لە قاچەوە ڕاکێشە

ئەی وولاتێک

تام ئەیا بە داپڵۆسین

تا ئەقڵی ئینسان چوە قاچەکانیەوە،،

‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹»

بەڕێزان.. :

دوای ئەوەی دەمیان دوورییەوە

گۆرانی بێژ چۆن گۆرانی بڵێ...!!

گەر شاعیرێکی کورد ئەمڕۆ مرد

کەسێک هەیە

بەسەریکاتەوە بەنوێژێ...!!

لە بەشەکانی سلێمانییەوە

هاتە لاتان

و

چەقۆ سنگی بڕیوە

ئاڵای ئازادی و خۆشەویستی

بەرز کردۆتەوە

شمشێری جەللادیش

ڕۆژانەیە لەسەری

درێژی هەموو سێدارەکان

وەک یەکی لێهاتوە

و

شێوەی هەموو زیندانەکان

لای ئەو وەک یەکە،،،،،

دەستەکان، شیعرم ماچ ناکەن

باشترە :

سولطانەکان دەستی

ئەو ماچ بکەن ......

# درەخت...

ژنێکی ترسناک بە،،،

تا کاتێک باوەشت پیا ئەکەم

دڵنیا بم

کە : پاشماوەی درەختێک نیت...

شتێک بڵێ

شتێک بگێڕەرەوە

گۆرانی بڵێ

بگری..بژی...بمرە

تاوا باس نەکرێم

کە: خۆشەویستەکەم درەختێکە...!

‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹»

ببە بە مار...ببە بە ژەهر

ببە بە جادەگەرەکان

ببە بە سیحر

خۆت بە چواردەورما بئاڵێنە

تا هەست بە گەرمی لەش

و

عەتری پێست بکەم

هەستکەم کە :

لقەکانت تەختە نین

ڕەگەکانت دار نین

ئارەق بڕێژە...

خۆت نقووم کە...

تاڕۆژێک لە ڕۆژان

وا باس نەکرێ

کە دڵداری درەختێک بووم

‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹»

خانمەکەم :

ببە بە سوارێک

ببە بە شمشێرێکی هار

ببە بە کۆتایی ڕووداوەکان

ببە بە لێوێک



قەت تێر نەخوات

هاوینێکی گەرمیان بە

بێستانێکی پڕ بۆن و بەرام بە

ئازارێکی گەورە بە

من بە ئازار گەورەتر ئەبم

گۆرانی بڵێ

بگری..بژی..بمرە

تا :

وا باس نەکرێ

کە باوەشم کردبوو بە درەختێکا

«««««««»

ببە بە ژنێک خانمەکەم

ببە بە خاک

و

ببە بە بەر و بووم

تا :

ڕۆژێک لە ڕۆژان

وا باس نەکرێ

کە لە گەڵ دەرختێکا

ئەنووستم..........

# خۆشەویستیت،
# باڵندەیەکی سەوزە

خۆشەویستیت باڵندەیەکی سەوزە

باڵندەیەکی سەیری، سەوز

وەک چۆن باڵندە

.....گەورە ئەبێ

ئەویش خۆشەویستەکەم،

گەورە ئەبێ

لە پەنجەکانم قوتار ئەبێ و

لە پێڵۆکانم دەرباز ئەبێ،،،

**چۆن هات..؟**

بالندە جوانە سەوزەکە، چۆن هات..!

زۆر بیرم لێنەکردۆتەوە

ئەوەی خۆشەویستی بکا

بیر ناکاتەوە،،

خۆشەویستیت منالێکی قژ زەردە

هەرچی یەتە ڕێی، ئەیشکێنێ

کە ئاسمان باراناوییە

....سەردانم ئەکا

یاری بە هەستم ئەکا و

سەبر ئەگرم

خۆشەویستیت منالێکی بە ئەرکە..

هەموو خەڵک ئەنوون

گیانەکەم، هەر ئەو نەبێ

منالێک کە بەرگەی

فرمێسکەکانی ناگرم...............

‹‹‹‹‹‹‹‹»

خۆشەویستیت، خۆی گەورە ئەبێ

وەک چۆن بێستانەکان گوڵ ئەگرن

یان لەسەر دەرگاکانمان

گوڵاڵە سوورە ئەڕوێ

یان لە بنارەکان

بەڕوو و سنۆبەر ئەڕوێ

وەک شەکر کە بە ناو دڵی قۆخا

یەت و ئەچێ....

خۆشەویستیت :

وەک هەوا گیانەکەم

بێ ئەوەی پێی بزانم

یان هەستی پێ بکەم

وا لە چواردەورما

دوورگەی خۆشەویستیت

.....نایەتە بەر چاو

خەوێکی خەوەکانە،،،،،،،

نە ئەگێڕێتەوە

نە شی ئەکرێتەوە

«،،،،،،،،،،

خۆشەویستیت، چیە.......!!

گوڵە

یان خەنجەر..؟

یان مۆمێکی ڕۆشنکەر..!!

یان




## ڕەشەبایەکی وێرانکەر..!!

‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹»

**من هەر ئەوەنە لە هەستم**

**کە تۆ :**

**خۆشەویستی منی**

**ئەوەش کە خۆشەویستی ئەکا**

**بیر ناکاتەوە**

**ئەی خۆشەویستم**

# خۆشم ئەوێیت..و ئەوەش ئیمزاکەم

هیچ گومانت هەیە کە تۆ جوانترین و

گرنگترین ژنی لە دونیا ...!

هیچ گومانت هەیە کاتێ تۆم دۆزییەوە

بووم بە خاوەنی کلیلەکانی دونیا...!

هیچ گومانت هەیە کاتێ دەستم یا لە دەستت

پێکهاتەی دونیا گۆڕا...!

هیچ گومانت هەیە هاتنت بۆ ناو دڵم

مەزنترین ڕۆژی مێژوو

و

خۆشترین هەواڵە لە دونیا...!

«««««««««





هیچ گومانت هەیە کە تۆ کێیت..!

تۆیەک کە بە چاوەکانت

هەموو پارچەکانی زەمەنت

داگیر کردوە...!

تۆ، ئەو ژنەیت کاتی تێپەڕبوونت

دیوارەکانی دەنگ ئەشکێ...

نازانم... چی ئەگوزەرێ...

وەک تۆ یەکەم خۆشەویستم بیت

و

پێش تۆ کەسم خۆش نەویستبێ

وەک :

خۆشەویستیم نەکردبێ

و

نە ماچ کرابم

و

...........نە ماچم کرد بێ

‹‹‹‹‹‹‹‹»

تۆ، لەدایک بوونمیت

و

بیرم نایە پش تۆ هەبووبم

و

پێش میهرەبانیت

بیرم نایە ژیابێتم

ئەی شاژنەکە :

وەک ئەوەی چۆلەکا ئاسا

لە ناخی تۆوە هاتبێتمە دەرێ..

‹‹‹‹‹‹‹‹‹»

هیچ گومانت هەیە کە تۆ

بەشێکی لە خۆم

و

لە چاوەکانتەوە ئاگرم برد

و

مەترسیدارترین شۆڕشەکانم

بەرپا کرد..!

تۆ ئەی گوڵ....یاقوت

ڕێحانە.....سولطان

متمانە پێکراوی هەموو شاژنەکان

تۆ ماسییەکی مەلە

لە دەریای ژیانما ئەکەی....

تۆ ئەو مانگەی

لە پەنجەرەی ووشەکانەوە

هەموو ئێوارەیەک هەڵدێ ی



ئەی مەزنترینی هەموو سەرکەوتنەکانم

ئەی دوا وواڵات

تیایا لەدایک بم

و

نووسینەکانمی تیا بڵاو بکەمەوە

و

......................تیایا بنێژرێم

# تورِه به

تورِه به...

چۆنت ئەویٚ وا  تورِەبه

چۆنت ئەویٚ

هەستم بریندار که

گوڵدان و ئاویٚنەکان بشکیٚنه

هەرِەشه به خۆشویستنی ژنیٚک، کۆنه

هەر چیەک بکەی

هەر وەک یەکه....

هەر چیەک بڵیٚی

هەر وەک یەکه....

خانمەکەم :



تۆ وەک ئەو منالانەیت
کە چەن لەگاڵمان باش نەبن
هەر خۆشمان ئەوێن....
توڕەبە..
تەنانەت بە تورەیش،
نایابیت
توڕەبە
گەر شەپۆل نەبوایە
دەریا دروست نە ئەبوو،،،،
ڕەشەبا بە
باران ببارێنە
من هەمیشە سنگ فراوانم
توڕەبە..
وەڵامت دەست ناکەوێ
منالێکی سەر لێ شێواویت
غەرقی لە خۆ بایی بوونیت
چۆن باڵندە
تۆڵە لە بێچوەکانی
ئەکاتەوە...!
ئەو رۆژەی تاقەتت لێم چوو
بڕۆ......

من و قەدەرەکان
تاوانبار کە
منیش :
بە فرمێسک و غەمەکانم
ڕازیم،،
بێ دەنگی گەورەییە
غەم خۆی گەورەییە
گەر بە مانەوەت وەڕسیت
بڕۆ...........
دونیا پڕە لە عەتر و ئافرەت
پڕە لە چاوی سەوز و ڕەش
کاتێک ویستت بمبینیت
و
وەک مناڵ پێویستیت
بە میهرەبانی من بوو
بگەڕێرەوە بۆ ناو دڵم
من بە تۆ هەناسە ئەیەم
تۆ ئەرز و
ئاسمانی منیت
چۆنت ئەوێ
وا تورە بە

چۆنت ئەویٚ، برِۆ

هەر رۆژێک

مانای « وەفا «ت زانی

ئەگەڕێیتەوە بۆ لام

ئەگەرێیتەوە

بۆ لام.........

# حیزبی باران..

من لە هیچ شوێنێک
جێنشین نیم،،،
ئەوەی چاوەڕوان نەکراو بێ
بوە بە ناو و نیشانم،،
وەک ماسییەکی دڕندە
لەم ناوەیا
...خەریکی هات و چۆم
ئاگر لە خوێنمایە
چاویشم توند و تیژیی
وێڵی ئازادی « با «م
کە هەموو قەرەجێک شارەزایەتی
بەدوای مێژەرێکی سەوزەوە
...ڕا ئەکەم
هەزاران وێنە لە چاومایە
تا دوا کۆتایی سەفەرەکانیش
هەر لە ڕۆشتنام
مەلە بۆ هەسارەیەکی تر

ئەکەم
تۆزاویم
ناوی خۆم
و
ناوی ڕووەکەکان
و
مێژووی « درەخت» م
لەبیر چووە...
لەدەست ئەم خۆرەی
بە هاوار هاوار و گەڕەلاوژێیی
پێستی دادڕیوم
...ڕا ئەکەم
لە دەست ئەم شارانەی
چەن سەدەیەکە  لە ژێر پێی «مانگ» نوستوون
... ڕا ئەکەم
لە دوای خۆم
چاوێک لە شووشە
و
ئاسمانێک لە بەرد
جێئەهێڵم،،،
پێم مەڵێ :
بگەڕێرەوە بۆ خۆر
من ئێستا
لە حیزبی « باران» م...

# تۆمارگای دۆڕاننەکان ...

نە شەڕمان شەڕە

و

نە ئاشتیش، ئاشتی

لە ژیانمانا هەموو شتێک

وەک فیلمی سینەمایی

......ئەگوزەرێ

خۆشەویستیمان بێ بەرنامە

هاوسەرگیریمان بێ بەرنامە

خۆشەویستیمان هەر وەک خۆشەویستی

سەرەتای فیلمەکان

و

بڕیاریش لە مەرگمان دراوە

هەروەک مەرگی

کۆتایی فیلمەکان

هەر بازرگانی خەیاڵە

دەنا هیچ ڕۆژێک

مشکێکیشمان نەبەزانوە

فەرماندە و سەرانمان

هەموویان خراونەتە قووتوی

...فیلمەکان

«‹‹‹‹‹

دۆڕانن

بەدوای دۆڕانن،

چۆن شەڕێک ببەینەوە

کاتێ، ئەکتەر

و

وێنەگر

و

دەرهێنەر

هەموویان :

لە وەزارەتی ڕاگەیانن و ڕۆشنبیرییەوە

خۆیان فێری

شەڕ كردن كردوە !!

‹‹‹‹‹‹»

هەر چەن ساڵ جارێک

فەرمانڕەوایەک

« یەک ڕیزی « لەناو جێگایا

سەر ئەبڕێ

و

خەوەکان لەبار ئەبا

هەر چەن ساڵ جارێک

فەرمانڕەوایەک

فەرمان ئەکا

و

خۆر بەرەو سەکۆی

لەسێدارەدان ئەبرێ

‹‹‹‹‹‹‹‹»

هەر چەن ساڵ جارێک

عاشقێکی خۆ  لە خۆ ڕازی

یەتە لامان

و

خۆی بە حەزرەتی مەهدی

و





ڕزگارکەر و نەمر

و

زانا و پیرۆز و لێزان

ئەناسێنێ

«‹‹‹‹‹‹

هەر چەن ساڵ جارێک

پیاوێکی قومار چی

یەتە لامان، تا :

وڵات و خەڵک و فەرهەنگ

و

ڕۆژ هەڵاتن و ڕۆژ ئاوابوون

و

نێر و مێ

شەپۆل و دەریا

لەسەر مێزی قومارەکەی

بە بارمتە، دائەنێ

«‹‹‹‹‹‹‹‹

لە خوێنەنەوەی مێژوو

درۆ ئەکەین...

لە خوێنەنەوەی هەواڵەکان

بۆ سەرکەوتن

درۆ ئەکەین...

# بەرەو کوێ.؟!.

چی تر نازانم

روو لە کوێ بکەم

هەموو ڕۆژێک.......

هەست ئەکەم

نزیکتر ئەبیت لێم

هەموو ڕۆژێک

ڕوخسارت ئەبێتە بەشێک

لە ژیانم



و

تەمەن بە بەرەکت تر...

ئەبێت

و

شێوەکان جوانتر ئەبن

و

شت و مەکەکانیش

جوان و بەتامتر ئەبن

+++++++++

وەک دڵۆپەکانی  ئاورنگ

بە هەموو لەشما

بێ دەنگ

چویتەتە خوارێ....

خۆ ڕاهێنان

لەسەر دووریت، قورسە

و

خۆ ڕاهێنان..

لەسەر ئامادە بوونت

قورستر...

++++++++

ئای چەنم خۆش ئەوێیت

ئەوەنەم  خۆش ئەوێیت

کە تەنانەت خۆم

سەرم لەخۆم  سوڕماوە !!

شیعر لە باغچەی چاوەکانتا

نیشتە جێ بوە..

بۆیە بێ چاوەکانت

شیعر نانووسرێتەوە

بێ چاوەکانت....

++++++++

لەوەتی خۆشم ویستویت

ئەستێرەکان

ڕوویان وەرگێڕاوە....

و

ئاسمانیش

پاک تر

ڕوون تر

کراوە ترە....

+++++++



لەوەتی خۆشم ویستویت

هەموو دەریاکان

لە چاوەکانتەوە

ئاو ئەخۆنەوە.....

ئەم خۆشەویستییە

بێ بەزییە

لە خۆم گەورە ترە

ئیتر  بۆچی

بە قۆڵەکانتا

لە خاچ بدرێم

بۆچی..؟

++++++++

خۆشەویستم............

هەڵە بووم کە وام زانی

پاشایەکم

تووشی دۆڕان نابم

وەک منداڵێکی بچوک

ڕەفتارم کرد

منداڵێک کە بیەوێ

دوورتر لە ئەستێرەکان

هەنگاو بنێ.....

+++++++++

حەز ئەکەم

ببیت بە « بیل بیلەی» چاوم

پێت وایە

داوایەکم کردوە

کە نابێ داوا بکرێ..؟!

پێم  بڵێ،

تۆ  کێیت!

هەستم وەک هەستی

کەسێکە

کە  کەروێشک

....ڕاو ئەنێ

تۆ لە ژیانما

جوانترین خەرافاتی

ئەو کەسەش

کە دوای خەرافات  ئەکەوێ

ئەبێ تامی

ماندوو بوون بچێژێ...

+++++++++++++

مارس / ٢٠١٨



# دونیا لۆمەم ئەکا...

گەر خۆشمویست

دونیا لۆمەم ئەکا،

وەک ئەوەی من خۆشەویستیم

دروست کردبێ

و

دامهێنابێ

و

وەک ئەوەی من لەسەر ڕوومەتی گوڵ
وێنەیم کێشا بێ
و
بۆ فڕین لە ئاسمانا
من فێرم کرد بێ
و
بۆ ئەوەی لە کێڵگەی گەنما
بڕوێ
و
لە ئاوی دەریا
توانبێتمەوە،
وەک ئەوەی من
مانگی جوان ئاسا
لە ئاسمانا هەڵمواسیبێ
گەر ناوم هێنا
یان باسم کرد
دونیا لۆمەم ئەکا
ئەم خۆشەویستییەی
کە چاوەڕێم نە ئەکرد
جیاوازتر لە هەموو ئەوانەی ئەمزانی
جیاوازتر لە هەموو ئەوانەی




خوێنومنەتەوە..

و

هەموو ئەوانەی گوێم لێبوە

«««««

گەر ئەمزانی

جۆرێکە لە ئالودە بوون

ئالودەی نە ئەبووم...

گەر ئەمزانی

دەرگایەکە « با « ی لە دوایە

نەم ئەکردەوە...

گەر ئەمزانی

دەنکە شقارتەیەکە

دام نەئەگیرسان...

ئەم خۆشەویستییە

بە ئازارترین

خۆشەویستی ژیانمە،

خۆزگە پێش ئەوەی

دەستی خۆیم بۆ بێنێ

قبوڵم نەکردایە...

خۆزگە پێش ئەوەی بمکوژێ

بمکوشتایە...

ئەم خۆشەویستیە کە :

شەو لەسەر پەردەکانم

لە جلەکانما، لە عەترەکەما

لە بازنەکانما

لەناو لەپی دەستم، ئەیبینم

ئەیبینم لە ناو هەستما

وێنەی کێشراوە...

گەر بیان ووتایە :

منالێکی عەجولە و داناسکنێ

نەم ئەکردە ژوورێ

گەر بیان ووتایە :

ئاگر ئەکاتەوە بە خێرایی

شت ئەیا بەسەر یەکا بە خێرایی

و

دیوار بە شین و سوور بۆیە ئەکا بە خێرایی

دەرم ئەکرد...

ئەی ئەو کەسە پڕ بەهایەی

کە خۆشم ویستیت

خودام لە خۆم ڕازی کرد

ئەم خۆشەویستییە

جوانترین خۆشەویستی ژیانمە



پڕ « چێژ « ترین

خۆشەویستی ژیانمە

خۆزگە کاتێ بە میوانی

هاتە لام

بە گوڵەوە، باوەشم پیا بکردایە

و

خۆزگە کاتێ بە گریانەوە

هاتە لام

دەرگاکانم بۆ بکردایەتەوە

و

ماچم بکردایە...

# سەرەگرتن........

داوای تۆزێک

گەرمایی خۆرم کرد

پۆلیسەکان ووتیان :

وەک ئەوانی تر

سەرە بگرە !!،،

داوای تۆزێک

مەرەکەبم کرد

تا ناوی خۆمی

پێ بنووسم

ووتیان :

مەرەکەب زۆر نەماوە...!!

داوام کرد

کام کتێب بخوێنمەوە ؟

جل خاکیە لەبەرەکە

هاواری کرد :

ئەوەی داوای زانست ئەکا
با بەیانەکانی حیزب
و
بڕگەکانی دەستور دەرخ کا
داوای مۆڵەتم کرد
تا ژنەکەم ببینم
ووتیان :
دیداری ژن قورسە..!
پیاوی عاشق نابێ
لە دوور و درێژی
سەرەگرتن
بێ تاقەت بێ
داوی مۆڵەتم کرد
تا کوڕێکمان ببێ
ئەفسەر بە قاقاوە ووتی :
مناڵ بوون گرنگە
بۆیە ئەبێ
ساڵێکی تر سەرە بگری
و
چاوەڕوان بی
«««««««»
داوام کرد
ڕوخساری خودا ببنم

یەکێک لە وەکیلەکانی خودا
هاواری کرد :
بۆچیتە خودا،،؟
ووتم :
چونکە من کەسێکی لێقەوماوم
بەپەنجە ئیشارەتی کرد
تێگەیشتم
کە لێقەوماوانیش
سەرەی تایبەت بە خۆیان هەیە...!!
خودایە،ئەمەوێ بتبینم،،،
وەک سەگی بەرەڵا
لە سەرەیا جێم مەهێڵە
لەوەتەی هاتومەتە دونیا
لە سەرەیا چێنراوم
قاچەکانم تەزیون
خۆشم وەک گەڵای پەرش و بڵاوم
چاوەڕێی ووڵاتێکم
کە نایەت
چاوەڕێی کەناری گەرم و باڵندەم
نازانم چۆن شیعر بڵێم...
بۆ هەر کوێ بچم
تەور وا لەدوای هەنگاوەکانم
هەموو پەرەکان : بۆمب رێژ کراوون



هەموو قەڵەمەکان : بۆمب ڕێژ کراوون
هەموو مەمکەکان :بۆمب ڕێژ کراوون
ناو جێگەی خۆشەویستیش
پاسپۆرتی ئەوێ....!
ئەم هەرێمەی لە نێوان
ئاوێک و ئاوێکی ترا
لەنگەری گرتوە
غەمبارە وەک شمشێری شکاو
گەر ماڵ ئاواییمان
لە سوڵتان « کافور « ێک کرد
دەیانی تر یەنە ڕێمان
خودایە:
ئاسمان خۆڵەمێشییە..
گەر ئەتەوێ بگەیتە فریام
بمکە بە چۆلەکەیەک
چونکە پەرۆشم
پەرۆشی ( ڕووناک ) یم
گەر ئەتەوێ بگەیت بە فریام
خودایە...
بمکە بە چۆلەکەیەک
.....بە
چۆلەکەیەک،،،،

# ڕووباری غەمەکان ...

چاوەکانت دوو ڕووباری غەمن

دوو رووباری مۆسیقا،،،

کە گێڕایانمەوە

بۆ دێر زەمان...

دوو رووباری مۆسیقا کە ونبوون

و

ئەنجا خانمەکەم

منیشان وون کرد...

«‹‹‹‹‹‹‹





فرمێسکی ڕەشی چاوەکانت
ئاوازی درکاندن ئەبارێنێن
چاوەکانت و جگەرە و «مەی»یەکەم
و
دەیەم پێک و نابینایان کردم
و
لەسەر کورسییەکەم سووتاوم
ئاگرەکانم یەکتری ئەخۆن
پێت بڵێم :
خۆشم ئەوێیت... مانگەکەم..!!
ئاخ خۆزگە ئەمتوانی بیلێم..
من لە دونیا
جگە لە چاوەکانت و غەمەکانم
چی تر شک نابەم.....
«««««»
پاپۆرەکانم لە بەندەرەکەیا ئەگرین
لەسەر دوورگەکان
تێک ئەشکێن
و
چارەنوسی زەرد هەڵگەراوم
ڕوخانمی...
باوەڕ بوونمی وێران کرد..
ئەی سێبەری خودا

لەسەر پێڵوی چاوەکانم
بێ تۆ چۆن سەفەرکەم...!!
هاوینی سەوزم...خۆری من
ئەی جوانترین لە ڕەنگە جوانەکانم
چۆن جێت هێڵم
کە چیرۆکەکەمان
لە گەڕانەوەی بەهار جوانترە
لە نێرگزی ناو تاریکایی قژی
کیژێکی سلێمانی،
جوانترە........
تاکە خۆشەویستم، مەگری
فرمێسکەکانت ناخم هەڵئەکەنێ
من لە دونیا
جگە لە چاوەکانت و غەمەکانم
چی تر ..شک نابەم
«««««
ئاخ خۆزگە ئەمتوانی پێت بڵێم :
خۆشم ئەوێیت..ئەی ڕۆشنکەری شەوانم
چونکە من ئینسانێکی وونم
پێگەی خۆم پێ نازانم
ڕێ ڕەوم وونی کردم
ناوم وونی کردم
ئەدرێسم وونی کردم

**مێژووم...!؟**

**مێژووم نیە....**

**من لە بیرچونەوەی لەبیرکراوم**

**لەنگەرێکم لەنگەر ناگرێ**

**زامێکم لە شێوەی ئینسان...**

**خۆشەویستەکەم :**

**چیت پێ بەخشم..!!**

**نیگەرانیم...!**

**خودا نەناسیم ...!**

**هێڵنجەکانم...!**

**چیت پێ بەخشم جگە لە**

**قەدەرێک،**

**لە ناو لەپی دەستی شەیتانا**

**سەما ئەکا..**

‹‹‹‹‹‹»

**هەزاران جار خۆشم ئەوێیت**

**لێم دوورکەرەوە**

**لە ئاگر و دوکەڵم**

**دوورکەرەوە**

**من لە دونیا**

**جگە لە چاوەکانت و غەمەکانم**

**چی تر شک نابەم**

**چی تر.....شک نابەم**

# کێ فێری کردم...

کێ فێری کردم

...قسەیەک بکەم لە بۆنی گەنم بچێ

یان

قسەیەک بکەم

لە ڕەنگی نان بچێ

کێ فێری کردم

ئەم گەلە بێنم

و



هیچ  هاوسەرگیرییەک

بە دەسەڵات و گرێ بەستی

ئەڵماس و مەرجان نەکەم

کێ فێری کردم

بە گوڵ و شیعر

بەرامبەر دار حەیزەرانی

دەستی پۆلیس بوەستم

کێ فێری کردم

نەبم بە مەیتەری لای والی

یان

بە کەنیزەیەکی سەماکەر

لە دیوەخانەکانی دەربار

کێ فێری کردم

قەت باڵای شیعرم

...نەچەمێنمەوە

ئەبم بە کۆیلەی

تا ئەمرم...

‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹»

کێ فێری کردم

لە شتەکان هەڵگەڕێمەوە

و

ئاڵای یاخی بوون هەڵکەم

کێ فێری کردم

چۆن دژی شەپۆل و دژی ڕەشەبا

سەفەرکەم

و

ئاگر بەردەمە دەریا

کێ فێری کردم

چۆن ووشە، لە ڕووی سولطانا

ئەبێ بە شمشێرێ

کێ « حەواڵەی « شۆڕشی یامێ

ئەبم بە کۆیلەی

تا ئەمرم...

‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹»

کێ فێری کردم

چۆن گۆڕانکاری بکەم

و

چۆن وێرانکاریش کەم

چۆن،

ناشرینەکانی خاک گسک بەم

و



## ڕێحانە بچێنم

کێ فێری کردم
چۆن ئەم پاپۆڕە
لە شەستە بارانی دەریا
و
دانی» جرج « ڕزگارکەم
کێ دەنکە شقارتەیەکی یامێ
تا هەموو درۆکانی
مێژوو بسووتێنم
ئەبم بە کۆیلەی
تا ئەمرم...

«‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹

کێ فێری کردم
لەسەر پەڕەکانم
بۆ سەرکەوتنی ئینسان
...بمرم
کێ فێری کردم
دڵم وەک نان بپێچمەوە
تا
ببیبەخشمە ئینسان

کێ فێری کردم

بە خۆڕایی بێ ، نێوانی دیوانی شیعر

و

دەمی هەژاران...

کێ فێری کردم

وەک گیا، وەک ئاو  ساکار بم

کێ فێری کردم

زمانێک  ئارەزووەکانی مناڵان

و

هەستی خەڵکی « ئاسایی « تیا بێ

کێ فێری کردم

شیعر، نامەیەکی خۆشەویستیە

بۆ خەڵک ئەنووسرێ

و

ئەوە شیعر نیە

ڕووی لە ئینسان نەبێ

ئەوەی ئەم حیکمەتەی

لە پێناسەی شیعر فێر کردم

ئەبم بە کۆیلەی

تا ئەمرم...

# نەخشەی من، لەش ولاری تۆیە

عەشقم زیاتر بەرێ، زیاتر

ئەی خۆشترین ساتەکانی « شێتێ» تیم

ئەی سەفەری خەنجەر

لە نەخشەی من

ئەی دەمی چەقۆ

ئەی خانمەکەم

زیاتر بمخە ژێر ئاو

دەریا بانگم ئەکا

زیاتر بمکوژە..زیاتر

بەڵکو گەر مەرگ کوشتمی

زیندوم کاتەوە

باکم بە نەخشەی جیهان نیە

**نەخشەی من :لەش و لاری تۆیە..**

**-.................**

**من کۆنترین پایتەختی غەمم**

**و**

**زامم: نەقشێکی فیرعەونیە**

**ئازارم: وەک پەڵە زەیتێک**

**لە سلێمانییەوە تا ووڵاتی چین ئەکشێ**

**ئازارم کاروانێکە**

**لە دێر زەمانەوە**

**باو و باپیران ناردوویانە**

**بۆ زۆر دوور لە سنوورەوە**

**و**

**لە دەمی نێرگزا  وون بون..**

**...................**

**چۆلەکەی دڵم، خۆشی من**

**هاوڕێی دەریا و**

**بێستانی زەیتون**

**ئەی تامی بەفر  و**

**چێژی ئاگر**

**ئەی چێژی گومانم**

**ئەی چێژی  کفر**

**ترسم لە رووداوی نەزانراو هەیە**

**بمگرە خۆت....**





ترسم لە تاریکی هەیە

بمخە باوەشت....

سەرمامە. .. دامپۆشە

چیرۆکی مناڵانم بۆ بگێڕەوە

لە نزیکم بە.....

لەیلایەم بۆ بکە...

من لە دێر زمانەوە

بۆ وولاتێک، بۆ ناوچەوانم

ئەگەڕێم..

بۆ شیعری ژنێک

ئەگەڕێم ..

لە سەر دیوارکانا بمنووسێ

و

بمکوژێنێتەوە..

بۆ خۆشەویستی ژنێک

ئەگەڕێم

تا سنووری خۆر بمبات

و

فڕێم باتەوە

.............

ڕۆشنکەری عومرم

مایەی ڕەوت و جوڵەم

چراکەم

بۆن و بەرامی بێستانەکانم

لە بۆنی لیمۆ، پردێکم بۆ دروستکە

وەک شانەیەکی لە ئێسقان دروستکراو

بمخە تاریکی قژتەوە

و

لە یادم کە...

...............

من دڵۆپێکی سەرگەردانی ئاوم

لە دەفتەری پایزا  ماومەتەوە

عەشقم زیاتر بەرێ، زیاتر

ئەی خۆشترین

ساتەکانی « شێتی « تیم

بۆ تۆ  دوای خانمەکانم. کەووتم

و

مێژووم لە دوای خۆمەوە

جێ هێشت....

بەڵگەی لە «دایک بوونم « م

کوژانەوە......و

جومگە خوێن بەرەکانی « لەشم « م

بڕییەوە...

تۆش :

عەشقم زیاتر بەرێ...زیاتر

# قەسیدەی غەم

خۆشەویستیت فێری کردم

غەمبار بم

و

منیش لە دێر زەمانەوە

پێویستم بە ژنێکە

غەمبارم بکا

ژنێک لە باوەشیا

وەک چۆلەکە بگریم

ژنێک :

غەمەکانم وەک پارچەکانی

چرایەکی شکاو، کۆبکاتەوە

‹‹‹‹‹‹‹‹‹»

خۆشەویستیت، خانمەکەم

گەلێک رەفتاری نا بەجێی فێرکردم

فێری کردم شەوانە

هەزاران جار کوپی قاوەکەم

بخوێنمەوە

و

دەرمانی عەتارەکان

تاقی بکەمەوە

و

بچمە سەر شەخسەکان

فێری کردم

شەوانە بۆ گەڕان

بەدوای ڕوخسارتا

ڕێگاکان ببڕم

لە بارانا بگەڕێم

لە ڕووناکی ئۆتۆمبێلەکانا

تەنانەت

لە پەڕەی ڕیکلامەکانا

بۆ سێبەرت ئەگەڕێم




خۆشەویستیت فێری کردم

چەندین سەعات

بۆ گەڕان بە دوای قژێکی قەرەجانە

کە هەموو قەرەجەکان

بەغیلی پێ ئەبەن

خۆم لە دەم و چاوما

بشارمەوە

گەڕان بە دوای ڕوخسارێکا

بە دوای دەنگێکا

کە هەموو ڕوخسار

و هەموو دەنگەکانن...

«««««««««

خۆشەویستیت خانمەکەم

فێری کردم

بچمە شارەکانی غەم

کە پێش تۆ

نەچوبوومە ئەو شارانە

و

هەرگیز نەمئەزانی

فرمێسک : ئینسانە

ئینسان بێ غەم

تەنها یادی ئینسانە

‹‹‹‹‹‹‹‹‹»

خۆشەویستیت فێری کردم

وەک هەرزەکار

ڕەفتار بکەم

بە تەباشیر ڕوخسارت

لەسەر دیوارەکان

و

بەلەمی ڕاوچێکان

و

لە خاچ و لەسەر مەنارەکان

دروست بکەم

خۆشەویستیت فێری کردم

کە چۆن خۆشەویستی نەخشەی

زەمەنەکان ئەگۆڕێ

فێری کردم : کاتێ

کە من لە خۆشەویستیا ئەبم

زەوی لە سوڕانەوە ئەوەستێ

خۆشەویستیت شتی وای فێرکردم

لە بیرکردنەوەما نەبوون

چیرۆکی مناڵانم خوێنەوە

چومە کۆشکی پاشاکان

و

خەوم دی کە کچی سولطان

شووم پێ ئەکا

ئەو چاوانەی لە ئاوی کانی

پاک ترن

ئەو لێوانەی لە گوڵە هەنار بە تام ترن

و

خەوم دی کە وەک سوارێک

ئەیڕفێنم

و

خەوم دی کە تاقمی ئەڵماس و مەرجانی

پێشکەش ئەکەم

خۆشویستیت، خانمەکەم

فێری کردم

کە قسە هەڵبزرکاندن چیە...

فێری کردم

چۆن تەمەن ئەڕوا

و

کچی سولطان هەر نایە...

«««««««

خۆشەویستیت فێری کردم

لە هەموو شتێکا خۆشم بوێیت

لەداری ڕووتا

لە گەڵای ووشکی زەردهەڵگەڕاو

لە بارانا...لە ڕەشەبا

لە بچوکترین قاوەخانەیا

کە ئێواران قاوەمان تیا ئەخواردەوە

خۆشەویستیت فێری کردم

بچمە ئوتێلی بێ ناو

مزگەوتی بێ ناو

کەنیسەی بێ ناو

و

چاخانەی بێ ناو

خۆشەویستیت فێری کردم

چۆن شەو: غەمی بێ لانەکان

گەورە ئەکا

فێری کردم چۆن « سلێمانی»

بە ژنێکی دڵ ڕەقی وروژێنەر

ببینم

ژنێک هەموو ئێوارەیەک

جوانترین کراس لەبەر بکا

بۆ شازادە وگەشتیارکان

عەتر بڕێژێ بە  مەمکەکانیا

و

خۆشەویستیت فێری کردم

بێ گریان، بگریم

فێری کردم چۆن غەم

وەک گەنجێکی قاچ بڕاو

لە جادەکانی تووی مەلیک

و

سەرچنار

خەوی لێ ئەکەوێ...

# وولات: شوقەیەکی بە کەل وپەلەوە

ئەم وولاتەی ئێمە

شوقەیەکە بە کەل و پەلەوە

« عەنتەرە « ناوێک، خاوەنێتی

هەموو شەوێک لە دەروازەکەی

سەرخۆش ئەبێ

و

کرێ لە خەڵکەکەی وەرئەگرێ

و

داوای هێنانی کچەکانێتی

و





تەقە بەسەر دار..و مناڵ...و

چاو ..و..مەمک ...و..نینۆکی عەتراویا ئەکا

ئەم وولاتە : هەمووی

کێڵگەیەکی خۆیەتی

ئاسمانی...هەوای... ئافرەتەکانی

بێستانە پێگەیشتوەکانی..........

لێرە : عەنتەرە

لە هەموو بینایەکانا ئەژی

هەر پەنجەرەیەک وێنەی

عەنتەرەی پێوەیە

هەر مەیدان و فولکەیەک

بە ناوی عەنتەرەوەیە

ئەو : لە بۆینباخەکانمانا

لە کراسەکانمانا

لە شوشەی کۆلا

لە خەوەکانمانا کاتی گیانەڵا

نیشتەجێیە....

‹‹‹‹‹‹‹‹‹»

شارێکی جێهێڵراوی چۆڵکراو

هیچی تیا نەماوە..مشک...مێروله

درەخت.....جۆگەلە

هیچ شتێک نەماوە کە گەشتیاران سەرسوڕمان کا
جگە لە وێنەی
ڕێگە پێدراوی
جەنەراڵ عەنتەرە...
لەسەر عەڕەبانەی کاڵەک و کاهو
لە پاصا....لە شەمەنەفەرا..
لەسەر پۆستی حەواڵە...لە فڕۆکەخانەکان
......لە یاریگاکانی دووگۆڵی..لە چێشتخانەکان..
لە ژووری نوستن..لە حەمام...و
.....WC
لە ڕۆژی بەختەوەریی لە دایک بوونی
لە شانازی خەتەنەکردنەکەی
لە کۆشکە هەڵچوو ..و هایلایفەکەی
«««««««
لەم شارە دەست بە سەر گیراوەیا
هیچ شتێکی تازەی نیە..
غەممان دووبارەیە
مەرگمان دوو بارەیە
تامی چاکەی دەممان دووبارەیە
....لە لەدایک بوونمانەوە
لە شووشەی ئەو فەرهەنگەی ئەسوڕێتەوە




ـ....دیلین

له چونمانەوه بۆ قوتابخانه

تەنها دەربارەی یەک سەرگوزەشته ئەخوێنین

که باس له ماسولکەکانی عەنتەره

و

خێر و بەرەکاتی عەنتەره

و

موعجیزەکانی عەنتەره ئەکات...!!

له تەلەفزیۆن هەر بەرنامەی

بێ تاقەتکەر ئەبنین

که تیایا عەنتەره خۆی نیشان ئەیات

بەرنامەی بەیانیانی هیچ گرنگی پێ ناریێ

یەکەم هەواڵ لەسەر عەنتەره

و

دوا هەواڵیش : هەواڵێکی عەنتەره

بەرنامەی دووەم هیچ نیه جگه له :

ژەنینێک لەسەر « قانون «

لەدانانی عەنتەره..!!

و

تابلۆیەکی زەیتی له تابلۆ نەچووی عەنتەره

و

چەن کۆپلەیەک لە خراپترین شیعر
بەدەنگی عەنتەرە
«‹‹‹‹‹‹‹
لەم ووڵاتە. :
ڕۆشنبیرەکان دەنگی خۆان ئەیەن بە :
ئاغای ڕۆشنبیرەکان : عەنتەرە
ناشیرینیەکانی جوان ئەکەن
سەردەمەکەی بە « مێژوویی» ئەکەن
و
بیر و ڕاکانی بڵاو ئەکەنەوە
و
لە شەڕە بەمەرام گەیشتوەکانی
دەهۆڵ ئەکوتن
لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە
یەک ئەستێرە هەیە : عەنتەرە
بە باڵا عەرعەرییەکەی،
یان پێکەنینە بە شوشەکەی..!
هەر رۆژەی بە بەرگێکەوە
ڕۆژێک بە بەرگی خاکی و جێنشین و بە میراتی گرتن
ڕۆێک لەناو هێلیکۆپتەرا




ڕۆژێک بە مێزەری سەروومان

ڕۆژێک لەسەر زرێپۆشی ناوەندەوە

ڕۆژێک لە خزمەت ئەم دیومان

ڕۆژێک لەسەر قۆڵە تێک شکاوەکانمان

کەس جورئەتی نیە

بە جەنەراڵ عەنتەرە بڵێ : نا

کەس ناوێرێ لە شارا

دەربارەی حوکمڕانی عەنتەرە

لە « ئەهلی عیلم « پرسیارکا

««««««

بژاردەکان لێرە

لە نێوان چوونە زیندان...و

چوونە قەبرەوە

دەست نیشان کراوە

لە وڵاتی چوار و کسور ملیۆن تابوت

چگە لە قورئان خوێنن

و

چادری گەورەی تەعزێ

و

جەنازەی چاوەڕوانکراو

....چی تر نیه

جگە لە پیاوێک، لە جانتاکەیا

بیتاقەی چوونە قەبرەوە

ئەفرۆشێ..................

عەنتەرەی غەزەب گرتوو

بۆ یەک دەقیقە

وازمان لێ ناهێنێ

جارێک خواردنمان ئەخوا

و

جارێک ئاو

و

جارێک خۆی ئەخزێنێتە

جێگەکانمانەوە

و

جارێک بە چەکەوە

سەردانمان ئەکا

بۆ ئەوەی کرێی

وڵاتە بەکرێ دراوەکەمان

وەربگرێ.....................



# ژنێك لە ناخما
# هات و چۆ ئەكا...

**کەس نیە کوپەکەمی نەخوێنبێتەوە**

**و**

**نەیزانی بۆ کە تۆ**

**خۆشەویستی منی... .**

**کەس نیە دەستمی نەگرتبێتەوە**

**و**

**چوار پیتەکەی**

**ناوەکەتی نەدۆزیبێتەوە..**

هەموو شتێک بە درۆ  ئەخرێتەوە

جگە لە بۆنی

ژنێک...خۆشت بوێ

هەموو  شتێک ئەشاردرێتەوە

جگە لە هەنگاوەکانی

ژنێک

لە ناخمانا  ئەجوڵێ

هەموو شتێک

مایەی گفت و گۆیە

جگە لەو سیحرەی

پێ ی  ئەوترێت « مێ»..

«‹‹‹‹‹‹‹‹‹

خۆشەویستم : لە کوێ بتشارمەوە..؟

ئێمە دوو دارستانین

کە ئەسووتێین

و

هەموو کامێرای تەلەفزیۆنەکانمان

لە سەرە

خۆشەویستم :

لە کوێ. بتشارمەوە..؟

هەموو ڕۆژنامە نووسەکان



ئەیانەوێ بتکەن

بە بەرگی یەکەمی

گۆڤارەکان...

و

منیش بە ئابڕوو چونێکی

چاپکراو

بکەن بە:

پاڵەوانێکی  یۆنانی..

«««««««

بۆ کوێت بەرم..!!

بۆ کوێم  ئەبەیت..!!

هەموو گازینۆکان

دەم و چاوی ئێمەیان

لەبەر چاوە....

و

هەموو ئوتێلەکان

ناوی هەردووکمانیان

لەبەر کردوە...

و

هەموو شۆستەکان

مۆسیقای پێ یەکانمانیان

دەرخ کردوە....

ئێمە وەک  بالەکۆنێکی

سەر دەریا

بۆ دونیا ناسراوین

و

وەک دوو ماسی ئاڵتونی

لە حەوزێکا

لەبەر  چاوین

««««««««

کەس نیە شیعرەکانمی

دەربارەی تۆن نەخوێنبێتەوە

و

سەرچاوەکانی « زمان» می نەزانی بێ

کەس نیە لە ناو  کتێبەکانما

سەفەری نەکردبێ

و

بە سەلامەتی  نەگەشتبێتە

کەناری چاوەکانت..

کەس نیە ئادرێسی

ماڵەکەمم نەیابێتێ

و

یەکسەر ڕووەو لێوەکانت
نەچوبێ
و
کەس نیە ژوورەکەمی نەکردبێتەوە
و
یەکسەر. وەک پەپولەیەکی نووستو
تۆی نەدی بێ
کەس پەڕەکانمی هەڵنەیاوەتەوە
بێ ئەوەی، مێژووی ژیانی تۆی
نەزانی بێ...
««««««««
ڕێگەیەکم فێرکە
تیایا بەندت کەم
ڕێگەی دەرچوونت نەیەم
فێرم کە
بە قەڵەمێکی بەنەفسەجی بازنەیەک
بە چواردەوری مەمکەکانتا
دروست کەم
و
ڕێگری فڕینیان کەم
فێرم کە

وەک نوقتەی کۆتایی دێڕ

دەستت بەسەرا بگرم

ڕێگەیەکم فێر کە

لە ژێر بارانی چاوەکانتا بڕۆم..و..

تەڕ نەبم

و

بۆنی لەش و لارتی

تێکەڵ بە بۆنی کوردەوای بکەم

و

.....گێژ نەبم

و

لە بەرزاییەکانی مەمکەکانتا گل ببمەوە

و

تێک نەشکێم

«‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹

دەست لەسەر خوە بچوکەکانم

لە شتومەکە ووردەکانم

هەڵگرە،،،

لەو قەڵەمەی پێی ئەنووسم

و

پەڕەکانم

کلیلەکانم

قاوە لە بیر چوەکەم

و

بۆینباخەکانم

و

دەست لەسەر نووسینەکانم

هەڵگرە....

ڕێی تێ ناچێ بە پەنجەکانی تۆ

بنووسم

و

بە « سی» یەکانی تۆ هەناسە بەم

ڕێی  تێ ناچێ بە لێوەکانی تۆ

پێ بکەنم

و

تۆ بە چاوەکانی «من « بگریت...

«‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹

دانیشە تا بزانین

سنووری چاوەکانت کامەیە

و

سنووری غەمەکانم کامەیە..؟

دەریاچەکانی دەور و پشتی تۆ

لە کوێوە دەست پێ ئەکات

و

خوێنی من لە کوێ یا، کۆتایی یەت

دانیشە، با لە یەکتر بگەین

بزانین داگیرکردنەکانت

لە کوێ ی لەشما کۆتایی یەت

و

لە کام سەعاتی سفری شەوا

دەست پێ ئەکات................

«««««««««««««

تۆزێک لام دانیشە

با لەسەر شێوەیەکی خۆشەویستی

بگەینە ئەنجامێ....

کە تۆ تیایا

کەنیزەی من من نەبی

منیش داگیرکراوێکی

لیستی» ژێر دەستەکانت « نەبم

ئەو ژێر دەستانەی

زۆر دەمێکە

داوای رزگار بوون

لە مەمکەکانت ئەکەن

بێ ئەوەی :

گوێ یان لێ بگیرێ

هەرگیز

گوێ یان لێ ناگیرێ

# دوو خۆشەویستی. ..

لە نێوان دوو خۆشەویستیا

«تۆ» م خۆش ئەوێ

لە نێوان یەکێک

ماڵ ئاوایی لێکردم

و

یەکێک بڕیارە بێت

لێرە و لەوێ

بۆ «تۆ» ئەگەڕێم

وەک ئەوەی هەموو سەردەمەکان

سەردەمی تۆ بن....

وەک ئەوەی هەموو گفتەکان

بڕژێنە چاوەکانتەوە

ئەم هەستە

کە شەو و ڕۆژ لە گەڵمایە

چۆن بۆت روون بکەمەوە

کە کاتێک میوانی

جوانترین ئافرەتم

چۆن وەک کۆترێک

یەیتە خەیاڵم

و

لە نێوان دوو ژوانا

و

لە نێوان دوو ژنا ....

و

لە نێوان شەمەنەفەرێک

کە دێت و

شەمەنەفەرێک کە ئەڕوات

پێش سەفەر کردن

تەنها پێنج دەقیقەم هەیە

بانگتکەم بۆ کوپێک چا

تەنها پێنج دەقیقەم هەیە

کەمێک

لە ئەحواڵت  بپرسم

باسێکی خەمەکانمت

بۆ بکەم....کەمێک

تەنها پێنج دەقیقەم هەیە..

ژیانمی تیا بگۆڕیت

کەمێک.....!!

ئەم پارچە پارچە بوونە

ئەم  تێکشکانە

ئەم ئازارە دوور و درێژە

بە چی ناو ئەبەیت

و

خیانەت چۆن ئەبێ

بە چارەسەرێک ؟،

و

چۆن دوو ڕوویی ئەبێ

بە کردارێکی  جوان...!

لە نێوان وتەی سۆزدارییا

لە هەموو زمانەکانا

وتەیەک  هەیە

بۆ «تۆ » ووتراوە

و

لە نێوان کاتی ڕابواردن

و

کاتی نووسینا

کاتێک هەیە

کە تیایا دەریا

پڕ ئەبێ لە گوڵاڵە

لە نێوان دوو

دڵۆپ مەرەکەبا

کاتێکمان ئەبێ کە تیایا

لە نێو وەرزەکانا بنووین

و

لە نێوان پایز و زستانا

وەرزێک هەیە

کە ناوی ئەنێم :

وەرزی گریان..

کە رۆح( نفس) تیایا

لە هەموو کات زیاتر

لە ئاسمان نزیکترە

و



وەک لە یەک چونی پیتەکانی

....... تایپ

هەموو ئافرەتەکان لە یەک ئەچن

و

لەو ساتانەی

هەڵوێستی تیا نیە..

عەشق......

ڕق............

بروسکە....

شیعر..........

پەخشان ......

هیچ شتێکی تیا نیە

و

لە پشتەوە ئەڕۆم

ئەچمە هەموو فرۆکەخانەکان

لە هەموو ئوتێلەکانا

بۆت ئەگەڕێم....

و

لە ساتەکانی

بێزاری.....

دابەزین.....

ڕوخان....

به تاڵی.........

بۆشایی.......

و

له ساتەکانی  خۆکوشتنی

ئومێدەکان

و

مەرگی  تکا و نزا....

و

له ساته دژ به یەکەکانا

و   کاتێک خۆشەویستی

..... و خۆشەویستەکان

ئەبنه دژم

و

هۆنراوەکان ئەبنه دژم

لەو ساتانەی خۆم به تەنیا

لەسەر ڕێگای غەمباری

بۆ چەن چرکەیەک...

ژیانم ئەبێ به باغچەیەک

پڕ له گوڵ..

لەساته وەختێکی کەم

که بێ چاوەڕوانی

شیعرم بۆ دێ......

و

دەقیقەکان پڕ ئەبن لە تەقیننەوە،

هەر ئەو ساتانەی

...... نووسین

ئەبێ بە کۆتایی....و..

خۆ کوشتن،،،،

لە نێوان دوو پەنجە و دەفتەرەکانا

وەک پەپولە، ئەفڕیت

ئیتر چۆن لەدوو بەرەیا

بجەنگم.!!

چۆن بەسەر دوو کیشوەرا

خۆم دابەشکەم...!!

چۆن خەڵکانی تر بدوێنم

و

چۆن لەگەڵ کەسانی تر دانیشم !

کە تۆ لە جومگەی هەردوو

دەستما

سەفەر ئەکەیت....و

لە نێوان جوانەکانی

هەموو رەگەز و ڕەنگەکانا

و

لە ناو سەدان ڕوخسار

کە باوەرم پێیان کرد و نە کرد

و

لە نێوان « زام» ێکا

کە بۆی ئەگەڕێم...

و بۆم ئەگەڕێت

بیر لە سەردەمە ئاڵتونیەکەت

ئەکەمەوە

سەردەمی مۆمەکان..

سەردەمی بغوردەکان

و

بیر لە سەردەمەکەی

تۆ ئەکەمەوە

کە مەزنترین سەردەم بوو...

ئەم هەستە بەچی ناو ئەبەیت...؟

چۆن ئەم ئامادە بوون و نەبونە

شی بکەمەوە...؟

چۆن لێرە و لەوێش بم..!

چۆن ئەیانەوێ بیانبینم





کە جگە لە تۆ

لە سەر ئەرز

ئافرەتێکی تر

نابینم....

کاتێک ئەبمە خۆشەویستی یەکێکی تر

« تۆ» م خۆش ئەوێ

کە بۆ ئێوارە خواردنێک

یەکێکی ترم لە گەڵایە

« پێک» ی تۆ ئەخۆمەوە

کاتێک ناوی ئەبەم

زمانم تەتەڵە ئەکا ....و

ناوی ئۆ ئەهێنم ......

لە نان خواردنەکەشا

بە بەراورد کردنی

پەنجەکانی تۆ و ئەو

خۆم خەریک ئەکەم..!

کاتێک کە لەچکە ئاوریشمییەکەی

ئەخەمە سەر شانی،

هەست ئەکەم

بووم بە « موهەڕیج» ێک

و

کاتێک لە نێوان سۆزم بۆ تۆ

و

سۆزم بۆ ئەو

بەراوردێک  ئەکەم

هەست ئەکەم  خیانەت،

لە «ڕاستی/ حەقیقەت « ئەکەم...

ئەمە بە چی ناو ئەبەیت :

دوو ڕوویی..؟

ڕوخان......؟

ڕا کردن....؟

نا سروشتی؟

شێتێتی..؟

و

چۆن لای تۆ بم

و

وای نیشان بەم

لای  ئەوم...!!!

*****************

٢٠١٨ / شوبات /

# کەڵەشێر .....

لەگەڕەکەکەمانا

کەڵەشێرێکی خوێن رێژ هەیە

پەڕی هەمو

مریشکەکانی گەڕەکی دەرهێناوە

بەیانیان

بەر دەنوکیان ئەیا

راویان ئەنێ

سواریان ئەبێ

و

دوایی بۆ ئەوەی

ناوی یەکێکیان بزانێ

جێیان ئەهێڵێ ...

***

لەگەڕەکەکەمانا

کەڵەشێرێک

وەک رۆستەمی زاڵ

هەموو بەیانیەک

بەدەنگێکی زوڵاڵ

ئەقیرێنێ

بەڕیشە سورەکەیەوە

شەوو رۆژ

دامان ئەپڵۆسێ

ئەو کەڵەشێرە

تاک و تەنیایە

..... نەمرە

دەسەڵاتێکی

زەبەلاح و بەزەبرە

***

لەگەڕەکەکەمان

کەڵەشێرێکی دوژمنکاری

فاشیستی

هەڵگری « بیری « نازی ..

هەیە

کەکاتی خۆی

بەدەبابە

دەسەڵاتی دزی

ئازادی و ئازادی خوازانی

دەست بەسەرکرد

نیشتیمانێکی سڕیەوە

گەلێکی سڕیەوە

زمان و فەرهەنگێکی

سڕیەوە

یادی لەدایک بوونی

مناڵانی سڕیەوە

ناوی هەمو گوڵەکانی

سڕیەوە

***

لەگەڕەکەکەمانا

کەڵەشێرێک هەیە

لە بۆنە نەتەوەییەکانا

بەرگی ژەنراڵ

ئەپۆشێ ...!!

سێکس ئەخوا

سێکس ئەخواتەوە

بەسێکسیش

سەرخۆش ئەبێ

سواری پاپۆڕێکی

پڕلە لاشە ئەبێ "

و

سوپایەک لە « گۆی مەمک «

ئەبەزێنێ

***

لەگەڕەکەکەمانا

کەڵەشێرێکی بەناو

ڕەسەنی کوردی

هەیە

بەهەزار پیاو

هەمومانی داگیر کردوە

***

لەگەڕەکەکەمانا

کەڵەشێرێکی نەخوێنەوار

هەیە





سەرکردەی یەکێک

لە میلشیاکانی

ئەم وولاتەیە

جگە لە راونان و وێرانەکاری

هیچ فێر نەبوە

جگە لەساختەکردن لە

دراوەکان

هیچ فێر نەبوە

بۆی بکرێ

موڵکی باوکی ئەفرۆشێ

ئەڵقەی دەستی ئەخاتە

مەزادەوە

و

دانی مردوەکانیش

ئەدزێ

***

لەگەڕەکەکەمانا

کەڵەشێرێک هەیە

هەمو بەهرەی

گوللەیە

و

بینێ بەسەری

هەرچی ووشەوە هەیە

***

لەگەڕەکەکەمانا

کەڵەشێرێکی شێتی تووڕە هەیە

وەک حاجیەک

قسە ئەکا

و

وەک خەلیفەیەک

خۆی بائەیا

و

لەسەکۆی مزگەوت

هاوار ئەکا

خوای گەورە، خوای گەورە

منم دەوڵەت

و

منم یاسا

***

کێ بەدەنگمانەوە دێ

و

دەغڵ و دانمان

چۆن پێ بگا !؟

و

خێرو بەرەکەت

بەئێمەش بگا

ئەم وڵاتە

خوا تیا حاکم نیە

" کەڵەشێر"ە کەیە

چۆنی بوێ

وا حوکم ئەکا

***

لەلای ئێمە

کەڵەشێرێک یەت و

کەڵەشێرێک ئەڕوات

داپڵۆسێنەر

هەر یەکەو

نابێ بەدوان

دەسەڵاتێکی چەپ ئەڕوخێت

و

دەسەڵاتێکی راست

پەلامار ئەدرێت

و

ئەوەی کە تیا ئەچێ

پێ ی ئەڵێن، ئینسان

***

کاتێک

کەڵەشێرەکە

بەپەڕی پوخت و رەنگاو ڕەنگ

ئەڕوات

سەرشانی رازاوەتەوە

بە

خەڵات وئەستێرەی

رزگاری  و جەنگ

هەر مریشکەو هاوارێتی

جەنرڕاڵی ناو جێ و

قارەمانی مەیدان

تۆ خۆشەویستی لامان

کۆیلەیەکت ناوێ ؟

نۆکەرێکت ناوێ ؟

پشت شێلانێکت ناوێ

گەورەی هەموان..!!

***

کاتێک حاکم




چیرۆکەکەی بیست

فەرمانی سەبڕینی

کەڵەشێرەکەی دەرکرد

بەدەنگێکی پڕ لەتوڕەیی

هاواری کرد

چۆن " کەڵەشیرێک "ی گەڕەک

دەسەڵاتی منی «حاکم "

ئەبا بۆ خۆی ؟

چۆن جورئەتی کرد !

لەکاتێکا

تەنیاو بێ شەریکم

منی « حاکم «

# نووسینەکانی
# سەر دیوارەکانی مەنفا...

١

خانمەکەم

ئەم سەردەمە قبوڵ نەکراوەت

چۆن بۆ باس بکەم

وەسف کردنم لە بیر کردوە..

وام ئەزانی ووشە ماڵمە

ئەوان دەرگاەیان دزی

بنمیچەکەیان دزی

لاپەڕە سپییەکانیان لێ دزین

ووشەکانیان لێ دزین

چی بخۆین.....؟



چی بخۆینەوە...؟
چۆن دەربارەی خۆمان
هەست دەرببڕین..!
خانمەکەم......
ئێمە داپڵۆسین ئەخۆین
ئێمە خانمەکەم
ترس ئەخۆینەوە
خانمەکەم، بۆ کوێ بچین..؟
لە شەقام پەڕینەوە، مەترسییە
سوار بوونی مەسعەد، مەترسییە
ئۆتۆمۆبیل..ماتۆڕ..فڕۆکە
شوێنێک نەماوە «نووسەر» لێی دانیشێ
چاخانەیەک بەدی ناکرێ...!
نیوەی ڕستەکە وا لە گۆڕستان
نیوەی بیرۆکەکەش لە بیمارستان
«««««««»

٢
خانمەکەم...:
کاتێ بڕیاری کوشتنی گۆرانی بێژەکەی ئەدرێ
لە ئایدیای  شۆڕش، چی ئەمێنێ...؟
کاتێ جگەر گۆشەکانی خۆی ئەهاڕێ
چی لە ووشەکانی شۆڕش، ئەمێنێ ..؟

کاتێ دەوڵەت لە بۆنی گوڵ بترسێ
هەموو لەوەڕگاکانی بسووتێنێ
............چی ئەمێنێ..؟
کاتێ لە ڕۆژهەڵاتن بترسێ
و
پەڕی کەنارییەکان دەرهێنێ. .....،
چی لە فەلسەفەی شۆڕش ئەمێنێ....؟!
کاتێ شۆڕش میز بکا بەسەر
ووتەکانی پەیام بەرەکانی
چی ئەمێنێ....؟
چی ئەمێنێ....؟
«««««««

٣
خانمەکەم...
لێم ببورە بۆ چاوەکانت
شیعرێکم نەنووسی ،
مۆسیقا ژەنەکە، ژەنینی
لەبیر جووە ،
خانمەکەم چۆنم خۆش بوێ
کاتێ
ئاسایشی دەوڵەت
خەوەکان ئەگرێ




و

کەسانی عاشق

بۆ : مەنفا ئەنێرێ...!!

«««««««

٤

خانمەکەم......،

جاران : دێڕ بە دێڕ

پیت بە پیتی

لەش و لارتم ئەخوێننەوە

جاران لە مەمکەکانتا

ئاگرم دائەگیرسان

و

لە نێوانیانا

شمشێرێکم ئەچان

بەڵام ئەمڕۆ مەمکەکانت

لە تەلبەنگی مەنفا ئەچێ

خانمەکەم..

خۆشەویستە تاقانەکەم....:

چۆن کردەی خۆشەویستی بکەم

کە تامی سێکس

لە تامی مەنفا ئەچێ.......!!

««««««««

٥

خانمەکەم...

چۆن بەرنگاری ئەم

سەردەمی کۆیلایەتیە

و

ئەم ڕقە لە مێژینەیە

و

ئەم کوشتنە خوڕاییە

و

ئەم زەبر و زەنگە، بکەم...!!؟

چۆن ئەم. :

هەڵکشانە ( نا ) نەتەوەییە

و

ئەم بۆچوونەی لەت لەتکردن

و

ئەم بارانە ئاگراوییە

و

ئەم خوێن ڕشتنە ، بوەستێنم....!!؟

چۆن ئەوەی تێی کەوتووین

دەرببڕین....!

چۆن ئەو کەسەرەی لە ناخمانایە

دەرببڕین....!

چۆن ئایەتی « زیکر « لەسەر لاشەمان





بخوێنین....!
ئاسایشی دەوڵەت داوامان لێ ئەکا :
پێنەکەنین....
نەگرین.......
نوتق نەکەین...
عاشق نەبین....
دەست لە لەپی دەستی ژن نەیەین
کوڕممان نەبێ
نامە نەنێرین...........................
هیچ کتێبێک نەخوێنینەوە
جگە لە هەواڵی کەش و هەوا
و
نهێنییەکانی چێشت لێنان
ئەمانە : یاسای مەنفان
‹‹‹‹‹‹‹»

٦
خانمەکەم... :
چیبکەم گەر دایکم هاتە خەوم. ؟
چیبکەم گەر قاورمەی سلێمانی
بانگی کردم ؟
و
میوەی شارباژێر گلەیی لێکردم. ؟
چیبکەم گەر سێبەری باوکم گەڕایەوە لام
و

وەک پۆلێک کۆتر
دڵم پەنای بۆ چاوەکانی برد ؟
خانمەکەم :
کاتێ خۆر ڕووبەڕوی فەرمانی
لە سێدارەدان ئەبێتەوە،
چۆن شیعرێکت پێ بڵێم
چۆن پەخشانێکت پێ بڵێم
خانمەکەم..........
چۆن بێ ووتن
پێت بڵێم.........؟!!
«««««««

٧
خانمەکەم ....:
کاتێ خۆر ڕووبەڕوی لە سێدارە دان ئەبێتەوە
چۆن مژدەی ( ئازادی ) بەم...!!
چۆن بێ خواردن، نان بخۆم ؟
خانمەکەم ،
من پیاوێک نیم، هیچ ڕۆژێ
دەرچووی هیچ بارێکی
دەسەڵات بوو بێ
یان
مەیمونێکی ناو مەیمونەکانی
وەزارەتی « ڕۆشنبیری « !!
بوو بێ.................




خانمەکەم. :
من پیاوێک نیم لە پشت پیتەکانەوە
کەس فریو بەم
یان
لە ناو عەبای هیچ مەلایەکا
خۆم مەڵاس بەم
خانمەکەم. :
گوێی مەیەرێ................
من ئەزانم
چۆن لەسەردەمی ،. قەزەمەکانا
« گەورەیی « خۆم، ڕاگرم
گوئێ مەیەرێ................
«‹‹‹‹‹‹‹‹‹
٨
خانمەکەم ،
گوێی مەیەرێ
هەر خۆشم ئەوێیت
تا « تونێل « ێک لە ژێر دەریایا
دروست ئەکەم
و
کون ئەکەمە دیوارەکانی مەنفا
گوێی مەیەرێ،،،
مەنفا لە دارستانەکانی کلی ڕەشا
بە مەنفا
نا ژمێرێ

# مردووەکانی نیشتمان
# بۆ کوێ ئەچن...!!

وەک سەگی سەرجادەکان
بە ڕێکەوت ئەمرین
و
ناوی خاوەن بڕیارەکان
نازانین....
و
ئەمرین و باس لەوە ناکەین
بۆچی ئەمرین..؟
کەی ئەمرین.....؟
ڕۆژێک بە گوللەی راست ئەمرین

و

ڕۆژێک بە گوللەی چەپ

لە شەڕ و ئاشتیا

لە خەفەتا ئەمرین

و

ڕووخساری بکوژەکانمان لەبیر نایە

و

ناوی ئەوانەی ئەمان نێژن لە بیر نایە

لە ساتی مردنا

جیاوازی لە نێوان ڕەش و سپیا نیە

‹‹‹‹‹‹‹‹‹»

وولاَتێک

شارەزا لە نووسینی شیعری ماتەم

درێژە ئەکێشێ

لە نێوان گریان و گریانا

وولاَتێک

هەموو ئاسەوارەکانی

هەر کەربەلایە...

‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹»

وولاَتێک

خۆی بۆ سەفەر

حازر ئەکا

نە شۆستەی هەیە

نه شەمەنەفەر

«««««««

وو‌ڵاتێک

بە پاژنەی پێڵاو بەرێوە ئەچێ

بێ زانا

بێ پەیامبەر

بێ کتێب

گەل تیایا

شێوەی مێش وەرئەگرێ

وو‌ڵاتێک، دەمانچە تیایا

گفت و گۆ بەرێوە بەرێ

وو‌ڵاتێک... ترس ئەیچنێ

کوردایەتی !! وەک سزا وایە

لەش فرۆشی بە پاکیزەیی

بەزین بە سەرکەوتن ئەژمێرێ

«««««««

وو‌ڵاتێک

بیر و باوەڕ لەسەر عەرەبانەی سەوزە

بە کارتۆن کەووتوە

پەرەگرافەکانی گەرەنتی

ئازادی ڕا دەربڕین، وەکو توور

لەسەر عەرەبانەی سەوزە

نیشان ئەدرێ..





قەسیدەکان نیمچە ڕووتن
شەوانە لای هەر سەرکردەیەکن
و
هەموو سەربازەکان ڕازی  ئەکەن
و
بەیانیش وەک لەشێکی بۆگەن
لەسەر عەڕەبانەی سەوزە
فڕێ ئەدرێن
‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹»
وڵاتێک بێ وڵات
لە نێوان ئابڵۆقەیەک و ئابڵۆقەیەک
شوێنی شیعر لە کوێیە
نووسین لە شارەکانی نیشتمان
وەک کارێکی خۆکوشتن وایە
‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹»
وڵاتێک
لە بێزاریا
درەختەکانی ئەپاڕێنەوە
بۆ پاس پۆرتێک
‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹»
بۆ وڵاتێک ئەگەڕێم
کە نایەت
لە(زمان)ێکا نیشتەجێم

هیچ دیوارێک نابینم

‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹»

وولاتێک

له قەسیدەیەکی شیعری بترسێ

و

له مانگه شەو کاتێک

قژی دەمەو ئێواره دائەهێنێ

بترسێ...

و

به پۆستی سۆزداری و چاوی ژنان

له ئاسایشی خۆی ...بترسێ

‹‹‹‹‹‹‹‹‹»

مردووەکانی نیشتمان بۆ کوێ بچن

که هەموو موڵکەکان

بۆ پاسەوانەکانی سەرۆک

بۆ چێشت لێنەرکانی سەرۆک

دانراون

هی ئەوانەیە که :

سنگ و پشت و وورگی سەرۆک

بەزەیت ئەشێلن

و

بۆ ئەوانەیه که مەنجەڵه ماستی بۆ هەڵئەگرن..!!

ئەی ئەوانەی لەشەڕەکانی سەرۆکا





پێکران..سەقەت کران
کە شوقەیەک بۆ نیشتەجێ بوون
شک نابەن
بۆ کوێ بچن...!!
«««««««»
گەر مردنمان
لەپێناو کارێکی مەزن بوایە
بە پێکەنینەوە ئەچوین بۆ مردنەکانمان
و
گەر مردنمان لە پێناو شانازییەک بوایە
پێش هەمووان
ئەگەشتینە
بەهەشتی ئیمانداراەکان
بەڵام بڕیار وایە بمرین
تا دەسەڵات و
کاسەلێسەکانی دەسەڵات و
بەردەستەکانی دەسەڵات
بمێنن
و
وەک پەیکەری لە هەویر دروست کراو
هەر بمێنن...
««««««««»
لێرە بەهەزاران ئەمرن

و

یەک توک قژی سەری

سەرۆک، ناجوڵێ

نەمئەزانی خۆ سەپێنەرەکان

بە حاسیبەش

لەشیان ئەخورێ

‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹»

ئەمەوێ بە شیعر

شەوقی رۆژ

و

گیای کێڵگەکان

و

ڕووناکی ئەستێرەکان بگێڕمەوە

و

گەنم

لە ژێر ئەم وێرانەیەیا

بچێنم

‹‹‹‹‹‹‹‹‹»

ئەمەوێ بە شیعر

کۆتایی بە سەردەمی دواکەوتن بێنم

تا سەردەمێکی تازە

لە گوڵزار

و

گوڵە هەنار
دروست کەم
«««««««««
ئەمەوێ بە شیعر
سەردەمێک بتەقێتەوە
و
گەردونێک بگۆڕێ
و
ئاگرێک بکەوێتەوە
««««««««««
گەڕام بۆ مەولەوی
بەڵام لە عیزەتی نەفسا
نەمبینی
زۆر بە دوای شانازیا
گەڕام
بەڵام لەسەردەمی کۆیلەکانا
جگە لە گوڵزار و گوڵە هەناری
بچوک ..بچوک
چی ترم نەدی...

# فایلی ئەتك كردنێكی سیاسی

بمانبورن،

كە تۆزێک جوێنمان پێ یان

و

دڵمان ئیسراحەتی كرد

كتێبە مێژووییەكان

هیچیان بۆ ئێمە نەكرد

سەرگوزشتەی باو و باپیرانمان

هیلاكی كردووین

كە تا ئێستاش باس

لە كوەردایەتی !! ئەكەن

بۆیە :

هەرێمێكی لە تەختە دروستكراومان

دۆزییەوە،،،

زمانێکمان لە تەختە

دۆزییەوە،،،

قسەی بێ مانامان

دۆزییەوە،،،

بمانبورن

کە سیلەی ڕەحمی نێوانمان

بچڕان

بمانبورن

کە وامان کرد

«««««««

گەورەکانمان

بمانبورن کە هەزاران

ساختەچیمان خستە سەرشان

هەرلە دایک بوونمانەوە

خوێنیان ڕژانین

هەزاران پۆلیس

تەقەیان لە نووسینەکانمان کرد

بەڵام نەکەوتین

بۆ ئەوەی ڕێگری لە چونە پێشوەمان

لێ بگرن

ویستیان قاچمان ببڕنەوە

بەڵام هەر بە پێوە

وەستاین

بۆ ئەوەی قەڵەم نەگرین

بەدەستمانەوە

دەستیان بڕینەوە

بەڵام بەردەوام بووین

لە نووسین

ویستیان باوەڕ بکەین

کە شیعر ووتن : کفرە

بە هەزاران جار

.....کفرمان کرد

«««««««««««

بمانبورن

گەر جارێک باو و باپیرانمان

لە ناو برد

و

گومانمان

لە بابان و کاوە و ماد کرد ..

بمانبورن

لەو شیعر و دەقانەی

لەبەرمان کردوون

گومانمان کرد

لە باسی خەنجەر و ڕم

و

**هەبوو و  هەبووین**

**گومانمان کرد**

**بمانبورن**

**لە ناوی هەموو سەرانی**

**مێژوومان ڕامان کرد**

**جارێک نەبوە**

**چای ئەوانمان نەخواردبێتەوە**

**و**

**دواتر نەخنکابین**

**جارێک نەبوە**

**داوامان نەکردبێ بە دەنگمانەوە بێن**

**و**

**تەریق نەبوبینەوە**

**مێژوومان، هەڵبەستراوە**

**بمانبورن**

**هەرچیەکمان خوێند بێ**

**بییرمان چۆتەوە**

**بمانبورن**

‹‹‹‹‹‹«‹‹‹‹›»

**بمانبورن**

**بێ مۆڵەت چوینە ناو کۆشکەکانتان**

**و**

**چوینە دیوەخانی حوکم**

و

هۆڵی ئاوێنەکان

و

لە هەموو لایەکەوە بۆنی

لەش و لاری

بە عەتر ڕژێنراومان کرد

لەسەلاجەی سوڵتانا

گۆشتی تازەی هەمە جۆرمان

بەدی کرد

بمانبورن

گەر دەست درێژیمان

کردە سەر موڵکەکانتان

و

زۆرترین ژمارەی هاوسەرەکانتمان

دەرکرد...

بمانبورن

گەر تەریق بوینەوە

ڕقمان لە خۆمان بۆوە

ڕقمان لە پێستمان بۆوە

و

ئێوەمان تەخت کرد

و

خۆشمان کوشت...





‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹»

**بمانبورن**

**کە جارێک مەستبونتانمان**

**تێک یا**

**بۆ رۆژێک « ویسکی» مان**

**لێ دزین**

**و**

**دەمی زامەکەنمان کردەوە،،،**

**بمانبورن**

**کەمێک « ڤیدیۆ « کەمان**

**لێ دزین**

**تا مەرگی خۆمانتان**

**نیشان بەین**

**ئێمە بە دوای کەسێکا**

**ئەگەڕێین**

**ناوی « مەولەوی» یە**

**رۆژێک لە رۆژان**

**زمان حاڵمان بوو**

**دەرکەوت کە بە دەستی**

**پارێزەرانی ئاسایش و ئارامی**

**لە ناو چوو !!**

**گوللەیەکمان بە سەرییەوە دی**

**گوللەیەکمان بە ڕیشییەوە دی**

گوللەیەکمان لەسەر دڵی دی

و

گوللەیەکی ترمان

لەناو دڵی خۆمانا دی...

‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹«

بمانبورن

گەر ڕۆژێک دەست درێژیمان

کردە سەر» کچێنی « ووڵات

و

زۆر دڕندانە ئەتکمان کرد

و

دڵمان ئاوی خواردەوە

و

وەک گورگ گازمان لە دەستی گرت

و

باوک و دایکیمان

بە لەعنەت کرد

و

فەرمانمان بۆ گەل دەرکرد

کە گۆشتی تازەی بێ تاوانی

ئەو بخۆن

بمانبورن

گەر کەمێک لە خۆمان دەرچووین





و

وەک مناڵی برسی

هەڵس و کەوتمان کرد

و

لە خوێنی ووڵات

دەریامان خواردەوە

و

خەومان لێ کەوت...

«‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹

بمانبورن

میزمان کردە سەر

هەموو پەیکەرەکانی شار

میزمان کردە سەر

هەموو ئەو وێنانەی

پۆلیس بە تورەییەوە

بە هەموو دوکانەکانی شارا

هەڵیانواسی....

میزمان کردە سەر

هەموو ئەو دروشمانەی

مناڵانی شار

بە قۆچە قانی ئەیهاوێژن

بمانبورن

کە وەک « مەڕ «

لە پاپۆڕێکا

ساڵ بە دوای ساڵ

بەسەر هەموو کیشوەرەکانا

ئاوارە بووین

لە ناو هەموو بازرگانە سیاسیەکانی کوردا

یەکێکمان نەدی

نە گیامان باتێ

نە بمانکڕێ

لە ناو هەموو ژنە جوانەکانی کوردا

یەکێکمان نەدی

نە عاشقمان بێ

نە سەرکردەمان بێ

لەناو هەموو

شۆڕشگێڕەکانی کوردا

یەکێکمان نەدی

چەقۆیەکمان پیا نەکا..!!

«««««««

بمانبورن

بمانبورن کە:

هەموو شتێکمان قبوڵ کرد

و

هەموو شتێکمان شکان

و





هەموو شتێکمان هەڵکێشا

و

ناوی خۆمانمان بۆ فڕێ یان

سنوورەکان

قبوڵیان نەکردین

بەندەرەکان

قبوڵیان نە کردین

و

فڕۆکەخانەکانی شەو و ڕۆژ

پێشوازی لە باڵندە ئەکەن

قبوڵیان نەکردین

لە هەموو شوێنێکا

بە خۆری داپڵۆسین

سووتاین

بمانبورن

کە تف لە سەردەمێک بکەین

کە هیچ ناوێکی نیە....

بمانبورن

گەر کفرمان کرد

لەسەر دەمێکا

کە هیچ ناوێکی نیە

کفرمان کرد

بمانبورن....

# کەی وەفاتی
# «میللەت» ڕائەگەیەنن..!

١

لە منالْیمەوە ئەمەوێ

وێنەی وولاتێک بکێشم

« ئەگەر وا ناو بنرێ «  بە :

بە وولاتی کورد ناو ئەبرێ

کە لێم ببورێ گەر شوشەی مانگم شکان

و

سوپاسم بکا گەر قەسیدەیەکی

خۆشەویستیم نووسی...

و

ڕێگەم با وەک هەموو چۆلەکەکانی

سەر درەخت،



بۆکردەی خۆشەویستی، جووت  بم
ئەمەوێ وێنەی وولاتێک بکێشم
فێری کردم، هەردەم
لە ئاستی عەشقا بم
هاوینان عەبای خۆشەویستیت بۆ ڕاخەم
لە باران بارینیشا
کراسەکەت بچۆڕم
«««««««»

٢
ئەمەوێ وێنەی وولاتێک بکێشم
پارلەمانێکی لە نێرگس  و
گەلێکی ناسکی نێرگس ئاسا هەبێ...
کۆترەکانی لەسەر سەرم بنوون
و
مەنارەکانی لە چاوما بگرین
ئەمەوێ وێنەی وولاتێک بکێشم
هاوڕێی شیعر بێ
و
خۆی هەڵنەقورتێنێتە بیر کردنەوەکانم
و
چەکدارەکان بەسەر ناوچەوانما نەڕۆن
ئەمەوێ وێنەی وولاتێک بکێشم
گەر شیعرێکم نووسی خەڵاتم کا

و

گەر ڕووباری «شێتێ» تیم

بوو بە لافاوێ......

لێم ببورێ

‹‹‹‹‹‹‹‹‹«

٣

ئەمەوێ وێنەی شارێک بکێشم

لەهەموو گرێ کوێرەکان، ڕزگارکرا بێ

« مێ» یەتی تیا سەرنەبڕێ.... و

لەش و لار دانەپڵۆسێنرێ ......

‹‹‹‹‹‹‹«

٤

باکور گەڕام

باشور گەڕام

و......هیچ سودێکی نەبوو

چای هەموو چاخانەکان، وەک یەک بوو

هەموو یەک بۆنیان هەیە

و

پیاوانی خێڵ خواردن ناجوون

و

بەیەک سانیە ئافرەت هەڵئەلوشن

‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹«



٥

لەسەرەتاوە، هەوڵم یاوە

لە یەکێکی تر نەچم

قسەی « قوتوو « م  قبوڵ نەبوە

پەرستنی هیچ « بت « ێکم قبوڵ نەبوە

«‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹

٦

ئەمەویَ هەموو ئەو دەقانەی

لەبەرمایە، بسوتێنم

هەندێک قەسیدە قەبرن

و

هەندێک زمان، کفن

و

لەگەڵ دوا « مێ» یا ڕێککەوتم

بەڵام دوای تێپەڕ بوونی زەمەن

.......................گەیشتم

«‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹

٧

ئەمەویَ خۆم لە دەستەواژەکانم

و

زمانی ڕستە  و  ووشەی لێکنراو

پاک بکەمەوە....................

خۆم لە تەپ و تۆزم، بتەکێنم

و

به ئاوی باران دەم و چاو بشۆم

ئەمەوێ لە دەسەڵاتی شاخ

بکشێمەوە

ئیتر : ماڵ ئاوا خێڵ

ماڵ ئاوا  بابان

ماڵ ئاوا  ووڵات

«««««««««»

٨

ئەمەوێ وێنەی ووڵاتێک بکێشم

شوێنی خەوم جێگیر بێ

شوێنی سەرم جێگیر بێ

تا جیاوازی نێوان،

پاپۆڕ  و ووڵات بزانم...

بەڵام « ئەوان « زەرفی وێنەکەیان لێ سەنم

نەیان هێشت سیمای ووڵات

.........................بکێشم

««««««««««»

٩

لە مناڵیمەوە، ئەمەوێ

کەش و هەوایەکی  نێرگس ئاسا

دروست کەم

و





له هەموو مێژووی کوردا
بۆ پێشوازی له عاشقان
یەکەم « ئوتێل «ی خۆشەویستیم
دامەزران.........
هەموو جەنگەکانی نێوان ژن و پیاو
و
نێوان کۆتر و ئەوانەی سەریان ئەبڕن
و
نێوان بۆرەک و ئەوانەی سپێتی بۆرەک زامدار ئەکەن
هەڵوەشانەوە.........
بەڵام، ئوتێلەکەیان داخستم
ووتیان :
خۆشەویستی نا لایەقە
بە ڕابردووی کورد
و
بە پاکێتی کورد
و
بە میراتی کورد
« ئای لەسەیر و سەمەرەیی کورد...!! «
‹‹‹‹‹‹‹›»
١٠
ئەمەوێ شێوەی ووڵات

بێتە بەر چاووم

ئەمەوێ بچمەوە یەکەم شوێنم لای دایکم

و

دژی ئاوی ڕۆژگار مەلە بکەم

و

هەنجیر و قۆخ و گوێز، بدزم

و

وەک چۆلەکە بە داوی

پاپۆڕەکانا بفڕم..........

ئەمەوێ بەهەشتی سەر ئەرز بێنمە

بەر چاووم

و

چۆن پشووم لە نێوان دەریا دابەش بوەکان

و

دەریاکانی ماست بەسەر بەرم...............

کاتێ هاتمەوە سەرخۆم

تێک شکانی خەوەکەم بۆ دەرکەوت..!!

لە ئاسمانی ئێمەیا مانگ نیە  و

لە سیروان ماسی نیە  و

لەبەهەشتی سەر ئەرز

چا نیە..........

«‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹





١١

ئەمەوێ بە شیعر

دەست بەسەر مەحاڵا بگرم

و

دارتوویەک بچێنم

بەڵام لەم وڵاتەی ئێمەیا

قژی دار توو ئەبڕن

ئەمەوێ ئەسپی ئێرە بکەمە باشترین ئەسپ،

بەڵام خەڵکی شار لە ئەسپ

.....بێزارن

«‹‹‹‹‹‹‹‹

١٢

خانمەکەم :

ئەمەوێ لە دەرەوەی هەموو

کەش و هەوایەکا

لە دەرەوەی هەموو دەقێکا

و

لە دەرەوەی هەموو شەریعەت و ڕژێمێکا

خۆشم بوێیت

ئەمەوێ...:

بۆ هەچ مەنفایەک چووم

خۆشم بوێیت

تا ڕۆژێک خستمیتە باوەشم

هەست بکەم، خوڵی ووڵات

وا لە باوەشم

«««««««««««

١٣

لە منالْیمەوە، ئەمەوێ هەرچی

کتێبێک دەربارەی :

پەیامبەری کورد

و

فەرمانڕەوەکانی کورد

و

شاعیری کورد

هەیە، بیخوێنمەوە

« زۆر بە دەگمەن نەبێ» تەنها ئەو قەسیدانەم دی

کە لە پێناوی پارویەک و چەن هەزاریّ

قاچی « خەلیفە» ئەلێسننەوە

« ئای چەن سەیر و سەمەرەیە کورد..!! «

هەر خێڵم بینی کە جیاوازی

لە نێوان گۆشتی ژن و پیاوی بێ توک ناکەن !!

هەر ئەو ڕۆژنامانەم دی

کە جلی ژێرەوەیان، بۆ هەموو سەرۆکێ

کە لەغەیبەوە هاتبێ

و

هەر ئەفسەرێک بەسەر لاشەی





میللەتا بێت و بچێ

و

هەر بازرگانێ  بە ئاسانی

ئاڵتون بخاتە سەر یەک ،

دائەکەنێ......................

ئای چەن سەمەرەیە !!!

«««««««»

١٤

پەنجا ساڵە

سەیری حاڵی کورد ئەکەم،

ئەبن بە هەورە تریشقە و

باران نابارێنن

ئەچنە شەڕەوە  و

هاتنە دەرەوە لێی نابینن

««««««»

١٥

پەنجا ساڵە

ئەمەوێ وێنەی وولاتێک بکێشم

جارێک بە ڕەنگی دەمارەکان

و

جارێک بە ڕەنگی « تووڕەیی «

وێنەم کرد..

کە تەواو بوو  لە خۆم پرسی  :

گەر ڕۆژێک وەفاتی کوردیان ڕاگەیان،
لە کام گۆڕستان ئەینێژن..!
و
کێ بۆی ئەگری............!
و
نە کوڕیان هەیە نە کچ
نە هیچ غەم و
نە هیچ کەسێکی غەمبار
«‹‹‹‹‹‹‹‹‹»
١٦
لە سەرەتای شیعر نووسینمەوە
ئەمەوێ نێوانی خۆم و باپیرە گەورەکانم
بپێوم
لەشکرم دی، لەشکریش نەبوو
سەرکەوتنم دی، سەرکەوتنیش نەبوو
و
هەموو جەنگەکانم
لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن دی
کوژراو لەسەر شاشە
بریندار لەسەر شاشە
و
سەرکەوتنێکمان لە خواوە بەڕێوەیە
..................هەر لەسەر شاشە
«‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹»



١٧

ووڵاتەکەمیان

کردوە بە ئەڵقەی دڕامای  ترس

هەموو ئێوارەیەک سەیری ئەکەین

گەر کارەبایان لێ بڕین

....................چۆنی ببینین ..!؟

‹‹‹‹‹‹‹‹»

١٨

دوای پەنجا ساڵ

ئەمەوێ ئەوەی دیومە، تۆمار کەم

میللەتێکم دی، پێی وایە

پیاوانی « پاراستن»ی !! نیشتمان :

وەک سەریەشە.......

وەک هەڵامەت.......

وەک لەش خوران....

وەک سورێژە..........

ئیرادەی خوایە !

لە مەزاد خانە، کوردایەتیم

بۆ زەم کردن بەسەرا، دی

بەڵام کوردم خۆی...نەدی

# سولتان ...

((باک گراوند و زادەی بیری ئەم شیعرە
" السيرة الذاتية لسياف عربی" يە يە...))

١

خەڵکینە..
من سولطانی ئێوەم
دوای رێ وون کردن
بتەکانتان بشکێنن
و
بمپەرستن.....
من زوو زوو دەرناکەوم
لە سەر شۆستەی چاوەروانی



دانیشن
تا خەو ئەتانباتەوە
و
دوا تر یەمە بەر چاوتان
منالّەکانتان بێ شیرجێهێڵن .
..ژنەکانتان بێ پیاو جێهێڵن
و
دوامکەوون....
شوکری نیعمەتی خوا بکەن. ...
کە منی ناردوە
مێژوو بنووسمەوە
بێ(من) مێژوو نانووسرێتەوە
من لە " چاکەیا" ئەسحابەیەکم
بۆ خۆم....،،
جگە لە من
پەروەردگار قژێکی ماش و برنجی
وەک ئەوەی منی نەخشانوە ..
و
ناوچەوانێکی پێغەمەرانەی
وەک ناوچەوانی
.... منی نوورانی نەکردوە
چاوەکانم دارستانی گوێز و میوەن
بەردەوام نوێژ بکەن

تا خوا چاوەکانم بپارێزێ...

خەڵکینە:

من فەرهادی شیرینم

ژنەکانتان بنێرن

تا سکیان لە من پڕ بێ

مێردەکانیشتان بێرن

تا سوپاسم بکەن!!

مایەی شەرەفە

گەنمی لەشم بخۆن

مایەی شەرەفە

میوەم لێ بکەنەوە

مایەی شەرەفە

لە من بچن..

چونکە من

ڕوداوێکم هەزارانساڵە ..

ڕووی نەیاوە...

«««««««««««««

٢

خەڵکینە؛

من داپەروەرتین

و

جوانترینی هەموو دەستەڵاتدارەکانم..

من شەوقی مانگ..




و سپێتی بەفری کوێستانم..
من باشترین پەیامبەر ..و ..
داهێنەری یەکەم سێ دارەم
هەر کە بیر لە جێهێشتنی کورسییەکەم
ئەکەمەوە
بە دەم ئازاری ویژدانمەوە ..
ئەتلێمەوە
دوای من کێ حوکمی ئەم
خەڵکە باشە بکا
کێ شەل و کوێر و گەوج
چارەسەر بکا؟
ئەی کێ ئێسقانی
مردوەکان بژێنێتەوە!
کێ شەوقی مانگ..
لە گیرفانی پاڵتۆکەی دەرهێنێ..؟
کێ باران ببارێنێ.....
ئەی کێ ئەم خەڵکە دارکاری بکا
و بە دارا هەڵیانواسێ..!
کێ ناچاریان بکا
وەک مەڕ و ماڵات بژین
وەک مەڕ و ماڵات بمرن
هەر کە بیر لە جێهێشتنی ....
ئەو خەڵکە ئەکەمەوە

غەرقی فرمێسک ئەبم

بۆیە..:

بڕیارم دا

پشت بە خوا

تا رۆژی قیامەت

سواری ملی» گەل»  بم

«‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹

٣

خەڵکینە :

وەک ئەسپ و کۆیلەکانم

من خاوەنتانم......

وەک فەرشەکانی کۆشکەکەم

بە سەرتانا ئەڕۆم..

لە هەستان و دانیشتنم..

سوجدەم بۆ بەرن

،،،، ... گەر رۆژێک لە نێوان

پەڕەکانی بەردەستما نەمدۆزینەوە

ووریا بن

هیچ کتێبێکم بۆ نە خوێننەوە ....

ئەوە منم

دەربارەی ئێوە ئەخوێنمەوە

ووریا بن

هیچ ووتارێک نەنووسن

ئەوە منم
دەربارەی ئێوە ئەنووسم
بە دزییەوە
گوێ لە گۆرانی نەگرن
چونکە ئاگاداری نیەتەکانتانم...
ووریا بن
تاوانێکی گەورەیە
بێ مۆڵەتی من
بچنە گۆڕەوە
کە قسەم کرد بۆتان
بێ دەنگ بن
چونکە قسەی من
پیرۆزە وەک قورئان
«‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹‹»
٤
خەڵکینە
چاوەڕێم کەن،من حەزرەتی مهدی ئێوەم
هەموو ئەو سروودانە بوەستێنن. ......
کە مناڵان
بەسەر نیشتیمانا ئەیڵێنەوە
چونکە ئێستا
منم نیشتمان
من تاک و نەمری..

هەموو زیندەوەرەکانم
من ناوەرۆکی میوە و
مۆسیقا و هەموو بەستەکانم
لە هەموو کون و قوژبنێکا
وێنەکانم هەڵواسن
بە ستایش و پیا هەڵدان،
دامپۆشن..
گەنجترین ژنم بۆ بێنن
چونکە من پیر نابم
لەشم پیرنابێ
زیندانەکانم پیر نابن..
دەزگاکانی داپڵۆسین
... لە وولاتەکەم پیر نابن
خەڵکینە :
گەر دەمامکی دەم و چاوم
لابەم
......ئەمناسنەوە...
چونکە جەنگیزخانی لاشەتانم
..... بە قەمە وسەگ و زیندانەکانم
بە توند و تیژیم
بێ تاقەت مەبن
بۆ ئەوەی نەکوژرێم
من ئەکوژم



بۆ ئەوەی هەڵنەواسرێم
خەڵک هەڵئەواسم
بە کۆمەڵ ئەتان نێژم
تا ئێوە
.......نەمنێژن
«««««««««««««««»
٥
خەڵکینە..
ئەو رۆژنامانەم بۆ بکڕن
کە باسم ئەکەن..
پەڕەی سەوز و زەرد
لاستیکی خەت کوژاننەوە
چاپخانەم بۆ بکڕن
کەناڵی راگەیاندنم
بۆ بکڕن
لەم روژگارەیا هەموو شتێک
ئەکڕێت
تەنانەت( پەنجە)ش ئەکردرێت
لە بەر دەما
میوەی بیر و باوەڕ دابنێن
شاعیرێکم بۆ لێ بنێن
بۆم بخەنە
لیستی خواردنەکانم
من نەخوێنەوارم

گرێ کوێرەی ووتەی شاعیرەکانم
هەیە....
ئەو شاعیرانەم بۆ بکڕن
کە ستایشم ..ئەکەن
بمکەن بە ئەستێرەی
بەرگی هەموو چاپکراوەکان..
ئەستێرەکانی دانس و شانۆ..
هەرگیز لەمن جوانتر نین
من چیم بوێت :
بە دراوی قورس ئەیکڕم
دیوان و سرودی هەموو
شاعیرەکان، ئەکڕم
چونکە قاسەکانی"ماڵی موسڵمانان "
میراتیەکی!کۆنی باوکمە.......
بە ئاڵتون و نەوت
لە سەر هەموو کتێبەکان بنووسن
کە سەردەمی من
سەردەمی باشترین خەلیفەیە
......................
٦
گەلە دڵسۆزەکەم..
من ئەو ڕۆحە پاکەم
کە هاتووم لە تەپ و تۆزی



نەزانین، پاکتان کەمەوە..

دەنگم لەسەر هەموو کاسێتەکان

.. تۆمار بکەن

تۆنی دەنگم

وەک (سێوە) و (کوردستانی )یە

بە زەردەخەنەوە،

ڕەسمم بگرن

کە بە دان شیعر ئەکرۆژم

رەسمم بگرن

کە خوێنی پیتەکانی « ئەلف و بێ «

هەڵئەمژم،رە سمم بگرن

رەسمی باڵاو قامەتم بگرن

بە جلە خاکیەکانمەوە

رەسمم بگرن...

کە بزنە کێویەک

یان ئاسکێک راو ئەکەم

رەسمم بگرن...

کاتێک بەرەو دوا مەنزڵگا تان

ئەتانخمە سەر شانم..

رەسمم بگرن

‹‹‹‹‹‹‹‹‹»

٧

خەڵکینە

کە خەو ئەبینن

من بەر پرسی خەوەکانتانم

..بەر پرسی هەر نانێکم ئەیخۆن

بەرپرسی ئەو شیعرانەشم

کە لە پشتمەوە ئەخوێنرێتەوە

لە ڕێی پیاوانی کۆشکەوە

لە هەموو هەواڵێک ئاگادارم

هەواڵی چۆلەکەکان

و

دار و درەختەکان

تەنانەت چی ئەگوزەرێ

لە سکی ژنە دوو گیانەکان

من پاسەوانی زیندانەکانتانم

لێم ببورن........

خۆشم زیندانی ئێوەم

لە ناو کۆشکەکەما

نەفی کراوم..!!

نە ڕۆژ، نە ئەستێرە

نە گوڵاڵەیەک ئەبینم

هەر کە بە مناڵی

کرام بە "سولطان"





دەس و دایەرەی دیوەخان
بە چواردەورما ئەخولێنەوە
یەکێکیان دەهۆڵ لێ ئەیا
یەکێکی تر شمشاڵ
یەکێکیان جوزەلە پاک ئەکاتەوە
ئەوی تر نەعل
هەر کە بە منالّی کرام
بە سوڵطان
هیچ راوێژ کارێک نەیوتوە: نەخێر
گوێم لە وەزیرێک نەبوە
بڵێ: نەخێر
سەفیرەکانم قەت بەرەو ڕوو
نەیان ووتوە: نەخێر
لە ناو جێگەی خۆشەویستیا
هیچ کام لە ئافرەتەکانم
نەیان ووتوە :نەخێر
فێریان کردم خۆم بە» خوا» ببینم
بمبورن کە بومەتە
هۆلاکۆی سەردەم
بە مەبەستی کوشتن
بۆ یەک ڕۆژیش کوشتارم
نەکردوە..
چونکە تەنها
بۆ “ خۆشی“ خۆم
...ئەتانکوژم

## سوپاسگوزاری و پێزانین

ئەمەوێ لە ناخی دڵمەوە س بەوپەڕی ڕێزلێنانەوە سوپاسی ئەم هاوڕێ خۆشەویستانە بکەم کە کەم و زۆر و بە شێوازی جیاواز هاوکار و یاریدەدەر بوون لە بەچاپ گەیاننی ئەم بەرهەمە:

- هاوڕێی خۆشەویست کاکە (دەوەند معروف) کە هەردەم غەم خۆر وهاوکار و دڵسۆزێکی بێ هاوتا بووە بۆم..
- مامۆستا (شێرزاد حسن) هاندانی ئەو لە ڕووی مەعنەوییەوە کاریگەری خۆی هەبوو لە کۆڵنەیان لە بەچاپ گەیاننی ئەم بەرهەمە..
- نووسەر و پارێزەر (د. چیا زەنگەنە) بە تێبینی و بۆچوونەکانی کارئاسانییەکی زۆری بۆ کردم..
- بە هونەرمەندی دیزاین ساز کاکە «هێمن یەحیا» کە ئەرکی دیزایینی بەرهەمەکەی بە پەرۆشی و دڵسۆزییەوە کێشا و بەرگێکی ڕەنگین و پڕمانا بەخش تری کردە بەری شیعرەکان.، سوپاسێکی بێ پایانی هونەرمدند کاکە «هێمن» بۆ هاوکاریکردن لە دیزاینی بەرگەکان،ماندووبوونیان لە بیر باکرێ..




- «ساکاری» هاوسەرم، که بە پاڵپشتیی ئەو بۆم، هەنگاوەکانی ئەم بەرهەمە ساکارانە ئەنرا.....
- هەموو ئەو دۆست و ئاشنایانەی بە تەنها ووشەیەک، تێبینییەک،ڕادەربڕینێک، هاوکار و هاندەرم بوون..
- سوپاس بۆ «نزار قبانی» کە ئەو زاتە نەبوایە ئەم بەرهەمە لە دایک نە ئەبوو......